

# سەرۆک

فەرۆخ نێعمەتپوور





# سەرۆک

٢٠١٧

زنجیرە چیرۆک

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

*سەرۆک وەک هەموو مرۆڤەکانی تر دەگری و ناهومێد دەبێ، بەڵام ناهێڵێ و ناهێڵن بینووسنەوە.*

**سەرۆک**

سەرۆک لە ناو پەناگاکەیدا لە کونی کێوێک، لە کاتێکدا بە دەمییەوە بە چیمەنتۆ و بتون چەند ژوورێکی تری لێ چێکراوە و بە سەدان تۆن گڵ و قوڕ و بەردی بە سەردادراوە، بە دەیان ساڵ دانیشتبوو و سەرکردایەتی شۆڕشگێڕانی دەورووبەری خۆی و ئەوانەی ئەو دیوی سنووری دەکرد.

سەرۆک کاسبی نەدەکرد، کەسیش نەیدەزانی لە کوێ ئەو هەموو پارە و پووڵە دێنێ. ئەو، رۆژ تا شەو، شەو تا رۆژ بە ناو ژوورەکاندا دەهات و دەچوو، کتێبی دەخوێندەوە، راپۆرتەکانی بەسەر دەکردەوە، لە پشت کامپیوترەکەی وتارەکان و دەستنووسەکانی رێک و پێک دەکرد، سەرکردەی حیزبەکانی تری دەبینی، لە گەڵ ئەندامانی حیزبەکەی خۆی کۆدەبووەوە و پاشان لە کۆنگرەکاندا وەک هەمیشە یەکەم

دەنگی دەهێنایەوە. ئەو، سەرکردەیەکی هەمیشەیی و نەمر بوو. وەک کێو بەرز، وەک هەڵۆ تیژفڕ، وەک کەڵەشێر سەحەرخیز، وەک ڕێوی زیرەک، وەک مێرووله بەمشور، وەک شێر شەڕانی، وەک کونەپەپوو نیگا سارد، وەک مرۆڤ ئاقڵ، وەک ماسیگر بە تەحەممول، وەک ئەسپ نەجیب و وەک قۆڕییە زەردە ون لە ناو کوێستاندا لە چاوی دوژمن بوو.

سەرۆک لە ناو کونی کێوەکەوە دەیزانی دوژمن غەددارە، دەیزانی دوژمن چەوسێنەرە، دەیزانی زیندانەکانی پڕن، دەیزانی هەموو ڕۆژێک کاتی سەحەر زوو چەندین کەس لە سێدارە دەدا، دەیزانی لە ناو خانووە تێک تەپیوەکاندا بە میلیۆنان خەڵکی هەژار و نەگبەت دەژین. هەر بۆیە ئەو لە ناو ئەو کونەوە بڕیاری شۆڕشی دەرکردبوو. ئەو لە ژێر هەزاران تۆن گڵ و قوڕ و بەردەوە دەیگوت تەنیا ڕێگا چارە، شۆڕشە. دەیگوت خەڵکینە ڕاپەڕن کە مەرگ باشترە لە ژیانی پڕ لە کۆیلایەتی و پڕ لە سەر شۆڕی. ئەگەرچی دەیان ساڵە خەڵک نە ڕاپەڕین و نە مەرگیان لە ژیانی کۆیلایەتی پێ باشتر بوو. کەچی سەرۆک بەردەوام لەم ڕاپەڕینە دڵنیا بوو. بەردەوام.

کاری سەرۆک ئەوە بوو ڕۆژانە ئەو کەسانە بژمێرێ وا بڕیاریان دابوو بێن ببن بە شۆڕشگێڕی دەوری خۆی، یاخود ناو و ژمارەی ئەوانە بەسەر بکاتەوە کە لە ناوخۆوە دەبوون بە شۆڕشگێڕ. سەرۆک بزەیەکی دەهاتێ و ئەوسا لەبەر خۆیەوە دەیگوت "سەرئەنجام ڕۆژێک ئەم ژمارانە ئەوەندە زۆر دەبن کە دەبن بە شۆڕش." لای ئەو پەیوەندێکی ڕازئامێز لە نێوان ژمارە و شۆڕش دا هەبوو.

شۆڕشگێڕەکانیش چەندە بە کەسایەتی ئەم سەرکردەیە سەرسام بوون، ئەوەی کە کەسێک بە دەیان ساڵ لە کونێکدا لە دڵی کێوێک بژیت و لەوێوە بێ ئەوەی کاسبی بکا و بێ ئەوەی گیانی بکەوێتە مەترسیی رۆژانەوە، بە بێ ئەوەی دەستی دوژمنی پێ رابگا، پرۆژەی شۆڕش بەڕێوە ببات. ئەوان بە سەرسامی لەبەر ئەو کونەدا رادەوەستان و، لە کاتێکدا سەیری ئەو هەموو گڵ و قوڕ و بەردەیان دەکرد کە هیچ تۆپ و تەیارەیەک لە بنی نەدەهێنا، باوەڕیان بەوە دەهێنا کە لەم کونەوە نەبێ پرۆژەی شۆڕش هیچ کاتێک سەرناگرێ. تەنیا لەم کونەوە.

هەڵبەت سەرۆک هەمیشە لێو بە بزە نەبوو. جاری وابوو لەو کونەدا زۆر توڕە دەبوو. کەفی دەپژاند و بە زەمین و زەمان جوێنی دەدا. ئەویش کاتێک بوو کە هەواڵی خۆ بەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕەکان یاخود ونبوون و دوورکەوتنەوەیانی دەبیست. ئەو چەندە رقی لە بنیادەمە بنیات سستەکان بوو. هەڵبەت، بە خۆشییەوە کونەکە ئەوەندە قوڵ بوو کە کەس گوێی لە هاوار هاوار و دەنگیناڵە و نفرینەکانی نەبێ. کێوەکە زریکەکانی قوت دەدا و دەیخواردنەوە. لەم کاتانەدا سەرۆک کە ماندوو دەبوو، دەچوو بتڵەکەی دەهێنا و دادەنیشت و بە سڵامەتی خۆی و وەفای خۆی بۆ پرۆژەی شۆڕش، پیاڵەی لە دووای پیاڵە هەڵدەدا. کە سەرخۆش دەبوو، لە توڕەبوونی تاوێک لەوە پێشی خۆی دەکەوتە پێکەنین و گاڵتەی بە کەم جیکەڵدانیی خۆی دەهاتەوە. بیری ئەو رۆژە سەرەتاییانە دەکەوتەوە کە بە خۆی گوت، یان پێیان گوت شۆڕش پرۆژەیەکی درێژخایەنە. ئەوسا رازی و دڵخۆش لە درێژخایەن بوونی

بڕیاری خۆی، سوپاسی ئەو کونەی کرد کە توانیبووی بڕوای ئەو بە شۆڕش بە دەیان ساڵ بپارێزێ و رایبگرێ.

هەمیشە مێژوو وەها بووە. کارە گەورەکان لە کونی کێوەکانەوە دەستیان پێکردووە. بۆ وێنە موحەممەدی ئیسلام. لەو غارە یاخود لەو کونەیدا وا جاڵجاڵۆکەکان لە دۆزینەوەی پاراستیان. شۆڕشگێڕەکانی دەوری سەرۆک، ئەوانەی بەم چیرۆکە دەزانن، کاتێک دێن بۆ بەر ئەم کونە، چاویان نەخوازراوانە بە شوێن هێلانە جاڵجاڵۆکەکاندا دەگەڕێن. ئەوان دڵنیان کە لە شوێنێکی ئەم بینا شاراوە گەورەدا ئەو تاڵە لێک تەنراوە سێحراویانە هەن. بەڵام چەندە بینینەوەیان زەحمەتە! بیردەکەنەوە رەنگە هی ئەوە بێت کە ئەوان بە پێچەوانەی دوژمنەکانی موحەممەد ئەو دەرفەتەیان نییە بە جوانی لێی نزیک بکەونەوە و سەرنجی کون و کەلەبەری بدەن. هەڵبەت ئەمەیان زۆر بەلاوە گرینگ نیە، چونکە ئەوان بە هەر حاڵ لە هەبوونی ئەو تارە جاڵجاڵۆکانە دڵنیان.

سەرۆک جاری وایە ئێوارەیان دەردەکەوێ. بە ئافتاوەیەک گوڵەکانی باخچەی بەر کونەکە ئاو دەدا. باخچەی گوڵە جوان و رەنگاوڕەنگەکان. پاشان دەست دەخاتە سەر کەلەکەی، یاخود لە پشتییەوە گرێیان دەدا و لەوێوە لە دۆڵ و شاخەکانی بەردەمی دەڕوانێ. دۆڵ و شاخە ئەزەلی و ئەبەدییەکان. وێنە دووپاتکراوەکانی دەیان ساڵە. ئەوسا لەوێوە بۆ ئەو دیوی سنوور، نیگا هەڵۆ ئاساکانی بەرێدەکا. لەبەر خۆیەوە دەڵێ "دڵنیام یەک رۆژیش لە تەمەنم مابێ، هەر دەتگەمێ!" وە کێوەکان و رێگاکان کڕنۆشی بۆ دەبەن.

سەرۆک وەک هەر بنیادەمێکی تر جاری وایە بێتاقەت دەبێ. هەرچەند تا دەتوانێ بەر بە خۆی دەگرێ کە ئەم حاڵەتە رووی تێنەکا. ئەو تەنانەت جارێک لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی دا گوتی کە بێتاقەتی لەو شاخ و کێوانەدایە و لە راستیدا ئەمەیە بووەتە هۆی وازهێنانی هەندێ شۆڕشگێڕ. وتی کە دەبێ کارێک بکەین شۆڕشگێڕەکان بێتاقەت نەبن. یەکێک لە هاوڕێیان ئەو ئیزنە بە خۆی دەدات بپرسێ چلۆن. رێبەر سەرەتا لە وەڵام دەمێنێتەوە. پاشان باس لە چالاککردنەوەی پتری کتێبخانەکە دەکا، لە چالاکیی رۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر. هاوڕێ دەڵێ کە ئێمە لە مێژە ئەم کارانە دەکەین، بەڵام زۆر چارساز نیە. سەرۆک بیر لە بێدەنگیی ئەو شاخ و کێوانە دەکاتەوە، بیر لە کەمی مرۆڤەکان و لە ونبوونی قەرەباڵغیی شار. هەناسەیەک هەڵدەکێشی و دەڵێ باسەکە بگۆڕە، گرینگ ئەوەیە چەندە دەڕۆن ئەوەندەیش دێن. پەک ناکەوێ!

بەم شێوەیە سەرۆک لەو شاخە، لە ناو ئەو کونەدا، بەو شۆڕشگێڕانەوە وا دێن و دەڕۆن، دەیان ساڵە سەرۆکە. ئەو دڵنیایە رۆژێک لە رۆژان پرۆژەی شۆڕش سەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان. لەم کاتانەدا بزەیەکیشی دێتێ. بزەیەکی شیرین و پڕ لە بەدی هاتنی خەون. ئاخر ئەو کاتیش پێویست ناکا ئارەق برێژێ، کاسبی بکا و نان پەیدا بکا. شۆڕش پێشکەشی دەکا،... شۆرش،... ئای شۆڕش!

## سەرۆک دەگەڕێتەوە

سەرۆک ئەگەرچی بۆخۆی تەمەنی هەفتاد ساڵ بوو، بەڵام حوکمی خانەنشین کردنی ئەوانەی دا وا تەمەنیان دەگەیشتە پەنجا. لە کۆنگرەکەی دوواتری هەمان ساڵدا، لەبەر ئەو بڕیارە پرشنگدارەی سەرۆک، دیسان سەرۆک بۆ چوار ساڵی تر دەستبەجێ هەڵبژێردرایەوە. زۆربەی ئەوانەی وا دەنگیان دایە، یان پەنجا ساڵیان تەمەن بوو، یان هاوسەری پەنجا ساڵەکان بوون. لەو کۆنگرەیەدا لە دووای سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی سەرۆک، بەشداربووان وەک دەربڕینی شادومانی، ئەوەندە چەپڵەیان لێدا کە هەم بەری دەستەکانیان شین شین هەڵگەڕا و هەم ئەوەندە گوێیان قورس و کاس بوو کە هەتا کۆنگرەکەی تر بە بێ ئەوەی جوان لە گوتەکانی سەرۆک حاڵی بن و لێی تێبگەن تەنیا وتیان "بەڵێ قوربان، ئەشەمیللا وایە!"

دووای ئەوەی سەرۆک ئەم بڕیارەی دەرکرد، بەرپرسانی بەشی ژنان، گەنجان و بە گشتی رێکخراوە مەدەنییەکانی سەر بە حیزب لەناو کوڕ و کچ و زاوا و کەس و کارە نزیکەکانی بەرپرسەکانی تر یاخود سەرۆک هەڵبژێردران. سەرۆک لە کۆبوونەوەیەکدا گوتی کە هۆکاری ئەم کارە ئەوەیە ئەوانەی ژێر پەنجاساڵ تەمەنیانە تەنیا ئەو کوڕ و کچ و زاوا و خزمانەن کە لێرە لەناو حیزبدا لەدایک بوون.

پەنجاساڵەکان کە گوێیان لەم قسانەی سەرۆک بوو ئەوەندەی تر سەریان سوڕما بە زیرەکیی و بیرتیژیی ئەو، چونکە ئەوان کتوپڕ بە راستییەکی روون و ئاشکرای وەک هەتاویان زانیبوو کە تەنیا سەرۆک توانیبووی کەشفی بیکا و بیدۆزێتەوە. هەر لەو کاتەدا منداڵی پەنجاساڵەکان لە دەرەوە لە سەر ئەو جادەیەی خانووی لایەنگرانی سەرۆکیان دەکرد بە دوو لەتەوە، بە دەم پیاسەوە باسی سیاسەت و باسی حیزب و باسی پەڕینەوە لە دەریای 'ئیژە'یان دەکرد.

سەرۆک کە مەست و سەرسوڕماوی سەرکەوتنەکانی خۆی بوو، لە کاتێکدا لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی خۆی لە سەر کورسییەکەی دانیشتبوو و لە دەرەوەی دەڕوانی، لەبیری کار و کردەی گەورەی تردا بوو کە کتوپڕ بیری شەهیدان کەوتەوە. بیری کردەوە لەمێژە کاروانی شەهیدان کەمیان کردووە و ئیتر وەک ساڵان خوێنی هاوڕێیان و هەڤاڵان ناڕژێتە سەر زەوی. سەرۆک رەپ هەستایە سەرپێ. "باشە بۆ تا ئیستا بیری لەمە نەکردبووەوە؟" لە کاتێکدا کونی مشتی گرێدراوی لە سەر چەناگەی چەرمگیدا بوو، بە ناو ژوورەکەدا بۆ ماوەیەک هات و چوو. ئەوسا بڕیارێکی تری دەرکرد. "هاوڕێیان! وەک دەزانن دانی شەهید پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر و زەروورە بۆ شۆڕشەکەمان. وە ماوەیەکە ئەم رەوتە رووی لە کزی کردووە، بگرە هەر نەشماوە. جا بۆ ئەوەی جارێکی تر شۆڕش بە گڕ و تینێکی ترەوە بێتەوە مەیدان و دوژمن بە چۆک دابێنین و خەڵک و گەنجان وەک جاران، یاخود زیاتر لە جاران روومان تێبکەنەوە و باسمان بکەن، دەبێ شەهید بدەین!"

پەنجاساڵەکان دیسان بە زیرەکیی سەرۆک سەریان سوڕما و، شانازییان نەک تەنیا بە ئەوەوە بەڵکو بە خۆشیانەوە دەکرد کە ئەندامی وەها حیزبێک بوون. بەڵام پرسیار ئەوە بوو کێ قەرار بوو شەهید بێ؟ سەرۆک بەناچار دانیشت و، بە قوڵی بیری لەم

کێشەیەیش کردەوە. "چ هەڵەیەکی گەورە بوو خانەنشینکردنی پەنجاساڵەکان!" ئەوسا دانیشت و بە قوڵی و فراوانی لە سەر شەڕەکانی جیهانی خوێندەوە. بە خۆشییەوە یاسایەک هەبوو "یاسای بەنگهێشتکردنەوەی هاوولاتیان لە کاتی پێویستی و بەرگری نیشتمانیدا کاتێک وڵات لەژێر مەترسیدایە. جا لە هەر تەمەنێکدا،... هەر ئەوەندەی دەستی چەک بگرێ و بتوانێ شتێک بکا و ئەرکێک لەئەستۆ بگرێ." سەرۆک بزەیەک نیشتە سەر لێوی. ئەوسا قەرارێکی نوێی دەرکرد. بڕیاری کۆنگرە هەڵوەشایەوە و، پەنجاساڵەکان گەڕانەوە.

لەو ساڵەوە پەنجاساڵەکان دەکوژرێن و، سەرۆک خوتبە لە سەر قارەمانیان دەردەکا و بەرپرسانی بەشی قوتابیان و ژنان و گەنجان و... لە رۆژنامە و مانگنامەکانیاندا ژیاننامەکانیان دەنووسنەوە و شانازی بە هەبوونیانەوە دەکەن. سەرۆک ئیستا ئیتر دڵنیایە لەوەی کە ناوی لە مێژوودا دەمێنێتەوە و تەنانەت بە ناچاریش بێ هەر دەبێ نەوەکانی داهاتوو باسی بکەن. ئەو لە کاتێکدا بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوەکانی، وەک کەسێکی بلیمەت و هەڵسەنگێنەری بیرتیژی دۆخ شانازی بەخۆیەوە دەکا.

ساڵان گوزەرا و سەرۆک هەر خەریکی بلیمەتییەکانی خۆی بوو و لە راستیدا ئاگای لە ساڵەکان نەبوو. چونکە لای ئەو شۆڕش ئەوەندە گرینگ بوو و ئەوەندە جیهانی ئەوی گرتبووە خۆ کە نەیدەزانی کات و زەمەن چییە. تا کتوپڕ رۆژێک هەستی کرد قاچی وەک جاران جەستەی ناکێشێ و لە کاتی نووسین و نانخواردنیشدا دەستەکانی دەلەرزێن. تا جەستە و وزەی ئیزنی دەدا بەپەلە هەستایە سەرپێ و چوو بۆ بەر ئاوێنەکە. لەوێ جوان لە خۆی رووانی. بە دیتنی خۆی داچڵەکا. قەت باوەڕی نەدەکرد وەهای بەسەرهاتبێ،... وەها پیر و چرچ و سەر و ریش سپی. بەو ژێرملەوە کە پێستەکەی بە شێوەیەکی ترسناک داژەنیبوو و، بەو چاوانەوە کە ئیستاکە

بە زەحمەت لەبەر برۆ و پێستی داژەنیوو، بەدەرەوە بوون. ئاە، کە چ خەمێک لە دڵی گەڕا. هەر لەو کاتەدا لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکرد، بیری لە جێگری خۆی کردەوە "باشە کێ دەتوانێ ببێ بە جێگری؟" هەرچی بیری کردەوە کەسی بەدی نەکرد. ئەو کە جارێکی تر پەنجاساڵەکانی خانەنشین کردبووەوە، دەبا وازیان لێ بێنێ. گەنجەکانیش کە هێشتاکە بێ ئەزموون و خام و نەکوڵاوبوون. ئەوانەی دەورووبەری خۆیشی سەرەڕای بەئەمەگبوون و دڵسۆزیان وەها نەبوون کە بتوانێ حسێبی بەسەرۆکبوونیان لەگەڵ بکا. بیری کوڕەکانی خۆی کەوتەوە. یەکیان رۆژ تا ئێوارە خەریکی چۆلەکە کوشتن بوو، دووهەمدانەیان لە ترسی قوتابخانە ئاشق ببوو و سێهەمینیشیان هەمیشە سوێندی دەخوارد کە شۆڕش گەورەترین هەڵەی بیری مرۆڤ هەر لە سەرتای مێژووەوە هەتا ئیستاکە بووە. بیری کردەوە تەنیا رێگا، مانەوەی خۆی بوو،... بەڵام چی لە گەڵ پیری بکا؟

سەرئەنجام بلیتی تەیارەی گرت و سەفەری ئەورووپای کرد. لەوێ نەشتەرگەرییەکی پێستیان بۆ کرد و، پاشان دکتۆر پێی وت بۆ ئەوەی نەک تەنیا لە روخساردا بەڵکوو لە دڵ و دەروون و حاڵ و هەوای رۆحیشیدا هەست بە گەنجیەتی بکا، دەبێ بۆ ماوەیەک لە قەراخ دەریا لە کاتێکدا هەمیشە ئاوێنەیەکی بە دەستەوەیە و سەیری روخساری خۆی دەکا، لە ناو ژنە لەش و لار جوانەکاندا دابنیشێ (دکتۆرەکە پێی گوتبوو بۆ ئەوەی بە جەستەی پیری خۆی جاڕزنەبێ، واباشە نیو سانتیم کرێمی سپی لێ بدات و قەتیش سەیری نەکات!).

سەرئەنجام سەرۆک لەپاش چەند مانگ گەڕایەوە بۆ نیشتمان. پەنجاساڵەکانی ئەو سالانە و پەنجا ساڵەکانی ئیستایش بە دیتنی وەها واقیان وڕما و وەها خۆشحاڵ هەڵگەڕان کە چۆکیان دادایە سەر زەوی و دەستیان کرد بە گریان. لە دڵەوە سوپاسی

خودایان کرد کە سەرۆکییان بۆ جەوان کردبوونەوە و تەڕ و تازە جارێکی تر بۆیان هێنابوونەوە.

سەرۆک کە ئێستاکە چاویلکەیەکی رەشی هاوینە و بەرهەتاویشی لێدەدا، رۆژێک هەستی بە ژانێکی زۆر پیس لەناو سکیدا کرد. سەرەتا زۆر گوێی نەدایە و، پێی وابوو تەنیا پێچێکی کاتیە و زوو تەواو دەبێ. بۆیە لە سەر کورسییەکەی داچەمییەوە و سەری خستە سەر مێزەکەی بەردەمی، بەڵام ژانەکە تا دەهات زیادی دەکرد و خراپتر دەبوو. سەرۆک کە بە هەر دوو دەستی بە توندی لێواری مێزەکەی گرتبوو، هەوڵی دا هاواربکا و یارمەتی لە خزمەتکاری بەردەرگاکەی بخوازێ. ئەو خزمەتکارەی هەمیشە چایی بۆ دەهێنا و سەرمێزەکەی بە پەڕۆیەکی تەڕ خاوێن دەکردەوە. بیری لە قەنداخێکی گەرم کردەوە "بێگومان کارسازە و، چاکم دەکاتەوە." بەڵام هەرچی کرد جگە لە قرخەقرخێکی ناو گەرووی هیچ دەنگێکی تر لە دەمییەوە نەهاتە دەر. سەرۆک کەوتە سەر زەویی نێوان مێز و کورسییەکەی. خوێنێکی سەیری هەڵهێنایەوە. کاتی خۆی کاتێک لە ئەورووپا بوو، لەوێ بیستبووی هەندێ نەخۆش دوگمەیەکیان بە ملەوەیە بۆ ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا بتوانن بۆ سەنتەری فریاکەوتن زەنگ بدەن. چەند لەم کاتەدا حەزی بەو دوگمەیە بوو. لەبەر خۆیەوە زۆر بە ئاستەم و بە زەحمەت گوتی "ئاە، چەندە دوگمەیەک دەیتوانی شۆڕش نەجات بدات!"

بۆ رۆژی دوواتر سەرۆکیان لە قەبرستانی تەنیشت خانووەکانی سەرکردایەتی ناشت. هەرچی پەنجا ساڵەی ساڵەکانی پێشوو و پەنجاساڵەکانی ئێستا بوو کۆببوونەوە و، فرمێسکیان دەڕشت.

لەو رۆژەوە سەرۆک مرد، لە ژوورێکی تەنیشتی ژوورەکەی جارانیدا هاوڕێیەکی سەرکردایەتی بە چاویلکە رەشەکانی سەرۆکەوە لە سەر کورسییەکەی دانیشتووە و خەون بە گواستنەوەی ژوورەکەی بۆ ژووری سەرۆک دەبینێ. لە ژوورەی دووهەم دا هاوڕێیەکی تر سەیری ئاوێنەکەی بەردەمی دەکا و بیر لە نەشتەرگەریی روخساری دەکاتەوەو، لە ژووری سێهەمیشدا هاوڕێیەکی ترە کە پێی وایە رەمزی سەرکەوتنەکانی سەرۆک لە هێنان و بردنی پەنجاساڵەکان بوو و بەس. بۆیە پێی وایە گەر ئەو بچێتە ژوورەکەی سەرۆک ئەوا دەتوانێ درێژە بە هەمان سیاسەتی سەرۆک بداتەوە و، شۆڕش بخاتەوە دۆخی جارانی خۆی. ئەو نایشارێتەوەو بە ئاشکرا دەڵێ لەو دووانەکەی تر بۆ گواستنەوە بۆ ژووری سەرۆک شیاوترە.

پەنجا ساڵەکان کە نازانن سەرئەنجام هاوڕێی ناو کامە ژوور دەگوازێتەوە، ئیستایش لە پاش تێپەڕینی ساڵانی ساڵ بە سەر مەرگی سەرۆک، پێیان وایە سەرئەنجام رۆژێک سەرۆک رێگایەک لەو دونیا بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم دونیا دەدۆزێتەوە و کۆتایی بە بیرەبیرەی ئەو سێ ژوورە دێنێ. ئەو سێ ژوورەی وەک ژووری سەرۆک بۆنێکی سەیری پیریی گرتبوو.

**بڕیاری سەرۆک**

هەواڵیان بە سەرۆک گەیاند کە ئەو نایەوێ لە گەڵ ماشینەکە بڕوات. وتیان دەڵێ پێڵاوەکانم دڕاون و پەنجەکانم وەک ماری دەشتە تۆزاوییەکە لە کونەکانەوە سەردەردەکێشن و بە زمانی وشکیان خۆڵەکەی بەردەمیان دەلێسنەوە. وتیان دەڵێ

گەر جووتێ پێڵاوی تازە و نوێم بۆ بکڕن ئەوا چەک و رەختەکەم دەبەستم و دەڕۆم، ئا، لاریم نیە و لە گەڵ ماشینەکە دەڕۆم، لە پشتەوە وەک هەمیشە سواردەبم و لەکاتێکدا بای گەرم و چزێنەری باشوور لە روومەتەکانم دەدا ئاگادارییان دەکەم، وەک هەمیشە،... ئاگام لێیان دەبێ. بەڵام،... بەڵام پێش لە هەر شتێک جووتێ پێڵاوم دەوێ.

سەرۆک کە هێشتاکە سەری گەرم و قورسی خواردنەوەی دوێ شەوی لە گەڵ هاوڕێکانی بوو و هێشتا ناو دەمی تامێکی مزر و ناخۆشی پێدادەگەڕا و کزەی گەدەی ئازاری دەدا، وتی "پێی بڵێن ئەو پێڵاوانە بۆ شەش مانگ کڕاون، شەش مانگی رەبەق،... هێشتاکە سێ مانگیشی لێنەگوزەراوە. پێی بڵێن دەتوانێ ئەو پێڵاوانە لەبەرکا و چەکەکەی ببەستێ و بڕوات. گرینگ نیە پێڵاوەکانی دڕاون، گرینگ ئەوەیە مەئموریەتەکەی بەڕێوە ببات، بڵێن من ئەمرم دەرکەردووە،... ئەمر. بڵێن گەر نەڕوات ئەوا گەلەکەمان لە راپەڕاندنی ئەرکێکی یەکجار گرینگ دەبێتەوە. بۆخۆیشی باش دەزانێ ئەمە باش نیە." لە وەڵامی ئەم قسانەدا بە سەرۆکیان گوت کە ئەم کارەیان کردووە و هەموو ئەم قسانەیان پێگوتووە، بەڵام بێ سوود بووە. وتیان ئەو بە بێ پێڵاو ناچێ بۆ مەئمورییەت، یانی وتوویەتی ناتوانێ. سەرۆک پەرداخە ئاوەکەی بەردەمی هەڵگرت و قومێکی لێدا. بیستبووی ئاو دەردی گەدە ئارام دەکاتەوە. ئەو لە بەیانییەوە چەندین لێوانی خواردبووەوە بێ ئەوەی ئازارەکە پاشەکشە بکات. لە کاتێکدا خەیاڵێکی لە سەر ئاو و گەدە و ئازارەکە بوو، گوتی "پێی بڵێن کەیفی خۆیەتی، تا سێ مانگی تر خەبەرێک لە پێڵاوی نوێ نیە، ئەمە بڕیاری حیزبە. بڵێن دەتوانێ جووتێ پێڵاو لەوانی تر قەرزبکا، خۆ هەر هاوڕێ زۆرن. بڵێن یاخود دەتوانێ چەند جووت گۆرەوی لەسەر یەک لەپێ بکا. ئیدی وەک کەوشیان

لێدێ و بەرد و خۆڵ و عەرزی گەرم قاچەکانی ناگەزن." لەوەڵامدا دیسان بە سەرۆکیان گوت کە ئەمەشیان پێگوتووە. بەڵام ئەو لە جوابدا گوتبووی کە گۆرەوییەکانیشی دڕاون، وتبووی جگە لەمە مەگەر چەند جووت گۆرەوی هەیە! هەیە و نیەتی تەنیا دوو جووتن کە هەردووکیان دڕاون، هەڵبەت سەرەڕای دڕاوییەکانیان دەتوانێ کەڵکیان لێ وەبگرێ. گۆرەوییەکان تەنیا لە پاژنەوە دڕابوون. سەرۆک چاوەکانی لە پەرداخەکەی بەردەمی مۆڕکردەوە. "نەکا خەتای پەرداخەکە بێت!" دوێ شەو ئەو هەر بەم پەرداخە پێک لە دووای پێک هەڵیدابوو. هەر لەو پەنجەرەیەشەوە بوو شیشەکان بۆ ئەم دیو ڕاگوێزرابوون. ژوورەکە هێشتا بۆ گۆشتی برژاوی دەدا. بیری قسەیەکی قۆڕی یەکێک لە هاوڕێکان کەوتەوە "ئەوە چییە، نیتە بۆی دەمری و کە هەیشتە پێوەی دەمری؟" هەموو شێتانە پێکەنیبوون. بزەیەکی ئازاراوی بە سەر لێوەکانیدا گەڕا. بێگومان گەر دەوری چۆڵ کەن حەتمەن دەچێ و پەرداخەکە دەگۆڕێ. قومێکی تری لە ئاوەکە دا، هەستایە سەرپێ و چووە نزیک پەنجەرەکە. چیمەنتۆی حەوشەکە لە بەر هەتاوی گەرمی ئەو ڕۆژەدا دەبرژا. چەندە ڕقی لە گەرمای ئەم وڵاتە بوو!

بیری کردەوە هەتیووەکەی نەدەناسی. یان ڕەنگە بینیبووی و ئیستاکە لەبیری نەمابوو. لای گرینگ نەبوو. یونیفۆڕمەکان گرنگ بوون نەک سیماکان. "هەموویان لە یەک دەچن، بە کەمێک جیاوازییەوە. ئەم کەمێک درێژتر، ئەویان کورتتر، یان لاوازتر و قەڵەوتر. باشە ئەمە کێیە وا ئەوەندە گیرە؟ بۆچی جوابی کەس ناداتەوە؟ بۆ ئەوەندە پێڵاوی لە مەئمووریەتەکەی لا گرینگترە؟ بۆ ئەوەندە پێڵاوی لە بڕیار و فرمانی حیزبەکەی لا گرینگترە؟" بیری کردەوە کە ڕەنگە باشترە داوای بکا، ئەوەی

کە بیهێنن بۆ ئێرە و لە نزیکەوە سیمای ببینێ. سیمای نگریسی. دووای کەمێک گوتی:

- "چۆن کوڕێکە؟... مەبەستم ئەوەیە تەمەنی، روخساری و...، بە گشتی چۆن دەنوێنێ؟"

- "قوربان! بۆ خۆت چاکی دەناسی. دەموچاو خڕێکی باڵا مامناوەندی بە ریش و سمێڵێکی گووگرەوە، لاواز و چاو ورد. تا ئیستا چەند جار لە گەڵ خۆت بۆ ئەم لاو ئەو لا ناردراوە. زۆر زیرەک و وریایە. یانی بوو. بەڵام،... بەڵام کتوپڕ ئاوای لێهاتووە... ن..."

سەرۆک بیردەکاتەوە. هیچ نایەتەوە زەینی. بیر و بیر... کتوپڕ دەڵێ:

- "نەکا ئەحە بێ،... ها؟... نەکا؟"

- "قوربان خۆیەتی، چاکی بۆچووی!"

سەرۆک بیری کەوتەوە ئەحە دوێ شەو لێرە بووە، لە پشت پەنجەرەکە دانیشتبوو و خەریکی گۆشت برژاندن بووە. هەر ئەویش بوو بە سیمای منداڵانەیەوە جار و بارە بە شیشەکانەوە لە پشت پەنجەرەکەوە دەردەکەوت، وەک رۆحێک لە ناو تاریکایی بەرەو رووناکایی ناو ژوورەکە، ئەو رۆحەی بڵێسەی سەماکەری ئاورەکە جاری وابوو سوور و زەردی دەکرد. ئەم دیمەنە چەندین جار خۆبەخۆ سەرنجی سەرۆکی راکێشابوو.

- "کەواتە ئەحەیە؟... ئەحە!"

- "بەڵێ قوربان! خۆیەتی."

- "هەی سپڵە،... هەی سپڵە... !"

بۆ ماوەیەک سەرۆک لە ناو ژوورەکەدا هات و چوو. دەستی خستە ژێر چەناگەی و بیری کردەوە. چەند جارێکیش لە ژێر لێوەوە چەند وشەیەکی ناڕوونی درکاند. وشە و رستەکان لە مێشکیدا جەنجاڵیان سازکردبوو. بیری کردەوە کەواتە بێگومان جاروبار بە دزیشەوە بووبێ تامی گۆشتەکەی کردووە، جا بە دزییەوە بۆ! یەکێک لە هاوڕێیان نەک تەنیا چەند جارێ پێکی ویسکی دابووە دەستی ئەو و ئەوانی دیکەی دەوری ئاورەکە، بەڵکو پێشیانی گوتبوو لە گۆشتەکە بەشی خۆشیان ببرژێنن. ئەوانیش برژاندبوویان. بۆڵاندی "کەواتە ویسکی و گۆشت هاری کردووە،... ئەرێ گۆشت و ویسکی!" ئەوسا دەنگی هەڵبڕی و فرمانی دەرکرد.

ئەو رۆژە کاتێک ماشینەکە وەدەرکەوت، لە پشتییەوە تەنیا یەک چەکدار دەبینرا. چەکدارێک بە دوو جووت گۆرەوییەوە و بەو پێڵاو دڕاوە ئادیداسانەوە کە ئیتر پەنجەکان نەیاندەتوانی وەک مار لێیەوە سەرەتاتکێ بکەن و خۆڵی بەردەمی خۆیان بلێسنەوە. ئەو مارانەی دەڵێی کفن کرابوون. ئەحە، کە هێشتا جەستەی دێشا و پەڵە سوورەکان بە لامل و پشت و قۆلییەوە مابوون، سەیری ناو سەیارەکەی کرد. شۆفیرەکە و بەرپرسەکە (کە جەستەی شەڵالی ئارەق بوو) قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. ئەحە بە دەم رێگاوە ئەوەندەی بیری لە جوێنەکان دەکردەوە بیری لە ئازاری جەستەی نەدەکردەوە. با، پشکۆکانی لەشی فێنک دەکردەوە، بەڵام پشکۆکانی دەروونی گەش و گەشتر. دەنگی گۆرانی جاروبار گڤە گڤی بای دەدڕی و دەهاتە گوێ. گۆرانییەکە باسی چیا سەربەرزەکانی نیشتمانی دەکرد. ئەو چیا سەربەرزانەی ئەویان کاتی خۆی بەرەو ئێرە هێنابوو. ئەو کاتانەی ئەو نەیدەزانی کە جاری وایە دەبا بە بێ پێڵاو بەرگرییان لێبکا،... بە بێ پێڵاو.

**سەرۆک بێتاقەت دەبێ**

کە چل ساڵ لە سەرنەکەوتنی پلانی شۆڕش گوزەرا، سەرۆک بڕیاری دا بچێتە سەر بەرزترین چیای رووەوە نیشتمان و لەوێوە هەم رابردوو و هەم ئیستا و هەم داهاتوو

بەسەربکاتەوە. ئەوەی کە هەڵە لە چیدا بووە و بۆ وای لێهات. چیاکان ئەوەند بەرز و دۆڵەکان ئەوەندە قوڵ بوون کە نە مرۆڤ و نە شار و نە هیچ گوندێک دیارنەبوون. تەنیا سروشت و سروشت و سروشت. سەرۆک بیری کردەوە رەنگە خەتای ئەمەبێت. خەتای بەرزیی ئەو شوێنانەی وا ئەوان خۆیان تیا حەشاردابوو. گوناحی باوەشی تەبیعەت. ئەوەیکە شوێنە بەرزەکان ئەوەندە لە خودا و لە ئاسمان و لە مەلایکەکان نزیکن، لە خەڵک نزیک نەبوون. بەڵام نا، بە دەست راوەشاندن لە هەوادا ئەم بیرە سەیروسەمەرانەی لەخۆی دوورخستەوە. ئەوسا دەستی کرد بە گیرفانیدا و موبایلە 'فۆڕ ئێس' ەکەی دەرهێنا و وێنەی لە نیشتمان گرت، وێنە دوور و نزیکەکان، ئەو وێنانەی جاری وابوو ئاسمانیان زیاتر تێدا دەردەکەوتن و جاری وایش چیا و لوتکەکان، بەڵام هەستی کرد وێنەکان شتێکیان کەمە، خۆی،... سەرۆک! ئا خودی سەرۆکیان کەم بوو. هەربۆیە دووای ئەوەی چەند وێنەیەکی لەخۆی گرت (وێنەکانی بەدڵ نەبوو، تیایاندا چرچەکانی ژێرملی زۆرتر دەهاتنە بەرچاو)، دەستووری دا یەکێک لە هاوڕێیان وێنەی لێبگرێت. لە هیچ کام لە وێنەکاندا سەرۆک سەیری کامێراکەی نەکرد. ئەو تەنیا لە دوورەکانی دەڕوانی (دوور بنواڕە، ئاسۆ روونە!)، بۆیە هاوڕێ وێنەکێشەکە تەنیا توانی نیوەی روخسار و پشتە سەر و پشتە ملی سەرۆک هەڵبگرێتەوەو، بەس.

ئەوسا لەدووای ماوەیەک گوتی دەیەوێ تا ئەو بەرزاییەی ئەوبەر کە تەنیا سەد میترێک دوور بوو بە تەنیا بچێ. گوتی حەز دەکا بیربکاتەوە. هاوڕێکان بە دڕدۆنگی قسەکەیان وەرگرت. هەرچەند تا توانیان چاوەکانیان تیژکرد و

چەکەکانیشیان بە مەبەستی ئامادەیی زیاتر بۆ بەرنگاربوونەوەی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو لە جیاتی سەرشان بە دەستەوە گرت.

سەرۆک لەوێ گیرسایەوە. لەسەر بەردێک دانیشت و ئەمجارە لە جیاتی موبایلەکەی، دووربینەکەی بەدەستەوە گرت، ئەو دووربینەی کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆیشت بە پەتەکەی ملیەوە سەمای دەکرد و خۆی بە سەر سک و لای ڕاست و چەپی کەلەکەکانیدا دەکوتا.

ئاه، نیشتمان چەندە لێرەوە و بەم دووربینەوە ڕوونتر و گەشتر و ڕەنگاوڕەنگتر دەینواند! کە جێی هێشت بیست و پێنج ساڵی تەمەن بوو و، ئیستا شەست و پێنج ساڵیەتی. بەڵام نیشتمان هەروا گەنج بوو،.. یاخود ڕەنگە پیر. نازانێ. نیشتمان هیچ کاتێک تەمەنی خۆی نانوێنێتەوە. ئەمە یەکێک لەو شتانەیە زۆری توڕەدەکا. ئاخر گەر نیشتمان وەک مرۆڤ خەمی کات و خەمی تەمەنی هەبوایە، ئەوجار ئەوەندە بێخەم و بێ دەربەست پاڵی لێنەدەدایەوە! پاڵدانەوەیەک بەقەدەر چل ساڵ.

گەر لەو خوارەوە 'با' لە پشتیەوە دەهات و لە پەیکەری هەڵدەپێچا، خۆشبەختانە ئیستا لەسەر ئەم کەلە لە ڕووبەڕوویەوە دەهات، ڕێک لە نیشتمانەوە. لەوێوە، بۆنی نیشتمانی دەهێنا، بۆنێک تێکەڵ لە گیا و خۆڵ و هەتاو و تەنیایی کێوەکان،... دیمەنە برژاوەکانی بەر تیشکی خۆر. ڕەنگە گەر جوانتر سەرنجی هەڵخستایە، بۆنی دەنگ و هەرای خەڵک و قەرەبەڵغیی شەقامەکانیش. بەڵام نا، جگە لە بۆنێکی تر، هیچی تر نەهات. ئەویش بۆنی چل ساڵ و، بۆنی ئەو ڕێگایەی وا سەرۆک چل ساڵ لەوە پێش لێیەوە بەرەو ئێرە هەنگاوی بەسەردا هەڵهێنابوو. بۆنی گەنجیەتی خەونەکانی، ئەوەیکە ڕێگاکان چەندە بۆ ڕۆیشتن بوون ئەوەندەیش بۆ گەڕانەوە بوون. سەرۆک چەندە دڵی خەمین دەبێ. هەست دەکا ناوسکی دێشێ. ژانێکی ئەوەندە پیس کە

پەیکەری وێکدێتەوە و بۆ ماوەیەک گرمۆڵە دەبێ. هاوڕێیان لە خوارەوە ئەمە دەبینن و خەم هەڵیاندەگرێ. یەکیان دەبزوێ بۆ ئەوەی فریای سەرۆک بکەوێ، بەڵام ئەوانی تر ئاماژەی دەدەنێ کە تا سەرۆک بۆ خۆی دەنگ نەکا واباشترە راوەستن. رادەوستن. ئەوسا سەرۆک وەک ماری بەرهەتاو قەف قەف پەیکەری لوول خواردووی دەکاتەوە. دەکرێتەوە. بەو دەستانەوە یەکیان دووربینەکەی پێیە و ئەوی تریان موبایلە فۆڕ ئێسەکە.

روو وەردەگێڕێ و سەیری هاوڕێکانی دەکاتەوە، سەیری ئەو ماشینەی سەد میترێک لە خوار ئەوانەوە سپی دەکاتەوە. لەگەڵ دوو ماشینەکەی تر وا یەکیان دۆشکەی لەسەرە. ئەو دوو قەنناسە بەدەستانەیش وا لە دووشوێنی جیاوازدا کێشکیان گرتووە. 'چ دیمەنێکی حیماسی!' سەرۆک هەمیشە حەزی لەم جۆرە دیمەنانە بووە، ئەوەتەی هەیە و هەبووە. ئەسڵەن لای ئەو نەک نیشتمان، بەڵکو ژیان خۆی لە خۆیدا حێماسەیە. سەرتاپا. هەر لە جنسی حیماسە دروستکرابوو. گەر حیماسە نەبێ، ژیان وەکوو ئەم کێو و شاخ و دۆڵانە پڕدەبن لە دەنگی بای پڕ لە بێتاقەتی و پڕ لە لوورەی خۆخواردنەوە. ئەسڵەن نیشتمان بەم وێنەوە نیشتمانە. سەرۆک بزەیەکی دێتێ. ئەوەیکە لەم بیرکردنەوەیەدا تەنیا نیە و زۆرکەسی تریش لەگەڵیان، خەنی دەکا. هەڵبەت ئەگەرچی زۆری پێچوو تا بیانهێنێتە سەر ئەم بیروڕایە. بەڵام بە خۆشییەوە توانیبووی. ئەم توانایەیش تەنیا هی خۆی نەبوو. نا نا، هی خۆی بوو. لێرەدا هەستایە سەرپێ. بێگومان هی خۆمە، لەبیرم نەچێ زۆرکەسی تر زۆر شتی تریان گوت، بەڵام ئەوەی من زاڵ بوو، ئا،... ئەوەی من.

وشەی 'زاڵ' لە ناو مێشکیدا دێت و دەڕوا. ئەوەیکە لە دووای چڵ ساڵ 'زاڵ' نەیتوانیبوو بەو ڕێگایەدا ئەو پێیدا هاتبوو بیگەڕێنێتەوە، کەمێک دڕدۆنگی دەکا. لە کاتێکدا بە دووربینەکەی لە شوانێک و بزنەکانی لەو دووردوورانەدا وردەبێتەوە، لە بەر خۆیەوە دەڵێ گرینگ ئەوەیە ئەمە زاڵ بوو و ئیستایش زاڵە و زاڵیش دەمێنێتەوە. پاراستنی ئەمەیش ئەرکە.

ئاگای لێیە یەکێک لە بزنەکان لەوانی تر هەڵدەدێرێ و بەپشت ئەو رەوەزە بەردەدا سەردەکەوێ کە دەیگەیەنێتە پانتاییەکی رووتەن. بزنەکە هەر دەڕوا و دەڕوا. سەرۆک کتوپڕ چەندە رقی هەم لە شوانەکە و هەم لە بزنەکە دەبێتەوە. لای وایە سەرتاسەری مێژوو ئەمەیە و بەس. چ وێنە و دیمەنێکی پڕمانا! ئەوانەی وا ماندوویی و لەوەڕ دایاندەبڕێ. بگرە تەنانەت ئەم چل ساڵەیش. بەڵام چی دەتوانێ بکا؟ مەگەر قەراربوو هەموو دونیا بکوژێ و زەختیان بکاتەسەر؟ وێنەیەک لە بزنەکە و شوانەکە دەگرێ، هەرچەند لە دەرکەوتنیان زۆر دڵنیا نیە.

'با' لێوەکانی وشک دەکا، بگرە ناودەمیشی. زمانێکی نیوەتەڕ بە لێوە وشکەکانیدا دەگێڕێ. قومقومە ئاوەکە لای ئەو نیە، بە هاوڕێکانیەتی. دەست دەبا گەڵایەک لە لاسکێکی بنەکورتەی تەنیشتی دەکاتەوە و دەیخاتە ناودەمی و دەیجوێ. تامێکی تاڵ دەڕژێتە ناو دەم و... ناو رۆحییەوە. 'ئەم شاخانە دەتوانن چەندە تاڵ بن!... کە تاڵیشن!' لە فەیسبووکدا بینیویەتی و خوێندوویەتیەوە کە ئێستاکە چەندە خەڵکی سەرقاڵی چوونە کێو و گەڕان بە ناویاندان. ئەو گروپانەی شاخیان بۆ گەڕان و بۆ لەززەت و بۆ هێشتنەوەی گەنجیەتی و سەلامەتی دەوێ. بیستبووی جاروبار دەگەنە ئێرەیش، کێوەکانی سەرسنوور. دووربینەکەی هەڵدێنێتەوە بە هیوای دیتنی یەکیان. بەڵام کوێستان لەوە تەنیاتر دەنوێنێ کە بتوانێ وێنای گروپێکی وەها لە ناو دڵ و

دەروونی خۆیدا بکا. بزەیەکی تاڵ لێوەکانی دەگەزێ. ساڵان، تەنیا دوو جۆر خەڵک روویان دەکردە کێوەکان، یەکەم، شوان و لادێیەکان و، دووهەم ئەمان. کەچی ئێستا جۆرێکی تریش پەیدابوونە. جۆرێک کە لەززەت بەشێک لە فەلسەفەی پەیدابوونەکەیەتی. 'چ نەسڵێک!' بەڵام سەرۆک دێتەوە بیری کە ئەویش حەزی بەم رێگایانە بوو و، کاتی خۆی لەززەتی لێدەبینین. هەرچەند لەززەتێک لەجۆرێکی دی. کتوپڕ تێدەگا لەززەت لەپشت زۆر شت خۆی حەشارداوە، تەنانەت لە پشت ئەو بزنەی خۆی لە مێگەلەکە هەڵاوارد و ئەو شوانەیش وا بێخەم پاڵی لێداوەتەوە و، بە سیمای برژاوی بەرهەتاوییەوە بیر لە ئێوارە دەکاتەوە.

ئەم بیرە بێزراوەیش بە راوەشاندنی دەستەکانی، لەخۆی دووردەکاتەوە. لای ئەو ناکرێ ئەو هەموو خوێنە بۆ لەززەت رژابێتن. ئەسڵەن ئەوانەی مێژووی شۆڕش بە لەززەتەوە گرێ دەدەن، خائینن. بەڵام نا، وچانێکی کورت دەدا. دیسان لە فەیسبووکدا بینیویەتی هاوڕێیان وێنەکان لەسەر دیوارەکەی خۆیان دادەنێن و بە حەسرەتەوە باس لەو ساڵانە دەکەن، ساڵانی چیا و جەولە و خوێن و ئارەق و ماندووبوون. هاوڕێیانی دەرەوە. "ئاە هاوڕێیانی دەرەوە!" سەرۆک هەوڵدەدا هۆکارەی ئەم کارەی ئەوان بۆ پیری و بۆ دوورەوڵاتی بگێڕێتەوە، بەڵام نا، ئەو هاوڕێیانە بە لەززەتەوە باسی ئەو ساڵانە دەکەن. ئەو ساڵانەی کە قەراربوو تەنیا ساڵەکانی رێگا بن و نەک لەززەت. ئەو لەززەتانەی بەڵێن بوو دوواتر بێن. سەرۆک بە ئەژنۆی خۆیدا دەکێشێ. تووڕەیە،... یەکجار. لای ئەو تەنیا ژیانی پڕ لە خێر و خۆشی و پڕ لە بێهوودەیی ئەورووپا و وڵاتانی رۆژئاوا دەتوانن سەرچاوەی وەها هەستێک بن. لەوێیە کە مرۆڤی بەتاڵ لە هەنووکە کتوپڕ پڕدەبێتەوە لە رابردوو، ئەویش پڕبوونەوەیەکی پڕ لە لەززەت! بزەیەکی تاڵ دەنیشێتە سەر لێوەکانی.

سەرۆک دەزانێ کە رابردوو کۆڵەکەی ئەساسیی شوناسە، بەڵام پێی وانەبوو تا ئەم رادەیە. "نا، ناکرێ وەها شوێنی رێگا و ئامانج بگۆڕدرێن،... ناکرێ وەها ئەمیان بچێتە شوێنی ئەویان و ئەویان شوێنی ئەم!"

سەیرێکی ئایفۆنەکەی و دووربینەکەی دەستی دەکاتەوە. ئەوسا سەیری ئەو نیشتمانەی کە ساڵانی ساڵ بوو یان بە دووربین و ئیستاکە لە دووای شۆڕشی تێکنۆلۆژی یان دەبا بە کامێرای ئایفۆن بیرەوەرییەکانی لێهەڵبگرێتەوە. ئەو بیرەوەرییانەی دوواتر دەتوانێ لە کامپیوترەکەیدا خەزنیان بکا و کاتی بێتاقەتییەکانی بەسەریان بکاتەوە. "بیروەرییەکانی دە، یان بیست ساڵی داهاتوو،... گەر تەمەن ئیزن بدا!" ئەوجا رەنگە بۆ یەکەم جار سەرۆک بیر لە کات دەکاتەوە. دەزانێ هەموو مرۆڤە بەتەمەنەکان هەمیشە گلەیی لە کات دەکەن، ئەوەیکە نەیانزانی تەمەن چلۆن رۆیشت و لە کۆتاییەکانی خۆی نزیک کەوتەوە، بەڵام قەت تا ئیستاکە کە بەسەر ئەم شاخەوە دانیشتووە بە جوانی لەم قسانە و لەم هەستە نەگەیشتبوو. هەست دەکا ئەو لەم بوارەدا زیاتر لە هەرکەسێکی تر مافی گلەیی هەیە. ئەمەیش نەک لەبەر خۆی بەلکو لەبەر ئەو نیشتمانەی ئەو هەموو ژیانی بۆ دابوو. "نیشتمان؟" ئەم پرسیارە لەمێشکی دەدا. بەڕاستی شوێنێک کە ئەو تەنیا بیست و پێنج ساڵی تێداژیابوو بۆ ئەو نیشتمان بوو، یان ئەو شوێنەی چل ساڵی تیا بەسەربردبوو؟ سەرۆک زۆر خێرا وەڵامی ئەم پرسیارە پڕ لە دڕدۆنگییەی خۆی دەداتەوە "بێگومان بیست و پێنج ساڵی سەرەتا!"ئەوسا بەو ئاکامە دەگا کە ئەقڵ و شعور و هەست لە هەر شوێنێک سەرەتا شکڵی گرت ئەوا ئەو شوێنە دەبێ بە نیشتمان.

سەرۆک بەم بیرە زۆر خەنی دەبێ، باشتر وایە بڵێین زۆر هەست بە سوکی جەستەی و دەربازبوونێکی کتوپڕی لە ژانێکی یەکجار قورس دەکا. لادەکاتەوە و سەیری

هاوڕێکانی دەکا. سەیری ئایفۆنەکە و دووربینەکەی. "کەواتە نیشتمان ئەوەیە لێرە لە دەروونی مێشکی مندایە!"

لە کاتێکدا رادەبێ و روو لە خوار ملەکە دەکا، بڕیاردەدا بۆ هەمیشە، واتە بۆ ئەو چەندین ساڵەی تەمەنی کە بە دەستییەوە ماوە، درێژە بە تێکۆشان بدا. بیردەکاتەوە ئیتر پێویستیش نیە بێت و لێرە بە دووربین یان ئایفۆن لە نیشتمان بڕوانێ و وێنەی لێ هەڵبگرێتەوە. ئەو تەنیا پێویستە بگەڕێتەوە بۆ بیرەوەرییەکانی بیست و پێنج ساڵی سەرەتای تەمەن، یان گەر بیر ئیزنی نەدا ئەوا بۆ وێنەکان، وێنەی ناو ئایفۆنەکە و ناو کامپیوترەکەی. نیشتمان هەمیشە لەوێیە،... هەمیشە.

## سەرۆک خەو دەبینێ

سەرۆک کتوپڕ لەخەو رادەچڵەکێ. لە تاریکیی شەودا بەدڵەخورپەوە سەیری دەورووبەری دەکا. منداڵ خەوتوون. ژوورەکە هەروا نوقمی تاریکی و رەنگی رەشی نیوەشەوە. بەپەلە دەست بۆ دەمانچەکەی دەبا کە لە پشت سەرییەوە لەژێر سەرینەکەیدایە. ئەوسا لە سەر کەلەکە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا. نا، لە رووناکایی بەئاستەمی دەرەوە هیچ کەسێک لەحەوشەکەدا نابینرێ. دونیا ئارام ئارامە، بە بێ هیچ دەنگ و جوڵە و مەترسییەک. بەڵام ئەو، ئەوی رێک لەناو حەوشەکەدا بینیبوو. پەیکەرێکی رەشی وەستاوی بێ جوڵە، کە زەق زەق بە چاوە تاریکەکانی لە ژوورەکەی دەڕوانی. ئەو نیگاکانی بە بێ چاوەکانی بینیبوو. پەیکەرەکە خاوەنی نیگاترین نیگای جیهان بوو. سەرۆک ئارام رادەبێ و لەسەرەخۆ لە پەنجەرەکە نزیک دەکەوێتەوە. نا، کەس لەوێ لە حەوشەکە نیە. ئەوجا سەرۆک تێدەگا خەوی بینیوە، خەوێکی ترسناک. لە کاتێکدا بە بەری دەستی ئارەقەی ساردی

ناوچاوانی دەسڕێتەوە، رقی لە خۆی دەبێتەوە. نا، نابێ خەوی وا ببینێ. تەنانەت پێشی سەیرە، ئەمە یەکەم جارە لە ژیانیدا خەوی ئاوا ترسناک بەرۆکی پێدەگرێ. نازانێ چۆنی لێک بداتەوە. ئاخر ئەوێک کە سەرتاسەری ژیانی لە مەترسیدا ژیاوە و بە دەیان جێی گۆڕیوە و لە دەیان و سەدان مەترسیی ترسناک رزگاری بووە، بۆ تاقە جارێکیش بێت خەوی ئاوای بەخۆیەوە نەبینیبوو. لادەکاتەوە و سەیری منداڵ دەکا. ئەوسا هەوەسی چوونە حەوشە دایدەگرێ. دەست دەبا بۆ دەسگیرەی دەرگاکە، بەڵام دەستی دەگەڕێتەوە. ترسێک لە سەر پەنجەکانییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو دڵ و بۆ ناو مێشکی. ئەوەندەی تر پەست دەبێ. بەڵام بێسوودە، دەستی دەرگاکە ناکاتەوە. دەڵێی دەستی کەسێکی ترە و لە شوێنێکی ترەوە فرمانی پێدەدرێ. شتێکی نهێنی پێی دەڵێ نەکا خەوەکە راست بێت و هێشتا پەیکەرەکە لە شوێنێکی حەوشەکە خۆی حەشاردابێ. پشتاوپشت دەگەڕێتەوە سەرجێگاکەی. دوژمن غەدداره! دەنگی هەناسەی منداڵ ژوورەکەی تەنیوە. دیوارە تاریکەکان هێشتا لەچاوشارکێدان. بە دەستەکەی تری دەستێ بە سەر لوولەی دەمانچەکەیدا دێنێ و لە دڵەوە سوپاسی هەبوونی دەکا. ئەوسا ئارام دەخزێتەوە ناو جێگاکەی. پەتووەکە تا سەر برۆکانی هەڵدەکێشێ ولەسەر شان رووەو پەنجەرەکە پاڵدەکەوێ. هەوڵ دەدا لە رێگای ئەو رووناکاییەوە ژوورەکە کۆنترۆڵ بکا کە لە پەتووەکەوە لە سەر برۆکانییەوە بە ئاستەم خۆ بە ژێر بەتانییەکەدا دەکا. سەرۆک دەزانێ کە هەموو پەیکەرێک خاوەنی سێبەرە و، هەر ئەم سێبەرە لەقاوی دەدا. کتوپڕ دێتەوە بیری کە قەراوڵەکانیش لەدەرەوەن، بە دەوری خانووەکەیەوە. ئەوسا ئارام دەبێتەوە. نا، بێگومان ئەمە تەنیا خەونە و بەس. ئاساییشە پیاو بۆ ماوەیەک هەروا لە ژێر کاریگەریدا بمێنێتەوە. ئا، ئاساییە، جا هەر کەسێکیش بیت. بەدەم ئەم بیر و خەیاڵانەوە، سەرۆک دیسان خەوی

لێدەکەوێتەوە. کاتژمێرەکە بە سەر دیوارە تاریکەکەوە سەعاتی چوارو نیوی دەمەوبەیان پیشان دەدا.

بۆ سبەی لە ژووری کارەکەی وەک هەمیشە کار زۆرە. رۆژنامەکان بەسەردەکاتەوە، وەڵامی نامەکان دەداتەوە، هەندێ میوان و هاوڕێ بەڕێدەکا و سەرئەنجام وەک هەمیشە وتارێکیش دەنووسێ. وتارێک لە سەر دوژمنی غەددار. ئەو دوژمنەی کە لەپاش تێپەڕینی چل ساڵ هێشتا نەک تەنیا هیچ نەرمییەکی نەنواندووە، بگرە لە جارانیش رەقترە. لە جاران دڵنیاتر. 'ئای دوژمن!' بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا سەرۆک دڵێکی هەر لای خەوەکەی دوێ شەوی بوو. بەرۆکی بەرنەدەدا. نە رۆشنایی رۆژ و نە دەنگی هاتوچۆی هاوڕێیان و نە دەنگی وڕەی ماشینەکان، یارمەتییان نەدەدا. تەنانەت چەند جارێک هەستایە سەرپێ و دەستەکانی لە پشت کەمەری گرێ دان و سینگی راست کردەوە و بە ناوچاوگرژی (وەک هەمیشە) لە بەرامبەری خۆی لە دیوارەکە و تەنانەت لەو دیوی پەنجەرەکەیشی رووانی. بگرە جارێکیشیان بە دەنگێکی بەرزتر لەجاران لە گەڵ چایچییەکە قسەیشی کرد، بەڵام هیچی ئەمانە یارمەتی نەدا. نائومێدانە لەسەر کورسییەکەی دانیشتەوە و شانی دادا. 'باشە ئەو خەوە چی بوو؟'

ساڵانی ساڵ لە دوژمن نەترسابوو، قەت قەت. بگرە 'رقی پیرۆز' رۆژبەڕۆژ زیاتر تێیدا گڕی سەندبوو، وەها کە ورە ببوو بە هاوڕێیەکی هەمیشەیی و رۆژانەی، بەڵام،... ئەو خەوە دۆخەکەی گۆڕیبوو. باشە بچێ بۆ لای کەسێک خەوەکەی بۆ لێکبداتەوە؟ دەیزانی زۆر کەس ئەم کارە دەکەن. بەڵام ئەم بیرەی بە راوەشاندنی دەستەکانی لەخۆی دوورخستەوە. ئەو نابێ بە هیچ شێوەیەک ئەم کارە بکا. حەیای

خۆی و شۆڕش و نەتەوەیەک دەبا. ئەها! بە خۆشییەوە ئینتەرنێت هەیە. ئا، ئینتەرنێت و کۆمپیوتر! بە پەلە چووەوە پشت مێزەکەی. باشە بۆ زووتر ئەم بیرەی نەکردبووەوە. رقی لە گەمژەیی خۆی دەبووەوە. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو هەستایەوە سەرپێ. بەپەلە چوو پەردەکەی دادایەوە. نا، نابێ کەس بیبینێ. هاوڕێی جگەرەکێش زۆرن و بەوێدا تێدەپەڕن. ژوورەکە کەمێک تاریک داگەڕا. بەڵام چاو خێرا عادەتی گرت. هاوین وایە. لە دەروونەوە سوپاسی بیلبیلەکانی خۆی کرد کە سەرەڕای هەڵکشانی تەمەن هەروا خێرا وەڵامی دۆخی نوێیان دەدایەوە. بە تاریکی زوو دەکرانەوە و بە رووناکی زوو خۆیان کۆدەکردەوە. گووگڵی کردەوە. حەک کە رقی لە خاویی ئینتەرنێتە! بە تایبەت ئەمڕۆ، بەڵام چاری نیە. دەبێ سەبری هەبێ. وەک چۆن چل ساڵە سەبری گرتووە.

لەناو پەنجەرەکەی گووگڵ دا نووسی "دیتنی پیاو لەناو تاریکیدا". کۆمەڵێک لینک هات. چاوێکی بەسەردا خشاندن. ئەگەرچی هەندێ لەو وشانەی نووسیبوونی لەناو لینکەکاندا هەبوون، بەڵام رستەکە بە تەواوەتی نەهاتبوو. گووگڵ شتی تری دەهێنا. بۆ وێنە 'لێکدانەوەی تاریکی لە خەودا'. یەکیانی کلیک کرد و، خوێندیەوە. سەرەتا هەر هەموو پەرەگرافەکەی پێکەوە خوێندەوە، ئەوسا دووهەم جار لەسەر هەر رستەیەک رادەوەستا و بیری لێدەکردەوە.

"ئێمە نازانین لە دەروونی تاریکیدا چی هەیە، هەربۆیە هەندێ جار لە تاریکی دەترسین و ناوێرین بچینە ناویەوە. لە خەویشدا نەزانی و گومڕاهی و گوێنەدانەکانمان (غفڵەت) بە شێوازی تاریکی خۆیان دەنوێننەوە. ئەگەر لەخەودا بینیمان لە شوێنی رووناکەوە دەگەینە شوێنی تاریک، ئەوا لە کارەکانماندا دووچاری

دڕدۆنگی دەبین و کارێکی نەزانانە دەکەین، بەڵام ئەگەر لە تاریکییەوە هاتینە دەر ئەوا لێکدانەوەیەکی باشی هەیە. ئەگەر لە تاریکی هاتیتە دەر و چوویتە ناو ڕۆشناییەوە ئەوا بە گشتی دۆخت باش دەبێ و 'تاریکیی نەزانی' جێ دێڵی...،... ئەگەر کەسێک لە تاریکی دا بوو و تۆ ناتوانی بیبینی بەڵام دەنگی دەبیستی، ئەوا مانای ئەوەیە کەسێکی سەرلێشێواو و ڕێگا لێ ونبوو داوای یارمەتیت لێدەکا...،... ." 'نەزانی و گومڕاهی بە شێوازی تاریکی لە خەودا خۆ دەنوێننەوە.' ئەم ڕستەیە دایدەچڵەکاند. یانی چی، لە دووای ئەو هەموو ساڵە و ئەو هەموو ماندووبوون و بەدبەختی و زەحمەت کێشانە ئێستا خەوێک ببینی کە پێت بڵێ هەموو شتێ هەڵە بوو!... نەزانی و گومڕاهی بوو! مشتێکی بە مێزەکەدا کێشا. کاغەز و قەڵەمەکانی بەردەمی لەترسانا هەڵیانخستەوە. چاوی خستەوە سەر دەقەکە. لە هەموو ڕستەکاندا زیاتر لەئەوانی تر ڕستەی کەسەکە بوو سەرنجی ڕادەکێشا: "ئەگەر کەسێک لە تاریکی دا بوو و تۆ نەتوانی بیبینی بەڵام دەنگی ببیستی، ئەوا..." سەری هەڵبڕی. ئەو، کەسەکەی بینیبوو، بەڵام دەنگی نەبیستبوو. ئەی کەواتە تەعبیرەکەی چ دەبوو؟ دەستی خستە ژێر چەناگەی و بیری کردەوە. ئەها! کەواتە چونکە دەنگەکەی نەبیستبوو ئیتر بەو مانایەیە کەسێکە ڕێگای لێ ون نەبووە و، بۆیە داوای یارمەتی لێ ناکا. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو کەسە چی دەوێ، بۆ لەوێیە و بۆ بە بێدەنگی لەو لە سەرۆکی دەڕوانی؟ ئەویش بەو نیوەشەوە؟

دیسان دەچێتەوە ناو گووگڵ. زۆر شوێنی بەسەرکردەوە. شتێکی وای دەست نەکەوت. هەستایەوە سەرپێ و پەردەکەی لادا و لەدەرەوەی ڕووانی. داوای چاییەکی کرد و جگەرەیەکی داگیرساند. داخۆ بچێ بۆ لای ئەو پیرێژنە بەناوبانگەی وا دەیانگوت وەستای لێکدانەوەی خەونە؟ دیسان بە ڕاوەشاندنی دەست بیرەکەی

لەخۆی دوورکردەوە. نا، نابێ شتی وابکا. سەرۆکەکان خۆیان نادەنە دەستی هەست و بیرە بێ بنەما و بێ سەرەوبەرەکان. ئەوان تەنیا وەڵامی ئەقڵ دەدەنەوە. ئەم بیرە سینگی پێ راستکردەوە. ئا، ئەقڵ! چەند وشەیەکەی پڕمانا و خۆش ئاهەنگ! بزەیەک نیشتە سەر لێوەکانی. چ گەمژەیە واخۆی دابووە دەست خەیاڵە بێ ماناکان، خەیاڵە پڕوپووچەکان. ئەو تەنیا پێویستی بە کات هەبوو بۆ ئەوەی لەم گێژاوە مەسخەرەیە رزگاری ببێ. هەتا کاتیش زیاتر تێدەپەڕی، هەستی بە ئارامشێکی زۆرتر دەکرد. دەستی بردەوە ئەو رۆژنامەیەی هەڵگرت کە وتارێکی تێدا بە نیوەناچڵی بەجێ هێشتبوو. درێژەی نەدا. لاپەڕەیەکی هەڵدایەوە و گەیشتە بەشی ئەدەب و هونەر. ئەو کە زۆر هۆگری ئەدەب و هونەر نەبوو، وەک هەمیشە لە کاتێکدا رۆژنامەکەی بە دەستەوە بوو هەوڵیدا بە زمان پەنجە گەورەکەی تەڕبکا بۆ هەڵدانەوەیەکی خێرای تر، کە کتوپڕ سەردێڕێک سەرنجی راکێشا "سێبەرێک لە ناو تاریکیدا". بە پەلە راوەستا و بۆ یەکەم جار لە بەشی ئەدەب و هونەر وردبووەوە. چیرۆک بوو. چیرۆکێک لە سێ ستووندا. خوێندیەوە. مرۆڤێک رێگای دەکەوێتە تاریکی و بۆ هەمیشەیش لەناویدا دەمێنێتەوە. هەوڵێکی زۆردەدا بۆ ئەوەی لێی دەرباز بێ، بەڵام هەرچی هەوڵدەدا بێسوودە. تا وای لێدێ کە بۆ خۆیشی دەبێ بە سێبەر، بە بەشێک لە تاریکی. ئەوسا چونکە تاریکی بەشێکی ژیان و 'بوون'ە و بەردەوام پاڵی بە رووناکاییەکانەوەیە، ئەوا مرۆڤەکە زۆر جاران لە ناو تاریکیدا رادەوەستێ و سەیری دەرەوەی خۆی سەیری رووناکاییەکان دەکا! سەرۆک کە لە خوێندنەوەی دەبێتەوە، دادەچڵەکێ. نەکا مرۆڤی ئەم چیرۆکە بێت دوێ شەو هاتبووە خەوییەوە؟ رۆژنامەکە دادەنێ و بە تووڕەییەوە رادەبێ و دەست دەکا بە قەدەم لێدان لە

ژوورەکەدا. هەست دەکا پەیوەندییەک لەنێوان خەوەکە و ئەم چیرۆکەدا هەیە. نا، ئەمە بە رێکەوت نەبووە. ئەمانە هەمووی ئاماژەن بە شتێک. بەڵام چی؟... کام شت؟ ئەو مرۆڤە کێیە؟... لە کوێوە هاتووە؟ کێ ئەمەی رێک خستووە؟

نەکا ئەم چیرۆکە تەعبیری خەوەکەی ئەو بێ؟ لێکدانەوە و تەعبیرێکی بە هەڵکەوت. کەسێک کە بووە بەو رێگایەی وا پێیدا دەڕۆیشت، رێگایەک بێ ئامانج، بە بێ شوێنێک بۆ ئەوەی بیگەیتێ، رێگایەک کە خۆی لەخۆیدا بووە بە ئامانج. ئەمە خراپترین و کارەساتبارترین جۆری هەبوونە. بەم بیرە ئەوەندە خەمگین دەبێ کە لە گۆشەیەکی ژوورە تەنیاکەی هەڵدەتروشکێت و دەستەکانی لەناو یەکتردا گرێدەدا و لە عەرزەکەی بەردەمی رادەمێنێ. چەند؟ کەس نازانێ. بیر لە چڵ ساڵی رابردوو دەکاتەوە. ئەو چڵ ساڵەی وا سات بە ساتی چاوەڕوانی رووداوی رووداوە گەورە ببوو و هەر ئەمەیشی لەهەموو رۆژنامە و رادیۆ و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکاندا گوتبووەوە و دووپات و چەندپاتی کردبووەوە. ئەو چل ساڵەی دەڵێی ساڵێکن، ساتێکن. نەکا سێبەرەکە، ساڵەکان بن، ئەو چل ساڵە؟ ئێستا چەند حەزدەکا سێبەرەکە لانیکەم لە خەوەکەیدا هاواری کردبا. ئاخر بەو مانایە دەبوو فریادڕەسێکی فریا دەکەوت، بەڵام هەموو شتێ هەر بێدەنگی بوو و بێدەنگی. ئەو بێدەنگییەی سەرۆک پێی وابوو لەم چل ساڵەدا بەردەوام شکاندبووی و پاشەکشەی پێکردبوو.

ئارام رادەبێ. سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکا. کات درەنگە. شمەکەکانی کۆدەکاتەوە و بەرەو ماڵەوە دەبێتەوە. قەراوڵ و حیمایەکان ئەم لاو لای دەگرن. ئاسمانی ئێوارە ساماڵە. هەورەکان لە هیچ شوێنێ دیارنین. بۆنی خاک بە ئاستەم

تێکەڵ بە تەڕییەکە. دەزانێ ئەو تەڕییە هی ئاوپژێنی هاوڕێیانە. دەیانەوێ یارمەتی ئێوارە بدەن بۆ ئەوەی زەوی زووتر سارد بێتەوە.

شەو لە هەمان شوێن ناخەوێتەوە. داوادەکا جێگاکەی بۆ بەرنە ژوورەکەی پشتەوە. ژنەکەی دەڵێ ئەوێ گەرمە. سەرۆک دەڵێ قەت بەقەدەر ئەمساڵ حەزی بە گەرما و بە ئارەق کردنەوەی ناو جێگا نەبووە! دەڵێ هیچ شتێک بە قەدەر ئارەقکردنەوە بۆ جەستەی مرۆڤی بەتەمەنداچوو باش نیە، سەلامەتی دێنێ.

جێگاکەی لەوێ لە ژوورەکەی پشتەوە بۆ رادەخەن. لەوێ یەک تاقە پەنجەرەی تیایە کە ئەویش بەرزە و تەنیا ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی شەوانی لێوە دیارە. بزەیەکی دێتێ و لەبەرخۆیەوە دەڵێ تا ئیستا هیچ سێبەرێکیش لە ئاسمانی پڕ ئەستێرە نەبینراوە، ئەگەرچی چلساڵیش بە سەر تەمەنیدا تێپەڕیبێ.

سەرۆک ئەو شەوە خەو نابینێتەوە، بەڵام سێبەرەکە دیسان دێتەوە و رێک لەناو حەوشەکەدا لەهەمان شوێن رادەوستێتەوە و بە نیگا بێ چاوەکانی لە ژوورەکان دەڕوانێتەوە. سەرۆک تا بەیانی پەیتا پەیتا خەبەری دبێتەوە و دەست دەبا پەرداخ پەرداخ لە دۆلکە ئاوەکەی پشت سەری دەخواتەوە. دۆلکەکە چوارو نیوی دەمەوبەیان تەواو دەبێ. هەموو جەستەی شەڵاڵی ئارەقە و ئاوە. مووە سپییەکانی سەر سینگی بەیەکتر و بە پێستیدا لکاون. هاڵاوێکی گەرم ژوورەکەی داپۆشیوە. هەناسەکێشان ئەگەرچی زەحمەتە، بەڵام بۆنی ناو ژوورەکە پێی دەڵێ ئەو لێرە تەنیایە،... تەنیای تەنیا، بە بێ هیچ سێبەرێکی پڕ نیگای بێ چاو.

بەیانی زوو بە دەنگی کەڵەشێری دراوسێکەیان خەبەری دەبێتەوە کە لێرە لەم ژوورەی پشتەوە دەنگی جوانتر دەبیسترێ. سەرۆک چاو هەڵدێنێ و لە ژێر پێڵوە هێشتا قورسەکانییەوە لەو رووناکاییە رادەمێنێ لە پەنجەرە گچکەکەی نزیک

سەقفەکەوە خۆ بە ژوورێدا دەکا. لەو کاتەیدا بە دلێکی یەکجار خۆشەوە دەیەوێ سوپاسی ژیان بکا بۆ لەبیرکردنی ناخۆشترین رووداوی ژیانی، دەبینێ تیشکەکە لە وێنەی هەیکەلێک بە سەر سەقفەکەدا راکشاوە. سەرۆک دادەچڵەکێ. هەیکەلەکە چەند لە سێبەرەکە دەچێ. ئەو سێبەرە روونەی ئیستا زەق زەق بە چاوە تاریکەکانی لە ژوورەکە و لەوی دەڕوانی. نیگا بێ چاوەکان. پەیکەری خاوەنی نیگاترین نیگای جیهان.

لەو سالانەوە، ئیستا ئیتر بەشێک لە کاری سەرۆک سیرچ کردن لە گووگلدایە بۆ لێکدانەوەی خەوەکانی. هەموو جارێکیش سیرچ کردنی ئەو سێبەرەی هەر جارەی لە شوێنێکەوە و بە شێوازێک و کەچی بە هەمان نیگاوە دەردەکەوێ. سەرۆک ئیستا یەکێک لە شارەزاترین خەوناسەکانی ناوچەکەیە، ئەگەرچی کەس ناوێرێ بۆ لێکدانەوەی خەوەکانی رووی تێبکا!

## سەرۆک دەچێ بۆ راوەماسی

سەرۆک وەک هەر مرۆڤێکی تر، جاری وایە لە هەموو شتێکی ئەم دونیا نارەسەن و نەگبەت و بێ وەفایە جوان جوان بەتاڵ دەبێتەوە و، دەبێ بە قاڵبێکی پڕ لە 'هیچ' ی. پووچ پووچ. پەیکەرێکی بە تەواویی بێ مانا. بگرە تەنانەت هەست دەکا لە چاو مرۆڤەکانی تر زۆر خراپتر بەتاڵ دەبێتەوە. ئەوەندە بەتاڵ کە حەزی لە راوەماسییە!

سەرۆک دەزانێ ئەو نابێ و قەت مافی ئەوەی بە هیچ کلۆجێک نیە ئەم بەتاڵبوونەوەیە پیشان بدات. زۆر چاک دەزانێ دەبێ وەک هەمیشە قورس و قایم بنوێنێ،... قورس و قایم وەک خودی شۆڕش و بەرخودان و بەگژاچوونەوە. بەڵام بەتاڵبوونەوەکە لەوێیە، بەرۆکی بەرنادا، بۆیە دەست دەبا تەلەفۆنەکەی، یان جاری وایە بێ تەلەکەی هەڵدەگرێ و بە هاوڕێیان دەڵێ کە سبەی زوو دەچن بۆ چەمەکەی جاران، بۆ راوەماسی (چەند بە ئەشقەوە ئەم وشەیە لە زاری دێتە دەرەوە)، ئەو چەمەی بە ماشین تەنیا بیست دەقیقەیەک دوورە. هاوڕێیان کە نیوەیان یەکجار خۆشحاڵن و نیوەکەی تریان وەک هەمیشە لەبەر خۆیانەوە جوێن دەدەن (ئەو نیوەیەی خۆشحاڵن لە بەشی گۆشتخۆرەکانن و بەشە ناخۆشحاڵەکەیش نیگابانە وشکەنانە خۆرەکانن)، پێداویستییەکانی سبەی ئامادە دەکەن. سەرۆک تا رۆژی لێ دەبێتەوە خەریکە شێت دەبێ. لە ژوورەکەیدا دێت و دەچێ، جگەرە دەکێشێ و هەوڵدەدا بە خەیاڵی پڕ لە هەوەسی ژنێکەوە کات باشتر بکوژێ. لەبەر خۆیەوە دەڵێ لەخۆوە نیە دەسەڵاتی دوژمن بە شەو دەشوبهێنن.

بۆ سبەی سەیارەکان ریزدەبن. لە ژماردن نایەن. ئەوسەریان لە ناو پێچی جادەکەدا ون دەبێ. هاوڕێیان یەکجار سەریان قاڵە،... بەپەلە دێن و دەچن، پڕبەخۆیان هاواردەکەن، بەتەمەنەکان لە گەنجەکان توڕەدەبن، دوواتر سەرئەنجام یەک بە یەک بە سەیارەکاندا سەردەکەون و، کتوپڕ دونیا بۆ چەند ساتێک دەبێ بە گۆڕستان، بێدەنگ بێدەنگ دەبێ. وەها دەنگی هەناسەی چۆلەکە دەبیسترێت. کە بەڕێ دەکەون، هەموو گڵۆپەکان هەڵدەکەن. هۆڕن لێدەدەن. دەبێ بە حەشر. دەڵێی زەماوەندە. هەموو خەڵکی، ئەوانەی وا لەسەر ڕێگایانن، دەرژێنە دەرەوە بۆ سەیرکردن. ژنەکان لەترسا پەلی منداڵەکان دەگرن و رایاندەکێشن و بەخۆیانەوە دەیانچەسپێنن. پیاوەکان سەریان لە کاری خوا سوڕدەمێنێ و ئەوسا لەبەرخۆیانەوە دەڵێن داخۆ سەرۆک ئەمجارە چ پلانێکی تری پێیە بۆ تاساندنی دوژمن.

سەرۆک کە چاویلکە رەشەکانی لە چاو کردووە، تەنیا لەپێشی خۆی دەڕوانێ. دووردوور. وەک هەمیشە. ئاخر ئەو پێی وایە لەم ژیانەدا تەنیا یەک ڕێگا و یەک ئاراستەی مانادار هەیە، ئەویش بەرەو پێشەوەیە. لای ئەو، دونیا و ژیان بریتیە لە پاش و لە پێش (جاری وایە کە حەزی لە گاڵتەکردنە دەڵێ وەک جەستەی ژن!). سەرۆک لە کاتی ڕۆیشتن دا قەت لاناکاتەوە، دەزانێ هاوڕێیان بە شوێنیەوەن و لێی ون نابن. جادەکە لە تۆزی چڕی بەرپاکراوی بن تەگەرەکاندا ون دەبێ و هەموو دونیا دەبێ بە خۆڵ. خۆڵێکی زەردی چەسپ ئاسای حەز لە ریش و لە برژانگ و لە برۆ. چ ڕۆژێکی خۆشە! سەرۆک پاڵدەداتەوە و هەوڵدەدا لە خەیاڵی خۆیدا ئەم سەفەرە وەک سەفەری سەردانی یەکێک لە سەرۆکەکانی تر بێنێتە بەرچاوی خۆی.

کە دەگەن، هاوڕێیان بڵاو دەبنەوە (وشکەخۆرەکان). گۆشتخۆرەکانیش بە دەوری سەرۆکەوە بارگە و بنە لێرە و لەوێ بە درێژایی چەمەکە دەخەن. ئەگەرچی هەوا

زۆر بێ تام گەرمە، بەڵام نەسیمێک فێنکایی ئاو لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و بە دەموچاو و سەروسینگی پڕ لە مووی سەرۆکیدا دەکا. بزەیەک لێوەکانی دەگەزێ. ئەوسا لە دەروونەوە سوپاسی ماسییەکان دەکا، ئەو ماسییانەی هەمیشە لەکاتی پووچییەکاندا فریای دەکەون.

سەرۆک هەمیشە حەزدەکا خۆی یەکەمین ماسی بکوژێ، بۆیە داوای کڵاشینکۆفەکەی دەکا. تفەنگەکە لەوە ئامادەترە بۆخۆی چاوەڕوانی دەکرد. دەستبەجێ دەیدەنە دەستی. شادییەک بە داڵانی دڵیدا دەگەڕێ و لە یەکێک لە پەنجەرەکانییەوە سەرەتاتکێی دەرەوە دەکا. ئەو هەمیشە شوکورگوزاری هەبوونی هاوڕێی وەها بووە، ئەگەرچی جاری وایە یەکجار لێیان تووڕەیە. هەڵبەت بۆ ئەمەیش ناحەقی نیە. جاری وایە هاوڕێکان زیاتر لە خەڵکی هەستی بەتاڵبوونەوەکە رووبان تێدەکا و ئەمەیش بۆ پلانە گەورەکەیان بە هیچ جۆرێک باش نیە. بێگومان ئەم راوەماسییە بۆ ئەوانیش باشە. ئەسڵەن راوەماسی بۆ هەموو کەس باشە. بیردەکاتەوە گەر رۆژێک ژیاننامەی خۆی بنووسێتەوە بێگومان باسی دەکا، بەڵام جارێکە بۆ وەها قسەوباسێک یەکجار زووە. هەر کەلامە و، شوێن و کاتی گونجاوی خۆی.

پێش ئەوەی میل بێنێتەوەو نیشانە لەئاوەکە بگرێ (هەڵبەت ئەو نیشانە ناگرێ، لە ئەزەلەوە وا بووە کە نیشانەکە بۆخۆی خۆی بە دەستەوە دەدا، رێک دێتە بەر لوولەی تفەنگەکەی)، دوو هاوڕێ خۆیان رووت کردۆتەوە و بە توێی دەرپێیەکی کورتەوە خوار ئاوەکەیان گرتووە. تەق تەق تەق،... فیشەکەکان ئاوەکە دەپێکن و بەدەمییەوە چەند ماسی سەر ئاو دەکەون (چەند باڵندەیەک لە کۆمەڵە درەختەکانی ئەوبەر چەمەکەوە هەڵدەفڕن و کیسەڵێکیش سەری دەباتەوە ناو قاپووڕەکەی). هاوڕێ

سێکسییەکان دەستبەجێ دەیانگەنێ (هەڵبەت باشتر وایە بڵێین ماسییەکان دەیانگەنێ) و، دەیانگرن. سەرۆک چاویلکە ڕەشەکەی بۆ ساتێک هەڵدەداتەوە و لێیان دەڕوانێ. ئیتر هاوڕێیان وەک هەمیشە دەزانن چ بکەن. پرۆگرامەکەیان لەسەرە. بگرە ئەمجارەیان زۆر باشتر لە جاران (وەک بڵێ دەیانزانی ئەمشەو سەرۆک بە زەحمەت خەوی لێکەوتووە). ئیتر بە درێژایی چەمەکە دەنگی تەقینەوەی نارنجۆک و فیشەکە ئاوی چەمەکە بە ئاسماندا دەبا. ئەو دەنگە چەند خۆشە! لەژێر چاویلکەکانییەوە ئەم سەراوسەرێکی چۆمەکە دەکا. ئەوەتەی لەبیری دێ حەزی بەم دەنگە بووە، دەنگی تەقە. دەنگێکی بەهێزی یەک چرکەیی کە تا ئەوپەڕەکان لە چەند چرکەدا دەچێ. ڕێک وەک دەنگی شۆڕش. ئاە یادی بەخێر شۆڕش! سەرۆک کە بیرەوەریی یەکجار زۆری لەم دەنگە هەیە، بەیادی جاران چاوەکانی دەقونجێنێ و هەوڵدەدا دیمەنەکانی ساڵان بژیەنێتەوە. جەستەی هاوڕێ رووتەکان لە هەموو شوێنی چەمەکە شۆق دەداتەوە. چەند تامەزرۆیانە بە شوێن ماسییەکاندا بە پێی مەلە هەڵدێن!

پاشان ئاور دەکرێتەوە. پشکۆکان لە رۆحی بەشەر دەچن، گەش گەش، بەشەری تێکەڵ بە ئارەزووە گەورەکانی وەک ئارەزووەکانی سەرۆک. بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێ. هەست دەکا پشکۆکان، کە خێراخێرا دەگەشێنەوە و دەمرن، هەستە ناخۆشەکە دەژیەننەوە،... 'هیچ' ی دەگێڕنەوە،... زۆر نامەردانە دەیهێننەوە،... خەریکن رۆژەکەی لێ خراپ دەکەنەوە. لە کردەیەکی خۆبەخۆدا دەست بەرزدەکاتەوە و هاواردەکا کە زوو پشکۆکان بکوژێننەوە، ڕێک بە ئاوی خودی چەمەکە. هاوڕێ گۆشتخۆرەکان کە سەریان بەم فرمانە سوڕماوە، سەیری یەکتر دەکەن و ئەوجا چەند دانەیەکیان پاش چپەچپێکی ناوخۆیی و دۆستانە، پێکەوە لە

سەرۆک نزیک دەکەونەوە. پێی دەڵێن بە بێ پشکۆ، لە ماسی برژاو هیچ خەبەرێک نابێ و کەواتە 'هیچ' ی هەر لەوێ لە شوێنێک کە تەنیا خودی سەرۆک دەزانێ کوێیە، دەمێنێتەوە. دەڵێن دەزانن کە دڵتەنگی وەهایە و جاری وایە کاری سەیر سەیر بە مرۆڤ دەکا، بەڵام پەشیمان بوونەوەیش هیچ عەیب نیە و بگرە گەورەیی زیاتریش دەنوێنێ. تەنانەت پەشیمانی، دڵتەنگیش پەشیمان دەکاتەوە. سەرۆک کە کتوپڕ بیری دەکەوێتەوە تەنیا لە دووای خواردنی ماسییەکانە هەستە قۆڕەکە دەڕەوێتەوە، باڵە هێشتا درێژکراوەکەی ناو هەوا دێنێتە خوارەوە، قوڕگی بە ئحمێک ساف دەکا و ئەوسا دەڵێ مەبەستم کوژاندنەوەیان بوو لە پاش برژاندنی ماسییەکان! ئەوجا خەمگینانە بادەداتەوە و دەچێتەوە لە قەراخ ئاوەکە، رێک لەو شوێنەیدا تەقەی کردبوو، رادەوەستێتەوە و دوو فرمێسک لە ژێر چاویلکە رەشەکانییەوە دەخزێنە خوارەوە و لەناو سمێڵە ماش و برینجیەکەیدا ون دەبن. سوێند دەخوا ئەمجارە تەنانەت گەر بە دزیشەوە بێت دوو ماسی لە گەڵ خۆی بباتەوە و شەو وەک کل بە چاوەکانیدا بیانهێنێ (ئاخر سەرۆک نابێ شت لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ).

هێشتا یەکەم دەوری ماسییە برژاوەکانیان بەتەواوی نەخواردووە کە بایەکی توند هەڵدەکا و هەرچی تۆزی قەراخ چەمەکەیە لوولی دەدا و بە ئاسمانیدا دەپرژێنێ. هەورێکی رەشی چڵکن سەرتاسەری ئاسمان دادەپۆشێ و دونیا تاریک تاریک هەڵدەگەڕێ. بە شوێنی دا وەها بارانێک دەست دەکا بە بارین کە لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا هەرچی ئاور و پشکۆیە دادەمرکێتەوە. گۆشتخۆرەکان دەشەمزێن (تەنیا وشکە خۆرەکانن وەک هەمیشە بە ئارامی راوەستاون)، هاواردەکەن هەموو بەرەو ماشینەکان راکەن. سەرۆک کە چاوەڕوانی وەها وەزعێکی نەدەکرد، سوێندی خوارد کە ئەمە نیشانەیەکی ترە بۆ مانەوەی هەمیشەیی 'هیچ' ی لە دەروون و لە هەناویدا.

دەستێک دەیویست هەموو شتێکی لێ تێک بدا و تێکیشی دابوو. ئەگینا بەم چلەی هاوینە و بەم گەرما سەیرو سەمەرەیە، ئەم بارانەی لەچی! بۆیە نەجوڵا. دەبێ ئیتر خۆی بداتە دەست قەدەر. چەند دانە لە گۆشتخۆرەکان هەوڵیاندا بە دۆزینەوەو هێنانی کۆتێکی بەرێکەوت، یاخود پەتوو یان شتێکی لەم بابەتە سەرۆک لە غەزەبی بارانە ناوەختەکە کە ئیستاکە جاری وابوو بەرەو تەرزە بایدەدایەوە، بپارێزن. بەڵام سەرۆک ئەوەندە مەند و ئەوەندە ئارام و لەسەرەخۆ راوەستابوو کە ئەوانیشی لە هەڵپە هەڵپ خست. مەندی و لەسەرەخۆبوونی سەرۆک وەک پەتا هەموویانی گرتەوە. چیتر کەس راینەدەکرد و خۆی لە پەنا و پەسێوان نەدەشاردەوە. تەنانەت ئەوانەیشی وا لە ناو ماشینەکاندا بوون، هاتنە دەرەوە. هەموو ورد ورد بە بێ چاوتروکاندن لەو پەیکەرەیان دەڕوانی وا چووبووەوە قەراغ چۆمەکە و بە ئارامی لە ئاوەکەی بەردەمی وردببووەوە. کەسایەتیی سەرۆک دیسان هەر هەموویانی وڕکردبوو. جارێکی تر دەرفەت هەڵکەوتبوو و پیشانی دابووەوە بۆچی سەرۆک سەرۆکە و بۆچی ئەو شوێنە شیاوەی بەنسیب بووە. پیاوی مەندی ناو رەهێڵە و شەستە باران، کاتێک دونیا لە تاریکیدا نوقم دەبوو و دەنگی 'با' دڵی مرۆڤی بەقەدەر دڵی مشکێک لێدەکرد. سەرۆک هەمیشە دڵی شێری هەبووە.

کەس نازانێ چەندەی خایاند. هەر ئەوەندەیان دەزانی کاتێک بارانەکە خۆشی کردەوە و هەورەکان رەوینەوە، نەک جل و بەرگەکانیان، بەڵکو تەنانەت دڵێشیان خوسابوو. ئەوجا ئاسمانی شین و هەتاوی گەرم و داغی هاوین دەرکەوتەوە. خۆر، زەویی تەڕی کردە هەڵم و بەرەبەرە هەیکەلی سەرۆک لەناو مژێکی سەیردا نوقم بوو. ئەوەندەی نەخایاند لەناو مژەکەوە گۆرانییەکی حەزین، قەراغ چەمەکەی گرتە خۆ.

مەقامی سێوێ، هۆرە و سیاچەمانەی هەورامی و... حەیران. جەماعەت کە قەت سەرۆکیان وەها نەبینیبوو، لە یەکتریان رووانی. یەکیان کە نزیکترین کەس لە سەرۆک بوو بەپەلە دەنگی هەڵبڕی "کەسێک لەوبەر چەمەکەوە کە بێگومان شوانێکی بەرخەڵ لێیهەڵبڕاوە، گۆرانی دەڵێ و سەرۆکیش خەریکە گوێی لێدەگرێ!" پاشان بەهەڵەداوان بەرەو سەرۆک رۆیشت و لەناو مژەکەی دەوریدا ون بوو.

کە زەوی وشک بووەوەو چیتر هەڵم نەما و دونیا وشک و برینگ هەڵگەڕایەوە، سەرۆک بە چاوە خەمگین و داهێزراوەکانی گەڕایەوە لای سکڵە مردووەکان، کەمێک نووکی قاچەکانی تێوەردان و پاشان بە دەنگێکی خەمگین فرمانی گەڕانەوەی دەرکرد.

لەو رۆژەوە سەرۆک ئەوەی قبوڵکردووە کە 'پووچی' بەشێک لە کەسایەتییەتی و بۆیە نە راوەماسی و نە تەقە ناتوانن فریای بکەون. تەنانەت هاتووەتە سەر ئەو رایەیش کە تەنانەت 'شۆرش' یش بۆ رەواندنەوەی ئەم هەستە هیچی پێناکرێ. بۆیە ئیستاکە، کاتێک خەمگین دەبێ، لەجیاتی راوەماسی، دەچێتە ژوورە بێ پەنجەرەکەیان (ئەم ژوورەی کە رووەوە دەشتێکی کاکی بە کاکی دەڕوانێ، ماوەیەکە چیکردووە)، دەرگاکە لەسەر خۆی دادەخا و ئەوسا دەست دەکا بە گوتنی سێوێ، سیاچەمانە و هۆرە، یان چڕینی حەیرانی دەشتی هەولێر.

لەم کاتانەدا تەنیا خودی سەرۆک و گۆشتخۆرەکان گوێیان لە دەنگە حەزینەکەی سەرۆکە. ئەو گۆشتخۆرانەی، وا پێیان وایە سەرۆک گەمژەترین بوونەوەری سەر رووی زەوییە و بۆیە لە کۆبوونەوە نهێنییەکانیاندا ئیستاکە باسی هاوردنی سەرۆکێکی تر دەکەن. سەرۆکێکی مەست و کەیلی راوەماسی. ئەگەرچی هەموو دونیایش شەستە و رەهێڵە بێت.

## سەرۆک و دایکی

لە لای سەرۆک ئەو ئێوارەیە یەکێک لە ئێوارە جوانەکانی دونیا بوو. پانتایی بەرفراوانی ئاسمان کە لە دووردەستەکاندا ون دەبوو، بەو رەنگە جۆربەجۆرانەوە وا جێگایان بۆ یەکتر چۆڵ دەکرد و کەچی بەردەوام دەهاتنەوە، ئەو باڵندە دوورەدەستانەی شێتانە دەفڕین و قووڵایی ئاسمان لەخۆ بێخۆی کردبوون، هەروەها

بەو کێوانەوە وا هەتا دەهاتن زیاتر دەبوون بە سێبەر و بە رەشایی، سەرۆکیان لە خۆیاندا نوقم کردبوو. دونیا هەڵبەت هەر ئەمە نەبوو، بەڵکو گوڵ و درەختەکانی حەوشەکە و ئەو بۆن و بەرامەی بڵاویان دەکردەوە، لە گەڵ ئەو مێش و زەردەواڵە و مێشهەنگوینانەی دەنگێکی بەئاستەم و بەردەوامیان چێکردبوو، سەرتاسەر ببوونە دیمەنێک کە ئەویان لە گەڵ خۆیان دەبرد. دەڵێی دونیا خەریکی سیحرکردن بوو.

سەرۆک، لە ژیانیدا ئەم جۆرە دیمەنەی یەکجار بینیبوو، بەڵام ئەمڕۆ جۆرێکی تر بوو! نازانێ بۆ. رەنگە هۆکارەکەی ئەو زیادە وزەیە بوو ئەمڕۆ کتوپڕ لە دووای ئەوەی شوێنی کارەکەی بەجێ هێشتبوو، لەناکاو لە ناو جەستەی تۆکمە و کۆنینەیدا هەستی پێکردبوو. ئەو بە ئەزموونی خۆی دەیزانی کە مرۆڤ بە گشتی خاوەنی وەها وزەیەکە، ئەو وزەیەی سەرەڕای هەموو ماندووبوونەکان لەوێدایە و کتوپڕ خۆی دەردەخا، کە خۆیشی نیشان دەدا ئیتر لە گەڵ خۆی دونیای بەرچاومان دەگۆڕێ. بەتەواوی. جیهان دەبێ بە جیهانێکی تر. سەرۆک باوەڕێکی سەیری بەم زێدەوزەیە هەبوو و تەنانەت پێی وابوو ئەمەیە سەرچاوەی سەرەکیی شۆڕش و شۆڕشگێڕبوون. ئەگینا بەم ژیانەی مرۆڤەکان هەیانە کە بەردەوام دەبێ خەریکی دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی رۆژانە بن، هیچ شتێکی تر بۆ ئینسان جگە لە حەوانەوە و چاونوقاندنی ئێوارەیان و شەوانەیان نەدەمایەوە، بەڵام بەخۆشییەوە ئەم وزەیە لەوێ بوو، لەوێ لە شوێنێک لەناو جەستەدا و ئیتر دەبوو بە سەرچاوەی ئەو شتانەی کە دەبوونە هەوێنی فیلمە ئەکشنەکان (سەرۆک بەم وشەیە بزەی هاتێ. ئەوەی کە بۆچی ئەم کەلیمەیە بە زەینیدا هاتبوو، سەری سوڕما و ئەوسا بە کاریگەریی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ لێکیدایەوە کە تەواوی دونیای داگیرکردبوو.) بەڵام هاوکات ناوچاوانیشی تێکنا (حەزی بە پاڵ خستنی شۆڕش و ئەکشەن لە پاڵ

یەکتردا نەکرد). خۆی بە تاوانبار لێکدایەوە، تاوانبارێک کە جوانیی یەکێک لە ئێوارەکانی ژیان خەڵەتاندبووی.

دەستی برد، سۆندەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە ئاودانی باخچەکە. بۆنی گڵ و خاکی وشک بەرزبووەوە و سەرۆکی مەست کرد. وەک بڵێی دەستێکی نادیار، بۆن و عەتری بە سەر تەواوی دیمەنی ئەم ئێوارەیەدا بڵاوکردبێتەوە و، بەم شێوەیە سیحری دیمەنەکەی سەدچەندان کردبێ. زرەدەواڵە و هەنگەکان کە حەزیان بە ئاوەکە نەبوو، پاش سەمایەکی گێژانە دوورکەوتنەوە و، روویان لە بەشەکانی تری حەوشەکە کرد، ئەگەرچی هەندێکیان هەر وازیان نەدەهێنا.

ئەوسا سەرۆک بیری دایکی کردەوە. بیرێکی تیشک ئاسا کە دەڵێی لە شوێنێکی ئاسمانی ئەم ئێوارەیەوە خۆی بە خانووی مێشکیدا کردبێ.

لەجێ هێشتنی دایکی ساڵانی ساڵ دەگوزەرا. ئەوەندە کە نەیدەتوانی بیانژمێرێ. ئەسڵەن یەکەم رۆژیشی، کە هەموو کەسێ بە جوانی لەبیری دەمێنێ، بەجوانی نایەتەوە بەرچاوی و، لە گەڵ چەندین وێنە و رووداوی تر زۆر بە ئاسانی تێکەڵیان دەکا. چەندین جار، لە کاتی دەرفەتە کەمەکاندا، هەوڵیدابوو وێنەکان لەیەکتر جیابکاتەوە و سەرئەنجام ئەوەی بەڕاستی روویدابوو، بێنێتەوە بەرچاوی خۆی،... بەڵام بێ سوود بوو. وێنە لاوەکییەکان لەوێ بوون و وازیان نەدەهێنا. قیرسیچمە بوون. دایکی ئەو رۆژە، رۆژە نەگبەتەکەی جێ هێشتنی وڵات، هاتبووە بەر بنکەکە و داوای کردبوو کوڕەکەی ببینێ (سەرۆک هەستی دەکرد دایکی لە کردەیەکی سەرسوورهێنەردا کە کەس نەیدەتوانی بە جوانی لێکی بداتەوە، لە تەواوی رووداوەکانی دواتری ئەو رۆژە گەیشتبوو، تەنانەت لە رووداوەکانی ساڵانی ساڵی دواتریش، ئەوەیکە ئەو دواجارە لەو شوێنە لەناو ژوورەکەدا لە گەڵ هاوڕێکانی

کۆدەبێتەوە و ئیتر دەبێ بۆ هەمیشەماڵئاوایی لێ بکا). دایکی هاتبووە ژوورەوە. سەرۆک هەر ئەوەندەی لەبیرە. لەمەبەدووا وێنەکە لەگەڵ راکەڕاکە و دەنگی تەقینەوە و هەراوهوریا و هات و هاواری هاوڕێیان و خەڵک تێکەڵ دەبێ، پاشان لە گەڵ ئەو سنوورەی تۆزی خۆڵەکەی بۆنی هەمان خۆڵی نیشتمانی دەدا. ئەوەیکە دایکی چۆنی سەیرکردبوو و چی گوتبوو، نایەتەوە بیری. وەک بڵێی دەنگی تەقینەوە سامناکەکان و تۆزی سەرسنوور، سڕیبنیەوە. بەڵام رەنگە دایکی هەر لەبنەڕەتدا فریا نەکەوتبێ هیچ بڵێ، وەک هەمیشە، وەک هەموو ژیانی کە تەنیا دەیڕوانی و دەیڕوانی. بە بێ هیچ کەلامێک.

شلینگەکە بە دەستیەوە بەردەبێتەوە و لەحەژمەتی هێز و فشاری ئاوەکە، پێچ و لوول دەخوا و قاچەکانی تەڕدەبن. سەرۆک خێرا هەڵیدەگرێتەوە و لەبەرخۆیەوە جوێنێک دەدا. بەڵام نا، ئاوەکە ناخۆش نەبوو! ئەوسا رووی سۆندەکە لە حەوا دەکا و وەک باران بەسەر سەری خۆیدا دەیبارێنێ. بارانی ئاسمانی ساماڵی یەکێک لە جوانترین ئێوارەکانی جیهان. "ئاخ، دایکم قەت لێم تێنەگەیشت،... قەت،... لەبیرە گەورەکانی ژیانم!" ئەوسا لەژێر بارانەکەدا دایکی بە تاوانبار دەزانێ، تاوانبار بۆ ئەوەی سەرۆک ئەو رۆژەی بە جوانی لەبیر نیە، ئەوەیکە دایکی چی گوت و چۆنی لێڕوانی و چۆن شوێنەکەی بەجێ هێشت.

سەرۆک ئەوەتەی لەبیری دێ وای لێکداوەتەوە کە ئەم جۆرە هەستانە بووە نەیهێشتووە نە پلانەکەی و نە بیرەوەرییەکانی بەجوانی خۆیان بنوێننەوە. هەستە قێزەونەکانی بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە و ئەوەیکە منداڵ هەر منداڵ دەمێنێتەوە لای دایک. ئەو هەستانەی وا بەرگری دەکەن لە سەرکەوتنەکان. ئەوەیکە دایک دەبێ

یەکجار بۆ هەمیشە لەوە تێبگا منداڵ لە قۆناخێکدا چیتر منداڵ نیە و جاری وایە دەبێ بە بەشێک لە پرۆژەیەکی یەکجار گەورەتر،... پرۆژەی سەرکەوتنی شۆرش.

هەتاو ئارام ئارام لە ئاسۆ زیاتر نزیک دەکەوێتەوە. جوانیی ئێوارە سەرسامتری دەکا. بەڵام چەند جار هەوڵیدابوو لە دایکی بگەیەنێ؟ تێیبگەیەنێ ژیان تەنیا ئەو و دایکی و پێوەندییەکانی نێوانیان نیە. ئەم پرسیارە رایدەوەستێنێ. لەبیری دێ هەوڵیدابوو، بەڵام هەر جارەی زۆر خێرا وازی هێنابوو. دایکی لەگەڵ ئەوەی گوێی لێگرتبوو و بە چاوی پڕ لە میهرەبانی سەیری کردبوو، بەڵام دەڵێی لە شوێنێکی تر بوو. هەربۆیە هەمیشە زۆر خێرا وازی لە قسەکانی هێنابوو. دایکی تێنەدەگەیشت. ئەو هەمیشە لە شوێنێکی تر بوو. شوێنێک وەک بیرەوەریی سەرۆک لە دایکی لە رۆژەکەدا. ئەوسا رقی لە باوکی دەبێتەوە کە قەت دایکی وەها بارنەهێنا، تێبگا. "ئەوانەی تێناگەن وەهایان بەسەردێ،... بۆ هەمیشە منداڵ لای ئەوان منداڵە!... بۆ هەمیشە بە حەسرەتەوە دەژین و، تەنانەت... دەیشمرن!"

رادەبێتە سەر قاچەکانی و سینگی پێشدەخا و ئەمجارە هەوڵدەدا زیاتر قەراخی باخچەکە ئاوبدا. ئەو قەراخانەی وا زووتر لە شوێنەکانی تر وشک دەبنەوە. لە دەروونەوە حەزی بە تواناکانی خۆیەتی. ئەوەیکە توانیبووی و بەردەوام دەتوانێ هەستە ساویلکەکان بخاتە پشت سەری خۆیەوە و، بەردەوام درێژە بەرێگا بدات. بێگومان گەر هەمووان لەم توانایە بەهرەمەند بوونایە ئەوا دونیا ئێستا لە شوێنێکی تر دەبوو،... لە شوێنێک وەک شوێنی ئارەزووەکان و خەونەکانی ئەو. بزەیەکی دێتێ. ئەم بیرەوەرییە لەم ئێوارە جوانەدا بە تەواوی نەشیاو دێتە بەرچاوی و، هەوڵدەدا بیرەوەریی تر بژیێنێتەوە. بەناو رووداوەکاندا تێپەڕدەبێ، بەڵام هەرجارە و دیسان لە لای دایکی سەر دەردێنێتەوە! وەک بڵێی وزە زیادییەکە ئەمڕۆ بۆ دایکی

تەرخان کراوە و بەس. وەک بڵێی وزە زیادییەکە پێش ئەوەی بگا، بڕیاریداوە چۆن بگا. رقی لە خۆی دەبێتەوە. نا، ئەو دەبێ بەسەر ئەم کۆسپەیش دا وەک هەموو ئەوانی تر زاڵ ببێ. ناکرێ سەرۆک خۆی بداتە دەست هەستە ساویلکەکانی سەردەمی مندالی و سەردەمی پێنەگەیشتوویی. ئەو ئیتر سێوێکە و گەییوەو و لە دارەکە بۆ هەمیشە بەربووەتەوە. درەخت و لقەکە هی رابردوون، رابردوویەکی یەکجار دوور.

رەنگەکانی ئاسۆ ئاڵ و واڵاتر دەبن. سوور، سەرئەنجام زاڵدەبێ و ئەوانی تر قووتدەدا. سەرۆک رقی لەم گۆڕانەیە. رەنگی سووری وەک بیرەوەریی ئەم ئێوارەیەی دایکی دێتە بەرچاوی کە سەرئەنجام هەموو رەنگ، یانخود بیرەوەرییەکانی تر قووتدەدا. "نا ئەم ئێواریە نابێ وەها و بەم شێوەیە کۆتایی پێ بێت!" شلینگەکە بەرزدەکاتەوە و لە ئاسۆی دەگرێ. رەنگە ئاوەکە، پاشماوەی تیشکی ئاسمان بکا بە کۆڵکە زێڕینە. سەرۆک دەزانی کۆڵکە زێڕینە ئاکامی شکاندنی تیشکە لە ناو قەترە هەر بچووکەکانی ئاودا لە بەرینایی ئاسماندا. بۆیە دەبێ ئاوی ناو ئەم شلینگە ئەوەندە بەهێزبێ کە بگاتە ئەوێ،... ناو ئاسمان،... ئاسمانی ئاسۆ. بە پەنجەی کونێکی کەمتر بۆ ئاوەکە دەهێڵێتەوە. ئاوەکە دەفڕێ، بەڵام تەنیا دەگاتە ئەوبەری پەرژینی دەوری باخچەکە. سەرۆک رقی هەڵدەستێ، توڕەدەبێ و دەست دەکا بە جوێندان. ئێوارەیەک کە ئەم نەتوانێ بیکا بە بەشێک لە پرۆژەی خەونەکانی خۆی بە کەڵکی چ دێ؟ تەنانەت ئەگەر جوانترین ئێوارەی دونیایش بێت؟ لەوبەر پەرژینەکەوە، قرپۆکێکی سەوز دەردەپەڕێ و بەقەڵەمباز دووردەکەوێتەوە. ئاوەکە ترساندوویەتی و هەڵایدەبڕێ. وەک بڵێی بە جێگای خۆحەشاردانەکەیان

زانیوە. دوورکەوتنەوەیەکی سەوز. سەوزێک بەرەو ئاسۆ کە رەنگە ئەویش لەناو سووریی ئاسۆدا ون بێ. ببێ بە سوور. سەرۆک سۆندەکە فڕێدەدا و دەنەوێتەوە و بەردێک لە گۆشەی باخچەکە هەڵدەگرێ و شوێنی قرپۆکە نگریسەکە دەکەوی. هەر بەو بەردە لە یەکەم هاویشتندا دەیپێکێ. قرپۆکەکە لە قیڕە قیڕ دەکەوێ. سەرۆک ئەوەتەی لەبیری دێ دەستی ئەنگاوتنی باش بووە. هەمیشە باشی پێکاوە. لە ئیستا گەڕێ کە تەمەنی هەڵکشاوە و چاوەکانی وەک جاران یارمەتیی نادەن. کاتی خۆی باشترین تفەنگ هاوێژ بووە. هەڵبەت ئەمەیش زۆر خراپ نەبوو. ئەگەرچی یەکەم جاریەتی قرپۆک دەکوژێ، بەڵام چاکی کوشت،... چاکی ئەنگاوت! بۆ ماوەیەک لەسەر جەستەی مردارەوەبووی رادەوەستێ و سەیری دووا پەلەقاژەکانی دەکا. سەرۆک کە هەمیشە مەرگی وەک دیاردەیەکی یەکجار ئاسایی لێکداوەتەوە (بەتایبەت مەرگی سەردەمی شۆڕش)، بیری دایکی دەکەوێتەوە کە چەند ئاسان بۆ مەرگی کەسانی تر دەگریا. دایکی هەمیشە وابوو. فرمێسکێکی هەمیشە ئامادە. دایکی قەت نەیویست لەم دیاردە ئاسایییەی ژیان واتە مەرگ بگا. "رەنگە لەبەر ئەمە بێ ئەو رۆژەم بە جوانی لەبیر نەماوە؟... ئا، ئەمە بێت؟"

کە دەگەڕێتەوە لای شلینگەکە و باخچەکە، هەتاو داچووە. دوواتیشکەکان دووا سەمای مەرگ دەیانگرێ و پەلەقاژە دەکەن. شتێکی رەش لەناو ئاسمانەوە دەدەڵێ و بێڕەحمانە بڵاودەبێتەوە. دەڵێی خودا بە قەڵەمێکی دەنووک پان، خێرا خێرا خەریکی رەنگکردنی ئاسمانە. سەرۆک سۆندەکەی دەستی فڕێدەداتەوە سەر زەوی و لە دیمەنەکەی بەردەمی ورد ورد رادەمێنێ.

ئەگەرچی ئەمڕۆ یەکێک لە جوانترین ئێوارەکانی ژیان و دونیایە، بەڵام سەرۆک چەندە حەزی بە هاتنی شەوە،... چەندە حەزدەکا شەو دێت و دیمەنی ئەو ڕۆژەی دایکی بۆ جارێکی تر لەگەڵ خۆی دەبا. بردنێکی دوور دوور،... هەتا ناو ڕەشاییەکان.

**نانخواردنی سەرۆک**

هەمیشە خواردنی تایبەتی تایبەت بۆ سەرۆک سازدەکرێ. تایبەتی تایبەت بۆیە، چونکە لەو خواردنە تایبەتەی بۆ هاوڕێکانی (بڵێ سەرکردەکانی) تری دەوری مێزەکە سازدەکرێ، ناخوا و بگرە خواردنێکی تری یەکجار تایبەتی بۆ دێنن. هاوڕێیانی تری دەوری مێزەکە وەک هەمیشە بە سەرسوڕمانەوە سەیری خواردنەکەی سەرۆک دەکەن و ئەگەرچی لە دەروونەوە دەزانن کە ئەم خواردنە لەبەر هۆکاری ئەمنییەتی جیاکراوەتەوە (بیری ژەهرخواردنکردنی سەرۆک دڵیان

دەتەزێنێ)، بەڵام هەولدەدەن (بۆ خۆشی) بە نەوسنی و خۆشخۆراکیی سەرۆکەوە ببیەستنەوە. لە کاتێکدا لەسەر دۆخی وڵات قسەدەکەن و بە دەنگی بەرز پێدەکەنن، لە دەروونی خۆیاندا دوعا دەکەن و لەخوای گەورە دەپاڕێنەوە تەمەنی سەرۆک ئەوەندە درێژ بکا کە بتوانێ تا سەدان ساڵی تر پارو لە دوای پارو بە حەز و چێژی هەمیشەییەوە قووت بدا. سەرۆکیش بەڕاستی لەوە ناچێ بەم زووانە وازبێنێ! چێژی ئەو ئەبەدییە.

هەڵبەت هەندێ لە هاوڕێیانی تری دەوری مێزەکە پێیان وایە هۆکاری خۆشخۆراکیی سەرۆک، کاری زۆر و بیرکردنەوەی لەڕادەبەدەریەتی. ئاخر ئەوە کە پلانی شۆڕش دادەڕێژێ و بەردەوام خەریکی پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمنە. ئەمەیش وزەیەکی تایبەتی دەوێ و بۆیە سەرۆک دەبێ بخوا، یەکجار بخوا،... هەڵبەت خواردنەکە نەک تەنیا لە نیوەڕۆکدا، بەڵکو دەبێ لە قەبارەیش دا فەرقی هەبێ. بە واتایەکی تر چ بە باری قولاییدا و چ بە باری پاناییدا.

هەر لەبەر ئەمەیە کاتێک هەموو سەرکردە و هاوڕێیانی تری دەوری مێزەکە خواردنیان بۆ دێ، ئەوجا دەگاتە نۆرەی سەرۆک. ئەو حەزی لێیە سەرەتا بە بەسەرکردنەوەی خۆراکی بەردەمی هاوڕێیان ئیشتیای خۆی زیاتر بکاتەوە. ئەوسا پاش ماوەیەک بەشەکەی سەرۆک لە سەر دەورییەکی پان دێت (پانتر لە هی سەرکردەکانی دیکە). لە سەری، توێ توێ نانی گەرم و تازەی تەنوور دەبینرێ. هاورێیان دەزانن لەنێوان نانەکاندا کە هەڵمی گەرمی لێ هەڵدەستێ، چی تیایە. چینێک گۆشت، چینێک دڵ، چینێک جگەری بزن، چینێک کەباب، چینێک زیقەتۆرە، چینێک سینگی مریشک، چینێک رانە مریشک، چینێک جگەری قاز، چینێک جگەری مریشک و سەرئەنجام چینێک چەوری. رێک دە قاتی تەواو. ئەوسا

لەگەڵی دۆی ترش و پیپسی دێت، لە گەڵ یەک کاسە پیازی سوور و پیازی زەرد، خەیارماست، کاسەیەک پڕی تەماتەی برژاو و سەرئەنجام جۆرەها سەوزە لە کەوەرەوە بگرە هەتا جەعفەری و گشنیز و پیازی تەڕ و ڕێحانە. سەرۆک کە قرقێنە دەداتەوە، بۆنی پیاز تا ئەوسەری ژووره گەورەکە دەڕوا. گەر جوان وردبیتەوە دەڵێی ژوورەکە لە گۆشەکانیدا بەئاستەم رەنگی پیازی گرتووە.

کە خواردنەکە دێت، سەرۆک ئیتر زۆر لە سەرۆک ناچێ. شتێک لە گەڵ خۆی دەیبا. دەبێتەوە بە مێرمنداڵێکی شۆخ و چەلەنگ. وەک ساڵی ساڵان (سەرۆک پێوەندێکی باشی بە مێژووەوە هەیە، وەک خۆی دەڵێ خەڵک و نیشتمان وەک بەری دەستی دەناسێ). قۆلەکانی هەڵدەداتەوە، کراواتەکەی شل دەکاتەوە و ئەوسا بەدەست بەردەبێتە خواردن. ئەو قەت کەوچک و چنگاڵ و کارد بەکار ناهێنێ، تەنانەت کاتێ میوانی هەرە گەورەیشی هەیە. مڵچە مڵچیشی وەک بۆنی قرقێنەکەی دەگاتە ئەو سەری ژوورەکە. ئەوجا هاوڕێیان دەبینن چلۆن ئەو بینا دە قاتە، یەک بە یەک بە دووای یەک قاتەکانی دادەڕوخێ و هەمووی لە سکی گەورەی سەرۆکدا خاپوردەبن.

ئەوەی دڵی هاوڕێیان زۆر خۆش دەکا ئەوەیە کە سەرۆک قەت (یان زۆر بەدەگمەن) لە کاتی خواردندا توورەدەبێ. ئەو هەمیشە کاتێک دەخوا، خۆشحاڵە و قسەی خۆش بۆ سەرکردەکانی تر دەکا. جۆکیان بۆ دەگێڕیتەوە، گاڵتەیان پێدەکا، بیرەوەرییە خۆشەکانیان لێدەگێڕێتەوە و جاری وایشە کە تەواو زەوق دەیگرێ، پلەیەک گۆشت بەگاڵتەوە بۆ یەکیان دەهاوێ. هەڵبەت هەڵیش دەکەوێ تووڕە بێت. ئیتر ئەمە ناخۆشترین کاتی ژیانە! لەکاتێکدا وردەنان و وردە گۆشت و پیاز و تەماتە لەدەمی دەردەپەڕنە دەرەوە، جوێن بە زەمین و زەمان دەدا و دەڵێ کە هاوڕێیان بوودەڵەترین بوونەوەرەکانی جیهانن. دەڵێ کە خەڵکی پێنازانن و هەربۆیە دەبێ قەمچی فەرامۆش

نەکرێ. دەڵێ گەر ئەو نەبێ، نە هاوڕێیان و نە گەل و نە نیشتمان ئاداری بەسەر پادارەوە نەدەما. سەرۆک هەڵبەت تەنیا لەکاتی تووڕەبوونەکانیدا وردە لەدەمی دەرناپەڕێتە دەرەوە، ئەو هەمیشە لەکاتی خواردندا وەهایە، ئەوەندە بەپەلە دەخوا کە مێزەکەی بەردەمی و سەرڕانەکانی پڕدەبن لە وردە خواردن. هەربۆیە دەسماڵێکی گەورەی بە ملەوەیە کە دەگاتە سەر رانەکانیشی (زۆر رقی لە پیس بوونی جلەکانیەتی)، ئەو دەسماڵەی لە گۆشەکانیدا ئارمی حیزبەکەی پێوەیە و لە ناوەڕاستەکەیشیدا بیلاخێک کە کاتی خۆی لە ئەورووپا کە بە نیشانەی ئۆکەیە ok بینیبووی (سەرۆک لە پلانیدایە مانای بیلاخ لە نیشتمانی خۆی کە بەمانای گاڵتەپێکردن و سووکایەتی دێت، بگۆڕێ).

سەرۆک لە کاتی ژەمەکاندا حەز ناکا جگە لەخۆی کەسی تر قسەبکا، مەگەر کاتێک خۆی پرسیاریان لێدەکا.هەربۆیە هاوڕێیان هەرهەموویان بێدەنگن. دوو پاسەوانەکەی پشتی سەری سەرۆک چاوەدێریی دۆخەکە دەکەن. ئەو پاسەوانانەی هاوڕێیان هەوڵدەدەن لە نیگای نیگاکانیان خۆیان بپارێزن. سەرۆک لە دڵی خۆیدا و لەبەر خۆیەوە سوێند دەخوا کە هێشتا هیچ کامیان نازانن رەنگی چاوی پاسەوانەکان چلۆنن. تەنیا سەرۆک خۆی دەزانێ. هی یەکیان شین شین و هی ئەوی تریان سەوز سەوز. ئەمانەی هەڵبژاردووە چونکە لای ئەو داهاتوو وەک ئەو دوو رەنگە گەش گەشە. سەرۆک باوەڕێکی سەیری بەسەرکەوتنی شۆڕش هەیە.

خزمەتکارەکان بەپەلە دێن و دەچن و هەوڵدەدەن مێزەکە هیچ شتێک کەم نەهێنێ. یەکیان ئەوەندە بەپەلە و پڕ لە سترێسە کە هەڵدەنگێوێ و بەزەحمەت خۆی دەگرێتەوە. شوکری خوا دەکا کەس ئاگای لێ نیە. سەرۆک پاروویەکی زل قووتدەدا و، دەڵێ:

- "ها ئەحە! هەواڵ،... هەواڵی دەرەوە،... وەزع چۆنە؟"

دەنگی دەڵێی لەپشت پارووکەوە چاوشارکێ دەکا.

- "وەڵڵا قوربان چ عەرز کەم،... ژیان خۆشە، لەوکاتەوەی زاڵممان راوناوە و سێبەری نگریسی بەسەر نیشتمانەوە نەماوە، خەڵک هەر زۆر مورتاحن، لەوە باشتر نابێ. هەڵبەت کەمێک عەرەبانەکانی شەقام زیادیان کردووە. ئەمرم دەرکردووە کۆیان بکەنەوە. شارستانیەت خۆ ئاوا نابێ، خەڵک دەبێ فێر بن!"

- "هەتیو تۆ زۆر کەری! کۆکردنەوەی چی و تەڕەماشی چی، لێیان گەڕێ با بۆخۆیان لەهەر شوێنێکدا ویستیان و پێیان خۆش بوو راوەستن و، کاسبی بکەن. وەڵاهی سەیرە! ئەو خەڵکەی ئێمە بە هیچ شتێک چاویان تێر نابێ و وازناهێنن. ئەی تۆ خولە! خەبەری جەبهە؟"

خولە، کە چاوەڕوانی نەدەکرد ئەوەندە زوو رووی سەرۆک لەو بکا، بەپەلە پاروومەکەی قووتدا، قومێک دۆی ترشی بەسەردا کرد و پاش دەنگ سافکردن، گوتی:

- "چ عەیبی نیە، بە خۆشییەوە هەمیشە لە پێشڕەویداین، تەنانەت لەو شوێنانەی وا لە پێشڕەویدا نین، دوژمنیان لە قوڕ چەقاندووە و خەساندوویانن. بە کورتی هیچ مەترسییەک لەئارادا نیە. تەنیا،... تەنیا یەک شت نەبێ، ئەویش ئەوەیکە گەنجەکان فێربوون رادەکەن،... لە نیشتمان رادەکەن،... هەربۆیە کەمێک کێشەی نەفەرمان هەیە."

سەرۆک کتوپڕ دەست دەکا بە پێکەنین. لە کاتێکدا وردە خواردن لەدەمی دەردەپەڕنە دەرەوە، دەڵێ:

- "وەک پاس،... هە هە هە...، هەروەک چۆن پاس نەفەری کەمە،... گردەکە، گردەکە، گردەکە، دەی یاڵلا سەرکەون، هە هە هە،... بە خوا تۆیش کەری خولە، رێک لە ئەحە دەچی. دەزانی رێگا چارە چییە؟ (لێرەدا روو لە ئەحە دەکا). خێرا ئەمر دەرکە کە دەبێ عەرەبانەکان بی پێچنەوە، زۆر خێرا. هە هە هە،... (روودەکاتەوە خولە)، ئەوسا سەربازمان زۆر دەبێتەوە. پارەی مانگانەکەیشیان کەمێک بۆ زیاد بکەن، بیکەن بە پێنج سەد، بەڵام رێک لە بەردەمی پاسەکاندا بیاندەنێ، کاتێک سواردەبن و دەبێ بڕۆن بۆ جەبهە. نەکا خەڵەتابێتن و زووتر بیاندەنێ!... ئەگینا رادەکەن!"

خولە و ئەحە پێکەوە دەڵێن:

- "بەڵێ قوربان،... بێگومان!"

ئەوسا سەرۆک دەنگ هەڵدەبڕێ:

- "سبەی هەرچی دۆلارە دەیکشێننەوە لە بازاڕی دۆلارەکە و چەند رۆژێک رادەوەستن، ئەوسا تێی دەهاونەوە. لەبیرتان نەچێ! پارەمان دەوێ پارە، خێر خێر،..."

هاوڕێیان قاتەکانیان لێ تێکچووە. نازانن سەرۆک لە چەندەمیاندایە. یاخود چەندەمیان لە سکی سەرۆکدایە. نانەکان هەمیشە پاش ماوەیەک دەنیشنە سەر یەک و هەربۆیە لێککردنەوەیان زەحمەتە. بەڵام لەیەک شت دڵنیان، ئەویش ئەوەیکە سەرۆک هێشتا تێری نەخواردووە. پەرداخە دۆکە شاهیدە. چونکە گەر دەستی بۆبرد مانای ئەوەیە ئیتر تێری خواردووە.

دەرەوە هاوینێکی گەرمە. ئێرکۆندیشنەکان ژوورەکەیان کردووە بە ناوەڕاستی بەهار. دەنگی تڕەتڕی ماتۆڕە کارەباییەکان دۆڵەکەی ئەودیویان پڕکردووە، ئەو دەنگەی وا ناگاتە ئێرە. سەرۆک بە هاوینی نیشتمان ئاشنایە، دەزانێ دەرەوە چ دۆزەخێکە.

- "رەحە تۆ دەڵێی چی؟ هە هە هە،... دەزانی دەرەوە دەڵێی جەهەننەمە،... هە هە هە،... راستی باسی کارەبا، وەزع چۆنە؟"

رەحە، کە وەک داری گەیەنێری کارەبا درێژ و رەقە، دەڵێ:

- "بەخۆشییەوە ئەمساڵ زۆربەی شوێنەکانی نیشتمانمان خستووەتە ژێر پلانی کارەباوە،... تەنیا ئەوەندەی نەبێ کە ئەمساڵ کەمێک رادەی زەردوویی چووەتە سەرەوە. پێرێ وەزیری تەندرووستی ئەم راپۆرتەی لە خەستەخانەکانەوە پێگەیشتووە."

- "ناڵێم، بەخوا ئەو خەڵکەی ئێمە سەیرن!... دەی کاتێ کارەبا نیە دەبێ پەڕۆ تەڕ کەن و جەستەی منداڵ و ساواکانیان لێوە بپێچن. شۆڕش ئەمەیە ئیتر. ئەی لەبیرتان نیە کە کاتی خۆی لە بێ ئاویدا پەڕۆ و دەسماڵەکانی دەوری ملمان تەڕ دەکردن و بەوە چکە چکە ئاومان دەخواردەوە و، لێوەکانمان پێ تەڕدەکردن! ئەویش لە جەبهەدا... بەخوا خەڵکێکێ گێل و نەزان و سپڵەمان هەیە!... حەک! کاکە خۆ من پێم ناکرێ کۆڵان بە کۆڵان و خانوو بە خانوو بگەڕێم و نەسیحەت و ئامۆژگارییان بکەم،... دەکرێ!... ئادەی،... هەی تۆ،... رژدە! لە سبەیەوە لە سەر تەلەفزیۆن و رادیۆ باسی ئەمە دەکەی. فیلمێکیش لەسەر کاتی خۆی ئێمە بڵاو بکەوە، کاتێک ئاومان نەبوو و تەنیا بە ئیرادە لە دژی دوژمن دەجەنگاین."

جەماعەت لەمێژە تەواو بوون. خۆیان بە خواردنەوەکانیەوە دەخافڵێنن. سەرۆک زۆر دوواتر تەواودەبێ. وەک هەمیشە. لە دووای ئەوەی پەنجەکانی دەلێسێتەوە، سەرئەنجام دەست دەبا بۆ دۆ ترشەکەی بەردەمی. لێوانێکی گەورەی نزیک یەک لیتر. جەماعەت ئاهێکیان وەبەردێتەوە. یەک جێ هەڵیدەدا. پاشان قرقێنەیەکی درێژخایەن کە لەگەڵ خۆی بۆنی هەموو ئەو خواردنانە دێنێ وا لە نێو سکیدان،... بەتایبەت دیسان پیاز. ئەوسا مەسینەیەک و تەشتێکی قووڵی بچوک و سابوونێکی بۆنخۆش لە گەڵ خاولییەکی گوڵ گوڵیی جوان دێنن. سەرۆک دەستەکانی دەشوا. پاڵدەداتەوە و دەست بە سکیدا دێنێ و سەیرێکی ئەمبەراوبەری و دەوری مێزەکە دەکا. هاوڕێیان بێ ئۆقرە چاوەڕوانن. سەرۆک دەزانێ حەزیان لە چایی و لە جگەرەو پاشان خەوە. لە چاو و لە حاڵەتی ملیان دەڕوانێ. پێی سەیرە کە چلۆن بەمانەوە و لەگەڵ ئەمانە تا ئێرەی هێناوە. بەڵام نا، بە خۆی دەڵێ نابێ پێی سەیر بێ. لای سەرۆک، مێژوو رەوتێکە خاوەنی لۆژیک و مەنتیقی خۆی، رەوتێک کە بەو رێگایەیدا کە دەبێ بڕوا دەڕوا، سەرەڕای ئەوەی کێی لە گەڵدا بێ و چلۆن لە گەڵیدا بێ.

سەرۆک کاتێک هەڵدەستێ، لەبەر خۆیەوە سوپاسی مێژوو دەکا، سوپاسی هاوڕێ لەمێژینەکەی. لە کاتێکدا هاوڕێیان بەرەو ژووری خواردنەوەی چایی دەچن، ئەو وەک هەمیشە بادەداتەوە و خۆی بە ژوورە تایبەتییەکەی خۆیدا دەکا. بۆ خۆپاراستن لە ترشانی گەدە، ئەو هەمیشە لە دووای خەو، چایی دەخواتەوە.

**پۆلیسیی دووجار نهێنیی سەرۆک**

هەواڵیان بە سەرۆک دا هەموو شوێنێکی وڵات پڕبووە لە سیخوڕ و جاسووسی دوژمن. وتیان تەنیا لە سنوورەکانەوە ئەمدیویان ناکەن، بەڵکو خەڵکێکی زۆریشیان لەناوخۆی وڵات کڕیوە. وتیان گەر سەرۆک ڕێگاچارەیەک نەدۆزێتەوە، ئەوا هەم نیشتمان و هەم شۆڕش لەبەر مەترسییەکی گەورەدان. هەموو شتێک لێکدەترازێ.

سەرۆک بە بیستنی ئەم هەواڵە و بە تایبەت ژنەفتنی ناوی نیشتمان و شۆرش، ڕەپ هەستایە سەرپێ. لەیەک چرکەدا هەموو مێژووی نیشتمان و شۆڕشی وەک فیلمێکی چەند چرکەیی هاتەوە بەرچاو. لەناو ژوورەکەدا بیرمەندانە ئەم سەراوسەرێکی کرد و، سەرئەنجام لەدووای ئەوەی پەنجەیەکی خستە سەر چەناکەی، وتی دەزگایەکی پۆریسی نهێنی دروست دەکەین (ماوەیەکە سەرۆک بەتووش نەخۆشییەوە بووەو

وەک جاران پیتی 'ل' یی بۆنایێت و لەجیاتی 'ل' دەڵێ 'ر'، هەمیشەیش رێی باریک نەک قەلەو). سەرۆک درێژەی دایە، ئا، پۆریسی نهێنی. گوتیان قوربان لەمێژە ئەم دەزگایەمان هەیە، رێکخراوێکی پان و بەرین، بەڵام بەویشەوە هیچمان پێ نەکراوە، وەک بڵێی بە نهێنیی کارەکانمانیان زانیووە، خوێندوویانینەوە. سەرۆک لەناو چاوانی رووانین و ئەوسا بە دەنگێکی کپ، بەڵام لە قووڵایی قورگەوە کە هەمیشە لە هەر مرۆڤێکدا نیشانەی ئیرادەیەکی بەهێزە، گوتی دەزگا دەزگا ناخوا، پۆریس پۆریسیش ناخوا،... . تەنیا شتێک کە سەرۆک بیری لێنەدەکردەوە ئەوە بوو کە بۆچی خەڵکێکی وەها زۆر ئامادەبوون خۆیان بە دەزگا سیخوڕییەکانی بێگانە بفرۆشن.

هەموو سەریان لە بلیمەتیی سەرۆک سووڕما.

ئەوسا رێکخراوێکی تر دامەزرا. لە چاوتروکانێکدا. کەس نەیزانی سەرۆک چلۆن کتوپڕ ئەو هەموو مرۆڤەی کۆکردەوە کە ئامادەبوون لە پێناوی نیشتمان و شۆرش دا هەرچییان لەدەست دەهات، فیدای کەن. بەتایبەت تەواو ئامادەی بە گژداچوونەوەی سیخوڕە نوێیەکان و پلانە تازەکانی دوژمن بوون. بەڵام کتوپڕ زانیان کێشەیەکی گەورەیان هەیە. ئەویش ئەوەی کە پۆلیسەکان کە دووجار نهێنی بوون (جارێک لەخەڵک و جارەکەی تریش لە پۆلیسەکانی دەستەی یەکەم)، هەڵدەکەوت کەس نەیاناسێتەوە و زۆر راحەت لە سەرۆک و لە دەسەڵات ون بن. سەرۆک لەمە یەکجار دەترسا. مەترسیی لەدەست چوونی سەرەداوی کار و رووداوەکان لەخۆ بێخۆی کرد. بۆیە دووای ئەوەی ئەم هەواڵەشیان دایە، ئەم سەراوسەرێکی ژوورەکەی کرد و لە دووای ئەوەی پەنجەیەکی دیسان خستەوە سەر چەناکەی، گوتی 'سیر'یان بدەنێ، بەهەر هەموویان. سیر؟ ئا، سیر، بەهەر هەموویان. بەم شێوەیە پۆریسی دووجار نهێنی نەک تەنیا دەبا لە کاتی قاوڵتی و نیوەڕۆ و شیو لەگەڵ

خواردنەکەیان سیربخۆن، بەڵکو دەبا وەک گوڵەبەڕۆژە لەگیرفانیشیاندا بێت و تاوە تاوە یەک دووانێک بخۆن، بیکرمێنن، یاخود قوتی بدەن.

ئەوەندەی پێنەچوو هەموو وڵات بۆنی سیری گرت. کونە و کەلەبەر نەما بۆن نەگرێ. کووچە و کۆڵان، شەقام، چاخانە، مزگەوت، سەرتاشخانە، قوتابخانە و، دایرەکان،...هەتا دەگەیشتە سەربانی ئاودەست، ژێر تەختی خەوی ژووری نووستن، حەمام و تەنانەت باخچەکانیش، هەر هەمووی بۆنی قێزەونی سیر بوو.

خەڵکی کە لە پەیدابوونی لەنەکاوی ئەم بۆنە یەکجار ناخۆش و سەرئێش هێنەرە سەریان سوورِمابوو، سەرەتا هەوڵیان دا بە شۆردن و گوڵاو پرژێنکردنی هەموو شوێنێک، ئەم گرفتە بڕەوێننەوە، بەڵام بێسوود بوو. بۆنەکە دەڵێی لە زەمین و زەمانەوە دەدەلا، دەڵێی لە تان و پۆی هەموو 'بوون' دا جێی خۆش کردبوو، بگرە هەر دەڵێی دونیا بە هەموو شتەکانییەوە لەم بۆنە چێکرابوو. ئەوسا کە زانیان هیچ شتێک دادیان نادا، کۆبوونەوە و بڕیاریان دا رووبکەنە سەرۆک.

هەر لەو ماوەیەدا، واتە لەوکاتەوەی هەواڵەکەیان بە سەرۆک دابوو هەتا ئیستا کە خەڵکەکە بڕیاریان دابوو بچنە لای سەرۆک، لە زۆربەی شوێنەکانی وڵات، بەتایبەت لەو شوێنانەی هەست دەکرا بۆنی سیر یەکجار خەستترە، زۆر کەس بەشێوەیەکی نهێنی و سەیر کوژرابوون و تەرمەکانیان بێ سەروشوێن کرابوون. راستییەکەی ئەوە بوو شەڕێکی نهێنی تەواوی نیشتمانی گرتبووەوە. شەڕێک کە خەڵکی پێیان نەدەزانی. شەڕێک لە سێبەر و لە تاریکاییەکاندا، بە بێ جێ هێشتنی هیچ نیشانەیەک. ئەمە سەرۆکی یەکجار خەمگین کردبوو.

کە حەشیمەتەکە گەیشتنە بەرەوە. لە شوێنێک کە مەیدانێکی گەورە بوو، کۆبوونەوە هەتا سەرۆک هاتە بەر ئەو باڵکۆنە کۆن و جوان و لەمێژینەی وا سالانی ساڵ لەوێوە

نوتقە گەورە و گرینگەکانی دابوو. ئەو باڵکۆنەی جاری وابوو لەوێوە بڕنۆکەی بە دەستێک (تەنیا بە دەستێک) گرتبوو و تەقەی لە ئاسمان کردبوو (سەرۆک جاری وابوو بە ئەنقەست بە بێ هیچ نیشانە گرتنێک تەقەی دەکرد. دەیگوت دوژمنانمان ئەوەندە زۆرن کە هەر چۆنێک تەقە بکەیت یەکیان هەر دەئەنگێویت! ڕاستییەکەی ئەوە بوو سەرۆک دەی ئەنگاوتن. هەر ڕۆژەی لە شوێنێکی نیشتمان سەرەخۆشی و شین و ڕۆڕۆ بوو.)

بەڵام ئەو ڕۆژە بڕیار نەبوو هیچ نوتقێک بدا. هاتبوو تەنیا گوێ لە قسەی گەل بگرێت. ئەوسا گوێی لە گلەییەکان بوو. ئەوەیکە لەبەر بۆنی سیر، ژیان و خواردن و خەویان لێ حەرام بووە، ئەوەیکە هەناسەکێشان زۆر ئەستەمە و دەڵێی جەستەیان خەریک بوو لە ناوەوە دادەڕزا، تەنانەت باسی ئیشق بازییەکانیشیان کرد، ئەوەیکە دڵدار تەنیا بۆنی سیر دەدا و ماچەکەیشی وەها لێو دەگەزێ کە دەڵێی دووپشک پێتەوە دەدا. داوایانکرد سەرۆک هەرچی زووتر چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە و دیسان ژیان بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی جاران.

سەرۆک کە دەیزانی خەڵکی تەنیا بە گشتی ئاگاداری وەزعی نیشتمان کراونەتەوە (کاتی خۆی لە خوتبەیەکدا باسی پیلانە نوێیەکانی دوژمن و گرینگی بەرپەچدانەوەیانی کردبوو) و، بە وردی ئاگایان لە شێوازی کارەکان نەبوو، پاش ئەم سەراوسەرکردنێکی باڵکۆنەکە و لە دووای ئەوەی پەنجەیەکی خستەوە سەر چەناکەی، وتی ئەم دۆخە ناهەموارە تەنیا بە یەک شت چارەسەر دەکرێ، ئەویش گرتن و بەسزا گەیاندنی قاترەکان! خەڵکی کە لەم وەڵامە سەریان سووڕمابوو، بە تەعەجوبەوە لەیەکتریان ڕووانی. "قاتر!" ئا، قاتر، ئەم بۆنی سیرە تەنیا بە گرتن و

کوشتنی قاترەکان کۆتایی دێ، ئێوە دەبێ هاوکاریی نیشتمان و گەل و شۆرش بکەن!
سەرۆک ئەمەی گوت و ئیتر لە چاوان ون بوو.
ئەمری سەرۆک دەم بە دەم و گوێ بە گوێ هەموو نیشتمانی گرتەوە. هەموو وڵات بۆ رەوینەوەی بۆنی ناخۆش و بێزارکەری سیر، کەوتنە گەڕان بە شوێن قاترکان و کۆکردنەوەیان و تەحویل دانیان بە سەرۆک. ئەوەندەی نەخایاند لە سەرتاسەری وڵاتەوە هەرچییان دەست کەتبوو، کۆیان کردنەوە و بەرەو مەیدانی بەر باڵکۆنەکەی سەرۆک وەڕێیان خستن. هەواڵە خۆشەکە بە گوێی سەرۆکیش گەیشت. هاوڕێیان وتیان کە لە هەموو شوێنێکی نیشتمانەوە قاترە نگریسەکان بە دەستی بەهێزی گەل گیراون و خەریکن بەرەو ئێرە دەیانهێنن، وتیان جارێکی تر دوژمن لە بەر دەم قەڵای بەهێزی شۆڕش چۆکی داداوە و دیسان سەرکەوتنێکی تر وەک هەمیشە تۆمارکراوە.
سەرۆک بە بیستنی ئەم هەواڵە فرمانی دەرکرد کە مەیدان و باڵکۆنەکە جوان جوان بە هەر شێوازێکی کە دەستی دەدا بڕازێننەوە، ئەوسا لەبەر خۆیەوە گوتی کە رەنگە ئەم رۆژە بکا بە رۆژێکی نەتەوەیی، رۆژێکی سووری نەتەوەیی کە خەڵک تەنیا شایی تیا بگێڕن و نەچنە سەر کار. بەس شایی.
پاش ئەوەی سەرۆک جوانترین جلەکانی لەبەر کرد و خۆی بۆ نوتقێکی گرینگ ئامادە کرد، لەو پێنج جادەوە وا دەهاتنەوە سەر مەیدانەکە، هەواڵ هات جەماعەت بەڕێوەن و خەریکن دەگەن. سەرۆک لە دوورەوە چاوی لەو رەشاییە بوو کە وەک مار دەبزوا، دەخشا و هەتا دەهات نزیک و نزیکتر دەکەوتەوە. سەرۆک کە باوەڕی نەدەکرد دوژمن خاوەنی ئەوەندە قاتر و سیخوڕ و پیاوکوژ لەم نیشتمانەدا بێت و، ئەوەندە ئاسان بە دەستی بەهێزی گەل بەداوەوە بن، لە پان و بەرینیی رەشاییەکە

ترسێک دایگرت. ترسی زۆرتر بوونی زیندانی لە پاسەوان. هەربۆیە هەستایە سەر پێ و چووە سەر باڵکۆنەکە (ئەمە بە پێچەوانەی نەریت بوو. ئەو دەبوایە یەک جار و ئەویش تەنیا بۆ خوتبەدان لەوێ خۆی پیشان بدات). سەرۆک لەوێوە سەیری بەرزایی شوێنەکەی خۆی کرد. دە میتر دەبوو. بەو پاسەوانانەوە لە خوارەوە لەبەر دەمی دەرگای بیناکەدا کێشکیان دەدا. بەڵام سەرۆک هێشتا دڵنیا نەبوو. هەستی کرد ئەوەی کە نابێ بقەومێ، گەر رۆژێک بقەومێ، ئەو چەندە دەتوانێ بێ پەنا بێ. درەنگ بوو، تازە چار نەبوو. باشتر وابوو خۆی بداتە دەست قەدەر و چاوەڕوان بێت. بە گوێرەی ئەزموونی ژیانی دەیزانی جاری وایە مرۆڤ (بە خۆیشییەوە) زیاد لە رادە شتەکان زل دەکاتەوە. بۆیە دیسان ئەم سەراوسەرێکی ژوورەکەی کردەوە و، پەنجەیەکی خستەوە سەر چەناکەی و داوای لێوانێک ئاوی سارد ساردی کرد.

حەشیمەتەکە گەیشتە مەیدانەکە. سەرۆک بە پێچەوانەی جاران هەستی کرد گوێی لەو دەنگە تایبەت و ئاشنایەی جاران نیە کە بە هۆی زۆریی خەڵک لە شوێنێک چێدەبێ، هەروەها گوێی لەدەنگی ئەو هەنگاوانە بوو کە جیاوازبوون لە دەنگی هەنگاوەکانی جاران. چ قەومابوو؟ نەکا قاترەکان و سیخوڕەکانی دوژمن لە جنس و رەگەزێکی تر بن؟ بێگومان وەهایە. ئەی ئەوە نیە چەندە دۆزینەوەو گرتیان دژوار بوو!

ئەمر دەرکرا. پەردەکانیان لادا و سەرۆک بە کەش و فشەوە هاتە سەر باڵکۆنەکە. وەک هەمیشە دەستەکانی بەرزکردەوە و چاوەکانی بچوک و لە قوڵایی حەشیمەتی بەردەمی روانی، لەو جۆرە روانینانە کە هەمووان بە بێ ئەوەی کەسێکی تایبەتیان تیا گوڵبژێر بکا، دەبینێ. نیگایەک وەک نیگای خودا، ئاراستەیەک بەرەو گشتییەت، شتێک وەک خودی نیگا بە بێ شتێک تێیدا بۆ بینین، شتێک وەک لەوێ

بوون تەنیا لەبەر ئەوەی لەوێ بی. ئەوسا بە سەرسوڕمانەوە لە جیاتی خەڵک، لەجیاتی جەماوەری جاران، دەریایەک قاتری بینی نەک قاتر! قاترەکان لمبۆزیان بە پاشەڵی یەکترەوە نابوو و تێکچڕژابوون. گەر ئەوەی دوواوە دەرفەتی بدایە، کلکێکیان هەڵدەسووڕاند و دیانەکانیان دەردەخست (پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانە). ئەوسا ئەو دەریایە لە مێشوولە و مێش کە بە سەر سەریانەوە ئاسمانی مەیدانەکەی لێڵ کردبوو. وەک ئێوارە. سەرۆک کە لەم گاڵتەجاڕییە نەدەگەیشت بە سەرسوڕمان و تەعەجوب و تووڕەییەوە سەیری هاوڕێکانی کرد. نیگای هاوڕێیان ئاسایی بوو. ئاە، کەس تێنەگەیشتبوو! ئەو قاتری دەویست نەک قاتر! دەستی بۆ میکرۆفۆنەکە برد بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەرکی سەرۆکایەتی خۆی بەجێ بگەیەنێ و لە میللەت گەیەنێ، ئەوەیکە لە نێوان قاتر و قاتر جیاوازی هەیە، ئەوەیکە قاتر پیاوکوژە و خەڵکی دەکوژێ و نیشتمان و شۆڕش و گەل بەر بادی فەنا دەدا، بەڵام قاتری دووهەم لە ڕەگەزی ئاژەڵە و باری پێ دەبەن و چەرخی ئابووریی وڵاتیی پێوە بەڕێوە دەبەن. دوو قاتر کە یەکجار جیاوازییان هەیە. بەڵام ئەوەیکە چۆن ئەمە لە خەڵک بگەیەنێ،... ئارام سەری هەڵبڕیەوەو لە ڕەشاییەکەی بەردەمی ڕووانیەوە. ئەوجا دیسان ئەم سەراوسەرێکی باڵکۆنەکەی کردەوە و دووای ئەوەی پەنجەیەکی خستەوە سەر چەناکەی، بە دەنگی بەرز بە قاترەکانی گوت، خۆشحاڵم بەوەی دەتانبینم، سەرۆکی چاک ئەو کەسەیە وا سەرۆکی هەموو بەشەکانی نیشتمانە،... ئەوەی وا دەتوانێ هەموو دەرفەتێک بکا بە دەرفەت! دەمەوێ پێتان بڵێم کە نیشتمان و شۆڕش لەبەر دەم مەترسییەکی گەورەدایە و هەر بۆیە پێویستمان بە یارمەتی هەموو کەس و هەموو شتێکە، ئەرکی ئێوە دۆزینەوە و تەسلیم کردنی قاترەکانە، هەتا ئەم نیشتمانە

لە قاترەکان پاک و خاوێن نەکرێتەوە نابێ هەدا بدەین،... بۆمان نیە پشوو بدەین، دوژمن... .

قاترەکان لەتاو مێش و مێشوولەکان و لە تاو بێ جێگایی تەنیا پێیان دەکرا گەردن بکێشن، سەر بەرزبکەنەوە و ریزی سپیی دیانەکانیان دەربخەن، بەو چاوانەوە لەوانە بوو لە خانی چاوەکانیان بێنە دەرەوە.

سەرۆک بۆ یەکەمجار دووای ساڵانی ساڵ هەستی خۆشی سەرکەوتن رووی تیکردەوە. ئەو ئەمجارە ئیتر دڵنیا بوو کە دەتوانێ قاترەکان بگرێ.

**زیندانەکەی سەرۆک**

رێک لە درێژایی ئەو دۆڵەیدا وا خانووکەی سەرۆکی لێبوو، بە چەند سەد مەترێک لەولاتر، بە دەستی راستدا گچکە دۆڵێکی تر هەڵکەوتبوو کە کێوەکانی دەورووبەری وەک دیوار بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون، ئەوەندە بەرز، دەڵێی ئاسمان سەقفێکی چەند بستی بوو بەسەر سەریەوە. لە بنی بنەوەیشی دا جۆگەلەئاوێک دەئاژوا کە کۆتایی هاوینان وشک هەڵدەگەڕا. تەنیا رێگای هاتووچۆی ناو دۆڵەکە، باریکە رێیەک بوو لە نێوان دوو گابەردی کشاوەدا، بەو چەکدارەوە یاخود ئەو چەکدارانەوە رۆژ تا شەو و شەو تا رۆژ کێشکیان تێدا دەبینی. ئەو دۆڵە، زیندانەکەی سەرۆکی تێدا بوو.

لە زیندانەکەی سەرۆک هەموو چەشنێکی تێدا دەدۆزرایەوە، لە خائینان بە نیشتمان و شۆڕشەوە بگرە، ئەوانەی دزییان لە ماڵی حیزب کردبوو، دەست درێژکەرانی سەر ناموسی خەڵکی، ئەوانەی وا جورئەتیان کردبوو حیزبی دیکە و رەخنەگری دیکە سازبکەن، هەتا ئەوانەی جوێنیان بە ناموسی سەرۆک دابوو.

لای سەرۆک، قێزەونترین بەشی شۆڕش و نیشتمان، ئەم زیندانە بوو!

لەبیری دێ کاتی خۆی، خەونی بە وڵاتێکی بەری لەهەر چەشنە زیندان و زیندانییەک بینی بوو، لە بیری دێ هەمیشە دوژمنەکەی بە هەبوونی زیندان تاوانبار کردبوو، تەنانەت بە ئێستایشەوە. بەڵام قەت بیری لەوە نەکردبووەوە رۆژێک خۆی

ببێ بە خاوەنی زیندان. هەندێ جار ئەمە بە تاوانی دوژمن لێکدەداتەوەو، هەندێ جاری دیکەیش پێی وایە گوناحی جۆری بیرکردنەوەکان و خەونەکانییەتی، ئەوەی کە خەیاڵی نیشتمان و شۆڕش، رەنگە خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکی گەروە بێ! ئەوەیکە رەنگە نیشتمان و شۆرش خۆی لە خۆیدا دووانەی زیندانن. هەرچەند سەرۆک یەکجار رقی لەم بیرکردنەوەی دووهەمیانە و لەبەر خۆیەوە دەڵێ بێگومان ئەمەیشیان هەر خەتای دوژمنە.

بەڵام بریا خەمی سەرۆک هەر خەمی زیندان بووایە. راستییەکەی ئەوە بوو کە لە بەشێکی چۆڵ و بێدەنگ و لاپەڕی دۆڵەکەدا جاری وابوو دادگای شۆرش خائینانی گولە باران دەکرد و تەرمەکانیان هەر کەمێک لەولاترەوە دەناشت. ئەو خائینانەی کە قەت نە کەسێک بوو لە دادگادا بەرگرییان لێبکا و، نە دەیانتوانی بەڵگەکانی خەیانەتی خۆیان پاساوبدەنەوە. زۆربەیان کاتێک حوکمی دادگاکەیان بە گوێدا دەخوێنرا، سەرتاپای جەستەیان دەهاتە لەرزین و دەکەوتنە گریان و پاڕانەوە. زۆربەیان پێش ئەوەی بگەنە شوێنی ئیعدامەکە، ئەژنۆیان دەشکا. وەک چۆن بە قۆچەقانی بەرد لە قاچی باڵندە دەگری.

سەرۆک وەک زیندان رقیشی لەم گولەباران کردنانە بوو. ئەو کە سەردەمانێک خەونی بە نەهێشتنی مرۆڤکوژییەوە بینی بوو، ئیستاکە رقی لە خۆی دەبووەوە. بەڵام وەک بۆ خۆی دەیگوت "ئەمەیش تاوانی دوژمن بوو" (ساڵانی ساڵ لە فێربوونی ئەم رستەیە دەگوزەرا). تاوانی دوژمن، ویژدانی سەرۆکی ئارام دەکردەوە و بۆیە شەوانە سەرەڕای هەموو رووداوە ناخۆشەکان، بە ئاسانی خەوی لێدەکەوت. تەنانەت جاری وابوو خەونیشی بەو شاخ و کوێستان و دەشت و لێڕەوارانەوە دەبینی، پڕی گوڵە رەنگاوڕەنگ و جوانەکان بوون.

جاری وابوو سەرۆک لە بێدەنگیی دووای گورگەزێ، یاخود بەیانیان زوو، گوێی لە دەنگی تفەنگەکان کە لەو دۆڵەوە دەهاتن، دەبوو. دەنگەکە سڕ و کپی دەکرد. رایدەوەستان و، بێدەنگی، وەک تارایەکی بێ رەنگ لە ئاسمانەوە دەهات و سەرتاپای جەستەی دادەپۆشی. دەنگەکە بە لاپاڵەکاندا دەخشا و لە شوێنێک کە کەس پێی نەدەزانی کوێیە، بزردەبوو. جاری وایە دەڵێی رێک لە لای ئەو، لە ناو گوێیەکانیدا ون دەبوو. دووا وێستگەی گەڕانی دەنگی مەرگ. لەم کاتانەدا سەرۆک هەوڵیدەدا بە هێنانە بیرەوەی یادەوەریی شەهیدان، کەمێک ویژدان و دەروونی خۆی ئاسوودە بکا. ئەوەیکە باشترین هاوڕێکانی بە دەست ئەم جۆرە کەسانە لەناوچووبوون. شەهیدان تۆڵەیان دەویست و ئەو دۆڵەیش شوێنی تۆڵەسەندنەوە بوو. سەرۆک دەستێکی بە سمێڵ و بە روخساریدا دەهێنا و لەبەر خۆیەوە ئەو رستە کۆنەی دووپات دەکردەوە کە لەدایکبوون هەمیشە لەگەڵ ژانە.

هەلدەکەوت حەزی بە سەردانی زیندانەکەی دەکرد (ئەو ئەمەی بە جیاوازییەکی گرینگ دەزانی، چونکە هیچ سەرۆکێک سەردانی زیندان ناکا). لە کاتێکدا رۆژی پێشتر جوان جوان ژووری زیندانییەکان و شمەکەکانیان دەپشکنی و چەند سکۆڕتی بە قەلافەت و جەربەزە و ئازا لەگەڵی دەکەوتن، دەچوو بۆ سەردانیان. نیگای زیندانییەکان هەمیشە هەر هەمان نیگا بوو، خەمگین، بێدەنگ، تێکەڵێک لە توڕەیی و رق و داوای بەخشین. جاری وایش بوو کتوپڕ یەکیان دەیدایە پڕمەی گریان و هەوڵیدەدا خۆی بگەیەنێتە سەرۆک و بە سەر قاچەکانیدا بکەوێ و داوای بەخششی لێبکا. بەخشش! ئەم وشەیە هەمیشە سەرۆکی بیری خودا دەخستەوە (هەرچەند باوەڕی بە خودا نەبوو). لەبەر ئەم بیرەوەرییەیش بووبێ ناوەناوە هەندێ لە

زیندانییەکانی دەبەخشی. سەرۆک پێی سەیر بوو کە چلۆن هەم ئیعدام و هەم بەخشین دەیانتوانی ئەم بیرەوەرییە، بیرەوەریی خودا، لای ئەو بەهێزتر بکەن.

سەرۆک ئەو هاوڕێیانەی بە جوانی دەناسی وا گولەکانیان بە ئیعدامییەکانەوە دەنا. ئەوان دوو دەستە بوون: یان زۆر ئەهلی گاڵتە و جەفەنگ بوون، یان زۆر کڕ و بێدەنگ. جگەرەیشیان زۆر دەکێشا، زۆریشیان دەخواردەوە، ئارەقی زەحلە،... بە بێ ئاو. تەواو گڕ. ئەوسا دووا تیریان لە سەری خائینەکەدا خاڵی دەکردەوە. "ئیتر شۆڕش ناوەکەی خۆی لە سەر خۆیەتی، یانی گۆڕانی کتوپڕ،... ئەو کتوپڕەی وا زۆر شت دەگرێتەوە!" لای سەرۆک سنووری نێوان ژیان و مەرگ هێڵێک بوو بە ناوی شۆڕش. هێڵێکی سوور و زۆر جاریش بێ رەنگ، ئەو رەنگەی تەنیا ئەو دەیناسییەوە. تەنیا ئەو.

سەرۆک رادیۆ و تەلەفزیۆنیشی هەبوو. لەم دووانەوە 'گەل'ی بێ خەم نەدەکرد. بە جوانی و بە زمانێکی حیماسی بۆی باس دەکردن بۆچی خائینان دەکوژێ. وایشی باس دەکرد کە هەموو کەس ئافەرینیان پێدەگوت و، دەیانگوت کاری باشی کرد. هەڵبەت لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکەدا قەت باسی قسەکانی خائینان نەدەکرا. ئاخر ئەوان هیچیان بۆ گوتن پێ نەبوو. ئەوان تەنیا خائین بوون و بەس. وەک چۆن شۆڕش تەنیا خۆی لە خۆی دەدوێ، وەک چۆن شۆڕش تەنیا خۆی تەعبیری خۆیەتی و بەس. لە کۆنەوە وتویانە هەتاو دەلیلی هەتاوە.

بەڵام سەرۆک تووڕەیە. خائینەکان کۆتاییان نایە. هەربۆیە ئیعدامەکانیش بێ کۆتان. جاری وایە هەست دەکا رێگا تەنیا خوێنە و بەس. بەڵام قەرار نەبوو وەها بێ. بەڵێن بوو رێگای بەهەشت، بەشێک لە بەهەشت بێت. "ئاە دوژمن!"، "گەر چەکی پێ

نەدەبوو!" بەڵام دوژمن پێیەتی، هەمیشە پێی بووە، ئەوەتەی مێژوو بووە و هەیە. سەرۆک جاری وایە هەست دەکا لە ڕاستیدا بەهەشتێک لە ئارادا نیە، ئەوەندەی خودی خەونەکەی هەیە. ئاواتەکان. ئا، بەهەشت تەنیا لەوێ لەناو ئەواندا هەیە و،... بەس.

جاری وایە حەزی لە وەستانی بەربارانە. هەڵبەت کەس نابێ ئاگای لێ بێ. بۆیە لە ماڵەوە، لە خەڵوەتی حەوشەدا کاتێک هەمووان خەوتوون و کەس دیار نیە، سەرۆک دێتە دەرەوە و خۆی دەداتە بەر باران. لێدەگەڕێ جوان جوان بخووسێ. شەلاڵی ئاو دەبێ، ئاوی ئاسمان. جەستەی وەک پشکۆ چزەچزی دێ لە ژێریدا. چزەیەکی ئەبەدی. قەت ناکوژێتەوە. سەرۆک هەمیشە گەرمایەتی. نەک لە رووی دەرەوە، لە رووی ناوەوە. بۆیە ناکوژێتەوە، ئاخر دنکەکانی باران ناگەنە دەروون. ئەوان هەمیشە بەسەر رووالەتدا دەبارێن.

بە خۆشییەوە دونیا زۆر دەرفەت دەدا بە دەستەوە، ڕێگای زۆر بە دەستەوەیە. یەک لەوان کتێبە. بۆیە سەرۆک زۆر جاران لە بەر ڕەفەی کتێبە بێ ئەژمارەکانیدا دادەنیشێ و دەخوێنێتەوە، وەک شێتان. زۆرتر مێژوو دەخوێنێتەوە. ئەگەرچی باسی ناکا، بەڵام یەکجار ڕقی لە ئەدەبییاتە. لای ئەو ئەدەبییات هی دڵ ناسکەکانە. ئەوانەی لە پشت وشەکانەوە خۆیان دەشارنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە ئەرکەکان بشارنەوە. لە شۆڕش. لای ئەو گەر ئەدەب نەبووایە، لەمێژ بوو شۆرش سەرکەوتبوو. تەنانەت ئەو شیعر و چیرۆک و هەڵبەستانەی بەسەر شۆڕشیش دا گوتراون، بە فێڵی دەزانێ. فێڵێک کە شاعیران دەیکەن بۆ ئەوەی بڵێن ئێمەیش هەین بە بێ ئەوەی هەبن! ئای کە ئیفلاتونی خۆش دەوێ. شۆرش شتێکە لە ڕەگەزی ئایدیاکانی ئیفلاتون، ئەو

ئایدیایانەی وشە شاعیران تەنیا لاسایی دەکەنەوە، ئەویش چ لاساییەکی قێزەون. بەڵام مێژوو لە رەگەزێکی ترە. زیندووە. پڕی مرۆڤە گەورەکانە. ئەوانەی وا لە سەرۆک دەچن و وەک ئەو تەنیا بە ئەقڵیان لە ژیان و لە نیشتمان دەڕوانن. بە بێ هیچ هەستێک. گەر هەستێکیش هەبێت ئەوا لە بنی بنەوەیە. ئەوەندە بن کە دەڵێی هەر نیشە. "بۆ ببێ!" لە کاتی خوێندنەوەی مێژوودا هەوڵدەدا وێنەی مرۆڤە گەورەکان بێنێتە بەرچاوی خۆی. لای سەرۆک بە بێ ئەم وێناکردنە، تێگەیشتن لە مێژوو مەحاڵە. بۆیە ژوورکەی پڕکردووە لە وێنەکان. ناردوویەتی بۆی بێنن. بە خۆشییەوە ئاسانیش دەست دەکەون. تەنانەت ئەوانەی وا وێنەیشیان نیە وێنەیان رۆژێک هەر دەست دەکەوێ. سەرئەنجام کەسێک دەبێ کاتی خۆی بینی بێتی، ئەگەر ئەو کەسە نەک هەزار ساڵ لەوە پێش لە گەڵ مرۆڤە گەورەکە، بەڵکو ئیستایش ژیابێ! گەر هەر دەستیش نەکەوت، ئەوا سەرئەنجام مانگێک هەتاوێک یان شتێکی لەم بابەتە دەینوێنێتەوە. مرۆڤە مەزنەکان قەت ون نابن. لە باوەشی نەک تەنیا خواوەند، بەڵکو لە ئامێزی سروشتیش دان.

کاتێ باس باسی وێنەیە، سەرۆک رقی لەم سەردەمە دەبێتەوە. ئیستا دەستکەوتنی وێنەی مرۆڤە گەورەکانی سەردەم یەکجار ئاسانە. لای سەرۆک ئەمە هەڵەیە. ئەوان نابێ ئەوەندە ئاسان وێنەیان دەست کەوێ. دەبێ ساڵانی ساڵ بگوزەرێ بۆ ئەوەی یەک وێنەیان لێ ببیننەوە. ئەویش وێنەیەک کە کەسێک لە خەیاڵی خۆیەوە کێشابێتیەوە، نەک لە ڕووی واقیعەوە. خەیاڵ وێنەکان پڕ شکۆ دەکا، دەیانکا بە شتێکی تر، رەنگە لە رەگەزی خودی خەیاڵ.

بەڵام کتێبە مێژووییەکان تەنیا بەمە راناوەستن. لای سەرۆک خۆشترین و سەرنجڕاکێشترین بەشی ئەم پەرتووکانە کاتێکە باسی کوژراوەکان دەکرێ. تەنیا فاکت و بەس. ئەوەندە کوژران، ئاوا کوژران، ئیتر بە بێ هیچ شیعر و هەڵگوتنێک پێیاندا. راتناوەستێنن. ئاخر چونکە باس باسی شتێکی ترە، باسی ئامانج، ئەوانی تر هەمووی لاوەکین، تەنیا رێگان و بەس. رێگایش دەبێ پێیدا بڕۆیت. وەک هەموو رێگاکانی تر.

بەڵام شیعر وازناهێنێ. لە یادکردنەوەی رۆژە مێژووییەکاندا هەمیشە هەندێ هاوڕێی گەمژە هەن، شێعر دەنووسن و دێن لەوێ دەیانخوێننەوە. هاوڕێ گەمژەکان،... چەندە رقی لێیانە! چەندە حەزدەکا قەدەغەیان بکا! تەنانەت چەند جار هەوڵیدا بەریان پێ بگرێ،... بۆ هەمیشە، بەڵام شتێک لە دەروونەوە پێی گوت ئیتر یەکجار وەهایش نا! بۆیە لە جیاتی ئەوەی قەدەغەی بکا، ئەویش وەک هاوڕێ گەمژەکانی تر گریا. گریا بۆ یادی شەهیدان، بۆ ئەو ساڵانەی ئارەقی تیا رشت و بۆ سرکیی خەونەکان،... بۆ نەگبەتیی ئامانج.

ساتەکانی دووای مەراسیمەکان، قورسترین ساتەکانن. سەرۆک وەها قورس دەبێ کە هەست دەکا جەستەی نەیەکجار گەورەی سەد و پەنجا کیلۆ دەبێ، بگرە زیاتر. لە دووای مەراسیمەکان، هەمیشە مێژووی لا کاڵ دەبێتەوە. ئەو مێژووەی ئەو یەکجار قەرزاریەتی. بیردەکاتەوە دەبێ هاورێیان زیاتر بۆ خوێندنەوەی کتێبە مێژووییەکان هان بدا. بڕیار دەدا لەمەبەدووا بە جێ و نابەجێ لە کاتی کۆبوونەوە و قسە و باسەکاندا باسی مێژوو بێنێتەوە ئاراوە. تەنانەت بیر لە نووسینی کتێبێکیش دەکاتەوە. کتێبێکی تاریخی. لە سەر خودی تاریخ. سەرۆک لە هەستێکی خۆش و کتوپڕیدا

هەست دەکا گەیشتووتە ناخ و هەوێنی هەموو دیاردەکان و هەموو 'بوون'. وزەیەکی سەیر وەک وزەی سەردەمی گەنجیەتی رووی تێدەکاتەوە.
بەڵام شەوانە دیسان لە دۆڵەکەوە دەنگی گولەکان دێنەوە. گولە نەگبەتەکان. ئەو فیشەکانەی زیاتر لە شیعر دەچن تا مێژوو. ئەو فیشەکانەی لە گەڵ دەنگی خۆیان ئەو رستە و وشانە دێنن وا زۆرتر لە ئەدەب دەچن تا گێڕانەوە مێژووییەکان. قەڵەمە نگریسەکان. بەڵام مێژوو دەرفەت دەدا. دێتەوە یادی کاتێک لە شوێنێک خوێندبوویەوە کە سێدارەیش هەیە. دارێکی رەپ بە تەنافێکی قایم کە لە خۆی بێدەنگتر لە دونیادا دەست ناکەوێ. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوەکانی.
لەو رۆژەوە ئیتر چونکە لە دۆڵەکەوە دەنگی تەقەکان نایەت، سەرۆک یەکجار زیاتر ئاوێتەی پەرتووکە مێژووییەکان بووە. ئەوەندە ئاوێزان، کە لە یەکەم نوتقی ئەمساڵیدا بەڵێن بە هاوڕێیانی دەدا بەڕاستی شتێکی وەهای نەماوە بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکیی شۆڕش،... ئەوەیکە ئەمجارە بەڕاستیەتی و ئەم هەواڵەی لە دووای خوێندنەوەی دووبارە و چەندبارەی هەموو کتێبە مێژووییەکانەوە، دەرهێناوە.

**دەخیلەکەی سەرۆک**

سەرۆک خاوەنی دەخیلەیەکی جادووییە،... لە سەردەمی منداڵییەوە هەیەتی. بۆخۆی دەڵێ پێش ئەوەی لە دایک بێ، باوکی بۆی کڕیوە. لە هیندستان، وڵاتی ڕەنگاڵەکان بۆی هێناوە، بە سواری ئەسپی کەحێل (هەرچەند سەرۆک حەزی دەکرد ئەسپەکە سەرتوون بایە). دەخیلەیەکی ڕەنگ قاوەیی تۆخ کە لە دووای ساڵانی ساڵ ڕەنگەکەی هەڵبزرکاوە و بگرە لە هیچ ڕەنگێک ناکا، بەڵام بۆخۆی دەڵێ قاوەییە، هەربۆیە خەڵکیش دەڵێن قاوەییە! سەرۆک دەڵێ هەر لە ساتی لەدایکبوونییەوە چونکە ئەهلی کار و زەحمەت و ماندووبوون بووە (هەڵبەت کاتێک ئەم قسەیە دەکا دەستەکانی دەشارێتەوە)، فلس بە فلس پارەی کۆکردووەتەوە و تێی کردووە. وەها کە ئیستاکە بە میلیۆن و بگرە بە میلیاردیشی تێدایە. ئەو دەڵێ هەر لەو کاتەوە دەیزانی دەبێ بە سەرۆک و ئەرکی گەورەی بەڕێوەبردن و پارێزگاری کردن لە نیشتمانی دەکەوێتە سەر شان، بۆیە لەیەکەم چرکەکانەوە لە بیری خەزێنەیەک بووە بۆ نیشتمان و بۆ شۆرش. دەڵێ ئەمە یاساو و ڕێسایەکی سەرەکییە و وەک هەموو شۆڕشەکانی دونیا، شۆڕش بە بێ پارە و پول سەرناکەوێ، وە چونکە دوژمن هەر چوار دەوری تەنیوین و ڕێگەیەکمان بەرەو جیهانی دەرەوە نیە، هەبوونی دەخیلەیەکی لەم چەشنە یەکجار گرینگە. ئیتر لەو ساڵەوە کە بە فەرمی کرا بە سەرۆک، ئەم دەخیلەیە خەرجەکانی شۆڕشی لەئەستۆیە و وەک هەنبانە بۆرینە هەموو جارێک دەستە خرپن و سپی و لووسەکانی تێدەکا و، بە میلیۆن پارەی لێدەردەهێنێ تا پێداویستییەکانی نیشتمان دابین بکا.

سەرۆک کە زۆر کەسێکی بە مشور و داهاتووبینە، لە ژیانیدا یەک فلس چیە لە نیشتمانی وەرنەگرتووە. چووەتە هەر ماڵ و گوندێک پارەی خواردنی خۆی و هاوڕێکانی داوە، لە هەر شوێنێک لایدابێ تەنانەت گەر پەرداخێک ئاویشیان

خواردبێتەوە، شتێکی هەر داناوە. ئەو پێی وایە داهاتی نیشتمان تەنیا بۆ نیشتمانە و، بۆیە دەبێ کاری پێی نەبێ. ئەگەرچی نیشتمان خاوەنی کشت و کاڵی چاک و بازرگانیی بێ وێنەیە و، بگرە لەم دووابیانەیش دا بووەتە خاوەنی نەوت، بەڵام ئەو ئەوەندە دەست و چاوی پاک و خاوێنە کە تەنیا بەلایاندا تێدەپەڕێ و بەس، بە بێ هیچ دەست تێوەردان و خەون و خەیاڵێکی پیس. ڕەنگە جار و بارە تەنیا بە ئاهێکەوە کە لێکۆڵەران پێیان وایە ئەویش ئاساییە.

بەڵام خەڵکی پێیان سەیرە بۆچی قەت لە ڕاپۆرتی ساڵانەی دەسەڵاتەکەی سەرۆک دا باسی داهاتی کشت و کاڵ و بازرگانی و پیشە سازی و بگرە نەوتی وڵاتی تێدا نیە. هەڵبەت سەرۆک لە ڕێگای کەراماتەوە لە دەروونی خەڵک تێدەگا و، هەربۆیە لە وەڵامدا دەڵێ چونکە ئەو تەنیا لەم دەخیلەوە پێداویستییەکانی شۆڕش و نیشتمان دابین دەکا، نایەوێ کاری بەم ڕاپۆرت و بەزم و ڕەزمەوە بێ. دەڵێ خەڵکی دەبێ بۆ خۆیان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و جێ بە جێی بکەن. تەنانەت ئەوەندە بەخشندە و پڕ لە کەرەم و کەراماتە کە تەنانەت ئامادەیە پارەی ئەم کارەیش بدا، بەس بۆ ئەوەی خەڵکی زۆر زەرەر نەکەن و، هەتا ژیانیان دەڕوات دۆخیان باشتر بێت.

ڕەنگە پێتان سەیر بێ گەر بڵێین سەرۆک هەتا ئیستا دەخیلەکەی نەشکاندووە. بۆخۆی دەڵێ بە شێوەی تر پارەکەی نێوی تیا دەردەهێنێ، چونکە گەر بێت و بیشکێنێ، ئەوا خێر و بەرەکەتی نامێنێ. گوایا باوکی کاتی خۆی بە گوێی منداڵیی سەرۆکدا چپاندوویەتی کە پارە لە شاراوەییدا خێر و بەرەکەتی زیاترە. خەڵکی بیر دەکەنەوە و لەیەکتری دەپرسن کە بەڕاستی سەرۆک چلۆن لەو کونە بچوکەوە کە بە زەحمەت فلسەکانی تێ دەچێ، دەتوانێ بە میلیۆن پارەی تیا دەربێنێ. بەڵام خەڵکی هەر زۆر زوو واز لەم بیرە دەهێنن، چونکە پێیان وایە وەک چۆن دەخیلە بێ

ڕەنگەکە دەبێ قاوەیی بێ، هەر ئاوایش دەکرێ لە کونەکەیەوە پارە سەرڕێژ بکا. ئەوان لەمێژە باوەڕیان بە کەراماتی سەرۆک هێناوە، ئاخر گەر کەسێک خاوەن کەرامات نەبێ، چلۆن دەتوانێ شۆڕشێک ڕێک بخا، سەری بخا و چاوی نیشتمانێک ئاوەها هەتاهەتایە گەش بکاتەوە،... ئەوەندە گەش کە نەتوانێ کاتێ لە ئاوێنەدا لە خۆی دەڕوانێ، چاوەکانی خۆی ببینێ.

سەرۆک بۆ یەک چرکەیش بێ لە دەخیلەکەی دوور ناکەوێتەوە. لە کاتی نانخوارن لە سەر مێزەکەی بەردەمی لە تەنیشت قاپی خواردنەکەیدایە، بەشەو لەگەڵ خۆی دەیباتە ژێر لێفەکەیەوە و تەنانەت لە کاتی چاوپێکەوتنە گرینگەکانیشدا لەبن پشتێنەکەی دەنێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە جگە لەخۆی باوەڕی بە کەسی تر نیە. ئەو پێی وایە هیچ شتێک لە پارە خەتەرتر نیە و هیچ شتێکی تر بە قەدەر عانە ناتوانێ مرۆڤ، بگرە مرۆڤە دڵ و دەروون پاکەکانیش لە ڕێگا بەدەر کا. بۆیە دەخیلەکە وەک دووانەی خۆی هەمیشە لەگەڵ خۆیەتی. ئەو تەنانەت کاتێک باس دێتە سەر دەخیلەکە، باوەڕیشی بە نیشتمان و بە خودی شۆڕشیش نیە و پێی وایە پارە دەتوانێ ئەم دووانەیش لە ڕێگا بەدەربکا. سەرۆک لە ڕاستیدا تەنیا باوەڕی بە خۆی هەیە و بەس،... تەنیا خۆی.

سەرۆک هەر لە پارەی ناو ئەم دەخیلە جادووییە بۆ ئەوەی ئابڵۆقەی دوژمنەکانی چواردەوری تێک بشکێنێ، تەکنۆلۆژیای سەیر و سەمەری دروست کردووە (هەڵبەت ئەمری دەرکردووە کە دروستی بکەن). بۆ وێنە، بۆ یەکەمجار لە دونیادا فڕۆکەیەکی چێکردووە ڕێک لە شوێنی خۆیەوە بە چەندین و چەندین کیلۆمەتر بەرزدەبێتەوە و دەچێ بە ناخی ئاسماندا. ئیتر نیشتمان پێویست ناکا ئیزن لە وڵاتانی

دراوسێ بخوازێ بۆ فڕاندنی فڕۆکەی نیشتمان بە ئاسمانی ئەواندا. یاخود عەرزی وەها کون کردووە کە لەو سەرەوە لە دەریا ئازادەکان سەردێنێتە دەرێ و، بۆیە سەرۆک هەر لەوێوە بۆرییە نەوتییەکانیشی تەنانەت بەرەو دونیای ئازاد راکێشاوە. ئەو کاتێک دێتە سەر تەلەفزیۆن، دەخیلە جادووییەکەی دەخاتە سەر مێزەکەی بەردەمی و لە کاتێکدا بزەیەکی پڕ لە سەرکەوتن و متمانەبەخۆبوونی لە سەر لێوانە، بە شانازییەوە بە جەماوەری حەپەساوی خۆی دەڵێ "هەموو شتێک لەم دەخیلەیەوە ببینن،... ئا لە دەخیلە جادووییەکەی هێنراوی وڵاتی رەنگاڵەکان!" جەماوەریش لەم کاتانەدا خۆیان پێ راناگیرێ و دەیدەنە پرمەی گریان، دەست بەرزدەکەنەوە و رەنگە بۆ هەزارەمین جار (بۆیە دەڵێن هەزارەمین چونکە لە دەمدا خۆشترە، ئەگینا لە ژماردن نایە)، سوپاسی ئەو خودایەی دەکەن کە لە موعجیزەیەکی سەیردا بیری لە دروستکردنی بلیمەتێکی وەک سەرۆک کردبووەوە.

لە دەخیلە جادووییەکە، سەرۆک تەنیا بۆ دابینکردن ژیانی هاوڕێیان کەڵک وەردەگرێ و بەس. لە زووەوە پێی گوتوون نابێ کاریان بە داهاتی ئابووری وڵاتەوە هەبێ و، هەر چییان دەوێ دەبێ لەم دەخیلەیەوە دابینی بکەن. چونکە سەرۆک یەکجار خۆشەویستە و چارەنووسی نیشتمان و شۆڕش تەنیا بەوەوە گرێدراوە، هەربۆیە بەخۆشییەوە هاوڕێ یەکجار زۆرن. ئەوەندە زۆر کە جاری وایە سەرۆک بە گاڵتەوە دەڵێ: "گەر شەق لە تەنەکە زبڵ هەڵدەی، هاوڕێ دەردەپەڕێ!" رەنگە نەک هەمووی خەڵک، بەڵام زۆرینەیان هاوڕێی سەرۆکن. سەرۆک بە هۆی پیاو چاکییەوە پێی گوتوون، یان لە دامەزراوە حیزبییەکان، یان لە دەزگا حکومەتییەکاندا دەتوانن دابمەزرێن بەو مەرجەی تەنیا مووچەیان لە دەخیلەکەوە پێ بدرێ. وەک

هەمیشه دەڵێ هاوڕێیان نابێ کاریان به ئابووریی وڵاتەوه هەبێ و تەنیا له دەخیلەکەوه خەرجیان دەبێ دابین بکرێ. هاوڕێیان ئەوەنده زۆرن که به بێ ئەوەی هیچ کارێکی ئەوتۆ بکەن دەتوانن له ماڵەوه دابنیشن و پاره و مواجب وەربگرن، هەڵبەت بۆ ئەوەی ئەم جۆره هاوڕێیانه زۆر بێ تاقەت نەبن و وەڕەزی سەریان نەخوات، سەرۆک، ئەرکی سوپای نهێنیی نیشتمان و شۆڕشی خستووەته سەر شانیان (ئەو باوەڕێکی سەیری بەم قسه نەستەقه هەیه که دەڵێ شەڕ له بەتاڵی باشتره). بۆیه ئەو هاوڕێیانه له ماڵەوه له بەر پەنجەرەکانیاندا دادەنیشن و هەمیشه خەریکی چاوەدێری کردنن. بۆخۆیان دەڵێن دوژمن زیاتر هەوڵ دەدا له کۆڵانەکانەوه تێپەڕێ هەتا له جاده سەرەکییەکانەوه. ئەوان لەوێ دادەنیشن و له کاتێکدا دۆعای بەخێر بۆ سەرۆک و بۆ شۆڕش دەکەن، له کاتێکدا دۆی مزر و سارد، یاخود پێکی زەحلەکان هەڵدەدەن، چاوەدێریی نیشتمان دەکەن. دیاره دەبێ ئەوان وەها دابنیشن که له کۆڵانەوه نەبیرێن، ئەگینا هەموو ریسەکه دەبێتەوه به خوری. بۆیه هەم چاویلکەی رەشیان له چاودایه و هەم شووشەی ئەو پەنجەرەیەی له پشتییەوه دادەنیشن، لێڵه (سەرۆک جارێکیان به یەکێک لەم کۆڵانانەدا تێدەپەڕێ و زۆریی چاوه رەشەکان سەرنجی رادەکێشێ، یەکێک له هاوڕێیان ئاگای لەمه دەبێ و بۆیه زۆر خێرا خۆی دەگەیەنێته سەرۆک و چیرۆکەکەی وەبیر دێنێتەوه. سەرۆک که رقی له گەمژەیی و فەرامۆشکاریی خۆی دەبێتەوه، ئەمر دەکا ئەو هاوڕێیه بنێرن بۆ وەها شوێنێک که به زەحمەت ماڵی خۆی بدۆزێتەوه. ئاخر لەوه دڵنیا بوو سەرئەنجام هۆکاری چاوه لێڵەکانی دەهاتەوه بیر. ئەو، تەنیا کاتی دەویست،... کات)

بەڵام سەرۆک له گەڵ دەخیله جادووییەکه بەردەوام یەک کێشەی هەبوو (که به خۆشییەوه توانیبووی چارەسەی بۆ ببینێتەوه)، ئەویش ئەوەی که دەخیلەکه له دووای

خۆی شوێن پێی جێ دەهێشت (سەیر ئەوەیە شوێن پێی وڵاتی هیندستان و ئەو رۆژانەی سەرۆک تێیدا کاری تاقەت پڕوکێنی کردبوو، زۆر ئاسان ون ببوون!)

دەخیلەکە سێ شوێن پێی تری بە شوێنەوە بوو کە سڕینەوەیان زەحمەت بوو،... یەکجار زەحمەت! (سەرۆک بۆ سڕینەوەی ئەم شوێن پێیانە تەنانەت پارەیشی بە 'هەتاو' دابوو بۆ سووتاندنیان). ئەو سێ جێگا قاچانەیش بریتی بوون لە هێڵێک بەرەو کشت و کاڵ، هێڵی دووهەم بەرەو بازرگانی وڵات و سێهەمینیشیان خەتێکی رەش لە رەگەزی نەوت. بۆیە کاتێک سەرۆک تێدەپەڕی، دوواتر شوێنەکەی، یان بۆنی سەوزە و میوەی دەگرت، یان بۆنی شمەک، یانخود بۆنی نەوت (ئەم بۆنەی ئاخریان لەم ئاخرانەدا هەتا دەهات تۆخترهەڵدەگەرا و بە سەر ئەوانی تردا زیاتر زاڵ دەبوو). سەرۆک بۆ ئەوەی ئەم جێ هەنگاوانە بسڕێتەوە، بۆ هەر کوێیەک دەچوو جگە لە تیپێکی گەورەی موسیقا کە ئاوازی نیشتمانی و شۆڕشیان بە دەنگێکی یەکجار بەرز دەچڕی، بە چەند سەد کەسیش سوپا لە گەڵیا بوو کە لە دوواوەی دەڕۆیشتن. ئیتر سەرنجی خەڵک دەچووە سەر ئەمانە و خێرا جێ هەنگاوە سەیر و سەمەرەکانیان لەبیر دەچووەوە (ئەوەیکە دوواتر چی رووی دەدا و چۆنیان بیردەکردەوە، کاری سەرۆک نەبوو. ئەم بەشە لەمێژ بوو سپێردرابوو بە هاوڕێ چاویلکە رەشە لە چاوەکانی پشت پەنجەرەکان). بۆیە لە دووای هەر تێپەڕینێکی سەرۆک، هەندێ کەس لە کۆڵانەکاندا یان بۆ هەمیشە ون دەبوون، یان کە دوواتر دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، دەڵێی چاویان بژماری تێکرابوو.

بەڵام سەرەڕای هەموو شتێ، گرینگ ئەوە بوو هەم سەرۆک سەلامەت بوو و هەم دەخیلە جادووییەکە وەک هەمیشە هەبوو و لە پاڵ سەرۆکدا بە ئاسوودەیی درێژە بە ژیانی قاوەیی یاخود بێ رەنگی خۆی دەدا. دونیایش هەمیشە وابووە، ئەوەیکە هەموو

شتێک ناکرێ بە تەواوی رێک و پێک و بەدوور لە هەڵە بێت. تەنانەت ئەو پێی وایە خوداش بۆ خۆی دونیای لە بنەڕەتدا وەها چێکرد. ئەی ئەوە نیە شەیتانمان هەیە، درۆ و دەلەسەمان هەیە و ئەو مرۆڤانەی کە هەرچییان لەگەڵ دەڵەی هێشتا هەر لە سەر قسەی خۆیانن! سەرۆک لە کاتێکدا بە ئارامی دەست بە سەری پشیەلەکە (ببورن دەخیلەکە)دا دێنێ و، بزەیەک لێوەکانی دەگرێتە خۆ، روو لە هاوڕێیانی دەڵێ: "گەر خودا نەیتوانی دونیا کامڵ دروست بکا، ئیتر من چۆن دەتوانم،... خودای گەورە لە کوێ و من لە کوێ؟... های هووووووو!"

هاوڕێیانی سەرۆک لەم کاتانەدا گوێیان لێیە دەخیلە جادووییەکە وەک پشیلە دەمیاوێنێ. وەک ئەو پشیلانەی حەزیان بە گەمە کردن لە گەڵ مشک و دوواتر خواردنیانە. سەرۆک بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ. ژوورەکە و شار بە هەموو کۆڵانە پڕ لە چاویلکە رەشەکانیەوە دەنگ دەدەنەوە. لەم کاتانەدا شۆڕش و نیشتمان وەها لە بەر پێی سەرۆکدا بچوک دەبنەوە کە دەخیلەکە لەبەر چاویاندا دەبێ بە کێوێک، ئەو کێوانەی کاتی خۆی سەرۆک لەوێوە گوتبووی ئەو کێوانە خۆڕاگرن چونکە ئەوانی لێن،... ئەوان!

## سەرۆک و سۆزانییەکانی نیشتمان

سەرۆک بە ژوورەکاندا دەگەڕێ. سەیری وێنەکانی سەر دیوارەکە دەکا، وێنەی ژنەکەی لە ناو قاپە گران و بەنرخەکاندا. عەکسە جۆربەجۆرەکانی قۆناغەکانی تەمەن، لە هەڕەتی گەنجیەتییەوە هەتا ئێستا. جوان لێی ورد دەبێتەوە، ئەو سەردەمانە چەندە گەنج بووە و ئەم پێی نەزانیوە. تاوانی خۆی و ئەقڵی خۆیەتی، یان تاوانی شۆڕش و نیشتمان؟ نازانێ. نا، مرۆڤ تا گەنجە نازانێ گەنجە. بگرە تەنانەت هەمیشە خۆی بە گەورە و بەتەمەن لێک دەداتەوە. دەبێ ساڵەکان بگوزەرێن و بە راستی بچێتە ناو تەمەنەوە تا بزانێ ئەو کاتانە چەندە جەوان بووە. دیسان نازانێ بۆ وایە، بۆ مرۆڤ وا بیردەکاتەوە؟ تەنانەت ژنەکەی ئەوەندە گەنجە کە جاری وایە لەم وێنانەدا وەک منداڵ دێتە بەرچاوی. ئەو منداڵەی خاوەن چەندین منداڵ بووە، ئەو منداڵەی لە سەختترین کاتەکانی شۆڕش دا بە چەندین زارۆک بە بەرەوە، لە گەڵ سەرۆک شوێناوشوێنی کردووە. هەموو سەرتاسەری نیشتمان،... چیا بە چیا و دۆڵ بە دۆڵی. ئای چەندە ئەو کاتانەی بە ئەبەدی لێکدەدایەوە، ساتە هەمیشەییەکان، ئەو ساتانەی چەندە خێرا گوزەران. سەرۆک بگرە وای لێدێ کە پێی وایە نەک دوژمن، بەڵکو ئەوە 'کات' ە دوژمنیەتی. دوژمنێک کە پێی نازانی و کەچی هەموو دەمێک

لەگەڵتدایە، ئەو دوژمنە نهێنییەی لە کاتێکی تایبەتدا خۆی نیشان دەدا. رەقیبێک کە بیری دەخاتەوە ئەویش بە پێچەوانەی ئەوەی سەرۆکە، بوونەوەرێکی کاتییە و دەمرێ، رۆژێک لە رۆژەکانی ژیان. قولپێک بەربینگی دەگرێ. ئەوەیکە نیشتمان و شۆڕشن دەمێننەوە نەک ئەو، هەستێکی قێزی تیا دروست دەکا، بەڵام ئەو نابێ ئەمە بە هاوڕێیان بڵێ. قەت قەت!

بیری دێتەوە تەنانەت لە گەرمەی گەورەترین شەڕەکان و مەزنترین کارەساتەکانی سەردەمی بەرەوپێش بردن و بەدەسەڵات گەیاندنی شۆڕش دا، جاروبارە بیری لە ژنانی تر کردبووەوە. بیر لە روخساریان، لە جەستەی ناسکیان، لە لەرەی سمت و مەمکیان، بەڵام ئەو سەردەمانە وەها بوون کە زوو لە بیری دەچووەوە، لە بیریان دەبردەوە. هاوڕێیان، نیشتمان و شۆڕش هەمیشە ئەوەندە ئەرکیان دەخستە سەرشانی کە زوو غەریزەکانی بپۆشن و پێی لەبیربکەن. چەندە ئاسانیش دایاندەپۆشی. وزەیەک نەدەما. هەمووی لە شوێنێکی تر بەتاڵ دەبووەوە، وەک لێوانێکی خاڵی خاڵی کە خۆی لە بنەکەیدا بۆ کەمێک ئاوی بە هەڵکەوت بەجێماو دەگەڕێ، بەڵام چەندە بێسوود،... چەندە بێسوود!

روخساری ژنەکەی، چەند ئاشنایە. ئەوە بۆ تا ئیستا بیری لەمە نەکردبووەوە؟ روخسارێک کە لە گەڵ ساڵەکان تێکەڵ دەبێ و دەبێ بە هێمای رابردوو، هێمای هەموو ئەو رێگایانەی پێیدا رۆیشت،... رۆیشتن. بەڵام هاوکات قێزێکیش دەیگرێتە خۆ. باشە بۆچی تەنیا یەک ژن؟ لە وێنەکان دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە بەر ئاوێنەکە. سەیری روخساری خۆی دەکا، سەیری چینە لەسەریەک نیشتووەکانی قەراخ چاوەکان و ژێر ملی. تەمەن رۆیشت! ئەویش تەنیا لە گەڵ یەک ژن! هەوڵدەدا بزانێ ژنەکەی خۆش دەوێ، یان رقی لێیەتی. دەچێتە بنی بنەوەی خۆی. ئا، هەم خۆشی

دەوێ و هەم رقی لێیەتی. خۆشی دەوێ، وەک سوپاسێک بۆ هەموو لەگەڵ یەکبوونەکان لە تەواوی ئەم ساڵانەدا و، رقیشی لێیەتی، چونکە لە بیری بردەوە ئافرەتی تر لەم ژیانەدا هەن! بەڵام نا، تەنیا سووچی ئەو نەبووە. ئەوسا بیری شۆڕش و نیشتمان دەکەوێتەوە. تاوانبارەکان! ئەوانەی ئەوەندە خۆویست بوون، نەیانهێشت سەرۆک شوێنەکانی تری ئەم دونیایە ببینێ و بیریان لێبکاتەوە.

ئارام دەچێ و لە سەر کورسییەکەی تەنیشت مێزی کارەکەی دادەنیشێ. لە تاریک و روونیی ژوورەکەدا خەیاڵی دەچێ بۆ شەقامەکانی شار. ئەو شوێنەی وا خەڵکی ئاسایی هەمیشە پێیدا دێن و دەڕۆن، کاسبی تیادەکەن و کاتی بێتاقەتییەکانی خۆیانیان تیا بەسەردەبەن. ئەو شەقامانەی ئەو قەت نەیتوانی بۆ یەک جاریش بێت لە ژیانیدا بە کەیفی خۆی پیاسەیان تیا بکا، سەیری دووکانەکان بکا، لە ئۆتۆمبیلەکان بڕوانێ، مامەڵەی شتومەک بکا و لەمە گرینگتر لە ژنەکان بڕوانێ. ئاهێک هەڵدەکێشێ. خەیاڵی دەچێتە سەر ژنە سۆزانییەکان، ئەوانەی وا بۆ خۆی تا ئێستا لە چەندین کۆبوونەوەدا لە سەریان گوێی لە راپۆرت راگرتووە، لە گەڵ هاوڕێیان قسە و باسیان لەسەر کردوون و بگرە حوکم و بڕیاریشیان لەسەر داون. راپۆرتە قێزەون و شەرمناکەکان! قەت باوەڕی نەدەکرد نیشتمان لە دووای شۆڕش خاوەنی ئەوەندە ژنی لەشفرۆش بێت. ئەگەرچی حەزدەکا لە راپۆرتە فەرمییەکاندا بڵی گوناح و پلانی دوژمنە، بەڵام جاری وایە شەرم دەکا لەوەی کە لە سەردەمی پێش بە دەسەڵات گەیشتنندا ئەوەندە تاوان و تۆمەتی باری دەسەڵاتدارەکەی پێشوو کردبوو. بزەیەکی دێتێ و بە ئەژنۆی خۆیدا دەکێشێ. گەر تەنیا یەک جار، ئا، یەک جار دەستی بە شەقام رابگەیشتایە، دەیزانی چی بکا. خۆی دەگەیاندە شوێنی سۆزانییەکان. جوان چاوی پیادەگێڕان، قسەی لەگەڵ دەکردن، لە لەش و لاریان ورد دەبووەوە، ئەوەی

هەڵدەبژارد وا کەمێک باڵا کورت و گۆشتن بێت، بە چاوێکی خومارەوە، بە دەنگێک کە بە ئاستەم لە قورگی تەنگی دێتە دەرەوە و، زیاتر لە هەناسە دەکا تا دەنگ. ئا، یەکسەر لەگەڵ خۆی دەیبرد. بۆ کوێ؟ رادەمێنێ. سەرۆک خانوویەک شک نابا. هەیە و نیە، ئێرەیە. بە هەموو ئەو چەک بەدەست و نیگابانانەوە شەو و رۆژ کێشک دەبینن. نەفرەتیان لێ بێت! نەفرەت! دەرگایەکی پشتەوەیش نیە تا لەوێوە لە گەڵ سۆزانییەکە خۆی بە دزییەوە بکا بە ژوورا. ئەی چۆنە گەر بچێتە ماڵی خودی سۆزانییەکە؟ ئەمە دەکرێ. خۆشییەک لە دڵیدا دەگەڕێ. کەواتە ئەو تەنیا دەبێ جورئەت بکا و شەوێک لە شەوەکانی ژیان خۆی لێرە بدزێتەوە و بە جل و بەرگیکی ئاسایی و رەنگە کڵاوێکیش بەسەرەوە (کەمێکیش دەبێ سەری بۆ دانەوێنێ)، خۆی فڕێبداتە ناویانەوە. بۆ ناو شەقامە رەنگاوڕەنگەکانی نیشتمان و حۆرییە بەڕەڵڵاکانی ناویان!

ئەم بیرە خەنی دەکا. دەی باشە کەی؟ سەعات دوانزە، یەک، یان دوو؟ هەڵدەستێ جل و بەرگێکی کۆن دەبینێتەوە، ئەو جل و بەرگەی کاتی خۆی جەولەی پێوە دابووە و، ئیستا وەک بیرەوەری و یادگارێک هەڵیگرتووە. بەم جل و بەرگەوە بوو کاتی خۆی خوتبە حیماسییەکانی چڕیبوو، گونداوگوند و شارە و شار. ئەسڵەن ئەم بەرگە بەخت دەهێنێ. لەبەر ئاوێنە تەواو قەدەکەدا سەیری سەرتاپای خۆی دەکا. بەرگەکە کەمێک تەنگە، بچوک بووەتەوە. نا، ئەم کشاوە و زل بووە، بە تایبەت دەوری کەممەری، بەڵام گرینگ نیە، جەستە هەر چۆنێک بێت جێی خۆی کردووەتەوە.

ئارام دەرگاکە دەکاتەوە و، دێتە حەوشە. ئاسمانی پڕ ئەستێرەی هاوین لەو دوورانەوە چاوشارکێ دەکا. ئەستێرەیەک رادەخوشێ و دەبێ بە گڕێکی کاتی و درێژ. چەندە

حەزی بەم دیمەنەیە، یان باشتر وایە بڵێین بووە. بیری هاوڕێیانی گیانبەختکردووی دەخاتەوە. گوڵە سوورەکانی نیشتمان. زۆر جار بە دەم دیتنی ئەم گڕە کاتییەوە، چۆکی داداوە و گریاوە. ئەمە، هەموو وڵات دەیزانێ. تەنانەت باشترین وێنەکێشی نیشتمان، وێنەیەکی لەم حاڵەتەی سەرۆک کێشاوەتەوە کە ئیستاکە لە زۆربەی ماڵەکاندا دەست دەکەوێ، حەتتا لە ناو کتێبە دەرسییەکانیشدا هەیە. چ بە رەنگاوڕەنگ و چ بە رەش و سپی. وینەکە ئەوەندە هەست بزوێنە کاتێک سەرۆک بۆ یەکەم جار بینی، دیسان چۆکی دادایەوە و گریایەوە. کاتێک هاوڕێیان ئەمەیان بۆ نیشتمان گێڕایەوە، هەموو گەل گریا، ئاسمان چەند رۆژ بوو بە هەور و باران و دونیای وەها خوساند، دارستان جوڵا. لە پلیکانەکانەوە داگەڕا. حەوشە گەورەکە لە قەراخەکاندا رەشتر بوو لە شەو. بە ناو حەوشەکەدا گوزەرا. لێرەوە ئاسمان فراوانتر دەینواند. دڵی کرایەوە. ترس و سترێسەکە رەوییەوە. هەستە هەمیشەییەکەی جارانی گەڕایەوە: هەستی 'خۆبەدەستدانەوە بە رووداوەکان'، 'خۆ فڕێدان بۆ ناو نادیارەکان' ئەگەرچی هەمیشە سەرکەوتن بە شوێنیدا دەهات! هەر ئەم هەستە بوو، لە پاڵ شتەکانی تر شۆڕشی سەرخست و نیشتمانی سەربەرز کرد. کە گەیشتە دەرگاکەی دەرەوە، هێشتا دەستی لە سەر دەسگیرەکەی بوو، شتێک وەک نێزەک لە ئاسمانەوە لە سەری چەقی و لە بنی پێیەوە هاتەدەرەوە و سەرۆکی بە زەوییەوە توند توند گرێدا. بەستییەوە. هاتەوە بیری ئێرە ئەوەندە لە شار و لە ناوەندەکەی دوورە کە بە بێ ئۆتۆمبیل مەحاڵە رۆیشتن و گەیشتن. ئۆتۆمبیل! ئاخر چۆن؟ دەروونی سارد سارد هەڵگەڕایەوە. ئاخ سۆزانییەکان!... سۆزانییەکانی نیشتمان!

لە کاتی گەڕانەوە بەرەو ژوورەکەی، بیری کردەوە گەر هەر دەستی پێیان راگەیشتبا، بێگومان لە گفتوگۆیەکی راستەوخۆ و راشکاوانەدا وەها گوێی لە دەردی

دڵی ئەوان دەگرت کە لە دووای هاتنەوەی، یەک جار بۆ هەمیشە هۆکارەکانی سۆزانیەتی لە نیشتمان بنەبڕ دەکرد. پارەیەکی وەهایشی دەدانێ کە نەک تەنیا جەستە، بەڵکو دەروونی خۆشیان بە تەواوی بۆ سەرۆک بکەنەوە. بەڵام حەیف نەگونجا! حەیف و مخابن خانووی سەرۆک لە شار و ناوەندەکەی دوور بوو، حەیف و مخابن سەرۆک نەیدەتوانی خۆی لە حیمایەکانی بدزێتەوە!

هەر بەو جلانەی ساڵانەوە چووەوەو لەسەر کورسییەکەی دانیشتەوە. ژوورەکە وەها تاریک ببوو کە روخساری وێنەی ژنەکەی شاردبووەوە. سەرۆک قەت لە ژیانیدا ئەوەندە هەستی بە نائومێدی نەکردبوو. دیوارەکان دەڵێی دڵیان دەگووشی، تاریکایی لە شمشێکی قورسی پان و بەرینی بە قەدەر نیشتمانی دەکرد کە هەتا دەهات لێی نزیک دەبووەوەو دەیویست بیپیشێنێ و بیکا بە لیتە. بە بزەیەکی تاڵەوە بیری ئەو رۆژانە کەوتەوە کە جاری وابوو لە تەنیایی خۆیدا و بە هۆی دووری لە ژنان، یاخود ئەزمونکردنی نزیکایەتییەکی تر، دەستپەڕی بە هاوڕێ مێینەکانەوە دەکرد. ئەو هاوڕێیانەی، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هەزار ئیما و ئیشارەیان دەدا و کەچی ئەم تەنیا لەبەر ئەوەی سەرۆک بوو خۆی لێ گێل دەکردن.

هەستایەوە و چووەوە بەر وێنەکان،... بەر وێنەی ژنەکەی. لەناو تاریکاییەکەدا گەنجیەتی و تەمەن دیار نەبوون، هەموویان ببوونە یەک. لە هەموو وێنەکاندا روخساری ژنەکەی لەبەر تیشکێکی نادیاردا شەوقی دەدایەوە. گەنج گەنج. وەک ئەو سەردەمانەی حەزی لێکردبوو و خەونی پێیەوە بینی بوو. سەری زیاتر بردە پێشەوە. وابوو! ژنەکەی زۆر ناحەز نەیدەنواند. بگرە زۆریش سەرنج راکێش بوو، بەتایبەت لەو وینەیەدا وا لەجیاتی دەم بە چاوەکانی پێدەکەنی. ئەو هەمیشە حەزی لەم جۆرە پێکەنینە بووە. پێی وایە هەر ئەمەیش بوو بە تووشییەوە کرد. 'گەنجیەتی و خوو و

خەدە سەیرو سەمەرکان، ئەو خووانەی بە بێ بیرلێکردنەوە دەتوانن یەک جار بۆ هەمیشە ڕێگای ژیانت دیاری بکەن.'

پشت لە وێنەکان دەکا و ڕووەوەو ژووری نووستنەکە هەنگاو هەڵدەگرێ. ساڵانی ساڵە لەو ژوورەدا دەخەوێ. وەک نیشتمان بست بە بستی دەناسێ، وەک شۆڕش هەناسە بە هەناسەی ئاشنایە. ژوورە ئاشنا هەمیشەییەکە. شوێنی گۆڕینەوەی سۆز، ئەگەرچی هەمیشە ئەوە نیە ئەو بەتەمای بووە. سەیری ژنەکەی دەکا. خەوێکی قووڵ لە گەڵ خۆی بردوویەتی. هەمیشە وابووە، خۆش خەو و جەستە تەسلیمی حەسانەوە، تەنانەت لە کاتە هەرە ناخۆشەکانی سەردەمی شۆرش و بەرنگاری و لاواندنەوەی نیشتمانیشدا، بەڵام ئەم ئەشقی خەوی ژنەکەی، هاوکات هەمیشە جۆرێک لە دڵنیایی بە سەرۆک بەخشییەوە. وەک بڵێی دونیا وەها دەڕوا کە دەبێ بڕوا. بیری دێتەوە حەزی بەم ئارامی و دڵنیاییەی ژنەکەیەتی. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوەکانی. لە دڵەوە سوپاسگوزاری هاوسەرەکەیەتی. بەس نیە هەمیشە لێرەیە و، لەبەردەستدایە! بەس نیە پێویست ناکا لە شەوێکی پڕ لە شەرمدا بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتێ، دیسان جل و بەرگی سەردەمی شۆڕش لەبەر بکاتەوە و ئەوسا کتوپڕ ببینێ کە نا ڕێگایەک بۆ خۆگەیاندن بە ناوەندی شار نیە.

سەرۆک هەوڵدەدا خۆشحاڵ بێ لەوەی کە سەرۆکە، ئەگەرچی جاری وایە حەزە ناحەزەکان رووی تێدەکەن و جۆرێک لە شەرم بەرامبەر بە خۆی تێدا دروست دەکەن.

پەتووەکە لادەدا و ئارام دەخزێتە ناو جێگاکەوە. ژنەکەی بێ ئەوەی چاو هەڵبێنێ، بێ ئەوەی لەخەو بەئاگا بێ دەزانێ دەبێ چ بکا، خۆی دەکێشێتەوە و مڵچە مڵچێک دەکا، یانی ها ئاگام لێتە، یانی ها دەزانم بەتەمای چیت.

سەرۆک هەوڵ دەدا ئەو شەوە بە خەیاڵی سۆزانییەکانەوە نیەتی خۆی بەجێ بێنێ، سۆزانییە باڵاکورتە گۆشتنەکان، چاوخومارەکان، ئەوانەی وا دەنگیان ئەوەندە نزمە دەڵێ هەناسە دەکێشن تا قسە کردن. وە چەندە خۆشە،... چەندە ه ه...!

**ماڵی پشتوێنی سەرۆک ئاوەدان!**

سەرۆک ساڵانی ساڵە گوێی لە تەقە نەبووە. ئەوەندە لە ژوورەکەی خۆی و لە شوێنی کارەکەی لە گەڵ هاوڕێیان و ئەم و ئەو کۆبووەتەوە، ئەوەندە تەنیا گوێی لە قسە و لە زۆربلێیی کەسانی دەورووبەر گرتووە، کە چیدی تاقەتی نەماوە. ئەو ئێستا لە ژێر سێبەری تاریکی درەختێک لە ئێوارەیەکی درەنگدا دانیشتووە و بیر لە ساڵانی زوو دەکاتەوە، ساڵانی تەقە،... تەقە زۆرەکان.

سەرۆک کە یادی ئەو ساڵانە دەکاتەوە، دڵی پڕ دەبێ، ئەوقێک گەرووی دەگرێ و جاری وایە بە دزییەوە دەکەوێتە گریان. کە دەگری، درەختەکە بە ئەسپایی لقەکانی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەستێرەکان بە نهێنی لە فرمێسکەکانی سەرۆکدا بدرەوشێنەوە. هەندێ جاریش سەرۆک رقی لە سەرکەوتنی شۆرش دەبێتەوە، چونکە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش هەستی کرد لەناکاو هەموو شتێک کۆتایی پێهات، زۆر خێرا، دونیا بوو بە قاقڕستان! ئیتر ژیان بە بارێکی تردا کەوت، بەو شێوەیە نەما کە هەبوو، بۆ هەمیشە ژیانی لێ ون بوو، بەتایبەت تەقەکان! تەقەکان، بۆ ناو ژووری زیندانەکان، یاخود بۆ کاتی راو، پاشەکشەیان کردبوو. سەرۆک لە ژێر سێبەرە تاریکەکەدا ئاخ هەڵدەکێشێ و، نەفرەت لە کات و لە زەمەن دەکا. راستە ئەو ساڵانە پڕی دڵەڕاوکێ و ترس و مردن بوون، بەڵام تام و چێژی تایبەتی خۆیان هەبوو. تام و چێژێک کە چیدی دووپات نابێتەوە. ئاخ بۆ دەنگی تەقە و بۆ... گەرمیی لوولەی

تفەنگ!... ئاخ خ خ خ! هەڵبەت هەندێ جار کاتێ لاپڕەسەنی ئەم باسەی هەروا لە گەڵ هاوڕێیان لە کۆتایی کۆبوونەوەکاندا کردووەتەوە، ئەوان زۆر لە گەڵ سەرۆک هاودەنگ نەبوون و، دەیانگوت "خۆشی ئەو سەردەمانە هی حاڵ و هەواکەی بووە، هی پێوەندی نێوانیان و دۆزەخی نێوان هومێد و ناهومێدی، یان رەنگە ئەوەیکە ئەو سەردەمانە گەنج بوون، یەکجار گەنج!"، بەڵام سەرۆک لە دەروونی خۆیدا گاڵتەی بەم قسانە دێت، ئاخر گەر تفەنگ و تەقە نەبا، چلۆن ئەو دۆخە دروست دەکرا؟ ها،... چۆن؟ ئەو باوەڕی وایە تفەنگ زیاترە لە تفەنگ، لە راستیدا تفەنگ شتێک لە گەڵ خۆی هەڵدەگرێ و دەیهێنێ، کە کەس نازانێ چییە، بەڵام هەیە و دەتوانێ دونیایەک مانا بە شتەکان بدا، دونیایەک خاترە و ئەو فەزا تایبەتییەی دەڵێی دونیایەکن لە ناو دونیایەکی تردا... ئاە تفەنگە نازدارەکان!

وەک بڵێی لەناکاو بە ئاکام و بڕیارێک گەیشتبێ، رەپ هەڵدەستێتە سەرپێ، دەستەکانی لە سەر کەلەکەی دادەنێ، گەردن دەکێشێ و لە ئاسمان دەڕوانێ (پشتوێنەکەی لە شوێنی دەستەکانی کۆدەبێتەوە و مچۆڵە دەبێ). ئەمە عادەتی کۆنینەی سەرۆکە،... عادەتێک کە لە کاتی بیرکردنەوەی زۆر و گەیشتن بە بڕیارێکی گرینگ لێی روودەدات. هاوڕێیان بە گاڵتەوە دەیانگوت "ماڵی ئەو پشتێنە ئاوەدان کە نیشتمانێکی رزگار کردا!"

لەو رۆژەوە ئیتر کۆڵان و گەڕەک و نیشتمان گۆڕا. چونکە خەڵک تاونەتاو، لێرە و لەوێ، بە شەو و رۆژ، نیوەشەو و سپێدە و... گوێیان لەو تەقە فیشەکانە دەبوو کە دونیایان دەلەراندەوە. سەرەتا لایان پرسیار بوو، بەڵام پاش ئەوەی هاوڕێیان لە رێگای رادیو و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و کۆبوونەوەکانەوە ئاگادارییان کردنەوە، ئیتر

دامرکان. زانیان مرۆڤە مەزنەکەیە. بە یەکتریان دەگوت "سەرۆکە، خۆتان مەشەمزێنن، وەڕەزە و، حەزی لە تەقەیە!"

ڕاستییەکەی ئەوە بوو، هەنووکە سەرۆک چوار دەمانچەی دەبەست، بە کلاشینکۆفێکیش بە شانییەوە، کە وەک جلی سەر تەناف لەبەر بایەکی نادیاردا، دەشەکایەوە. جگە لەمانە بەو هاوڕێیانەیەوە کە بە چەک و تەقەمەنیی زیادییەوە هەردەم بە شوێنییەوە بوون، بۆ ئەوەی سەرۆک کەم نەهێنێ و نەکا کتوپڕ دیسان وەڕەزی رووی تێبکاتەوە و نیشتمان بێچارە بێت. ئیتر جاروبارە، هەرکات دڵی دەیخواست رادەوەستا و تەقەی دەکرد (ئەم دڵخواستنەیش زۆربەی کاتەکانی دەگرتەوە)، جاری وابوو لە ئاسمان، جاری وابوو لە درەخت و باڵندەکان و، جاری وایش بوو لە کێوەکان سیرەی دەگرت و بەر فیشەکی دەدان. فیشەکەکان گیڤەیان دەکرد و ئاسمانیان دەدڕی، دەنگیان، دڵی دەلەراندەوە و خێرایی گەڕانی خوێنی لەجەستەکاندا زیادتر دەکرد. سەرۆک کە ساڵانی ساڵ بوو پێنەکەنیبوو، بەرەبەرە بزە بۆ لێوەکانی گەڕایەوە. چیدی ئیتر لە ژێر درەختەکەی ئێوارانداا دانەدەنیشت تا ئەستێرەکان لە فرمێسکەکانیدا شۆق بدەنەوە.

بەڵام گرفت ئەوە بوو کە هێمنایەتی و خۆشگوزەرانی لە نیشتمان تۆرا و بار و بنەی پێچایەوە. هاوڕێیان کە سەرەتا تەقەکانی سەرۆکیان وەک شتێکی کاتی و ئاسایی لێکدەدایەوە، بەرەبەرە دڵەڕاوکێ و ترس رووی تێکردن. هەڵبەت نەک لەبەر خەڵکی، بەڵکو پێش هەموو شتێ لەبەر خۆیان و بنەماڵەکانیان. نیوەشەو نەبوو لە ناو جێگادا رانەچڵەکێن و سۆزگۆڕینەوەیان لە گەڵ هاوسەرەکانیان لێ تێک نەچێ، یاخود منداڵەکانیان دەست نەکەن بە گریان و، بە هەڵەداوان خۆ نەکەن بە ژووری خەوەکانیاندا. هەروەها لەهەموو شوێنێک باس هەر باسی سەرۆک بوو. خەڵکی

کۆدەبوونەوە و قسەیان لەسەر دەکرد، ئەمە هەم باش بوو و هەم نا، ئاخر شت کە لە سنووری خۆی لایدا، مەترسیدارە! بەناچار رۆژێک بە دوور لە چاوی سەرۆک کۆبوونەوە بۆ ئەوەی تاوتوێی وەزعەکە بکەن و، رێگا چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

هاورێیەک کە هێشتا زریکەی ژنەکەی لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە، گوتی نیوەشەوێک دەچم لەبەر پەنجەرەی ژووری خەوەکەیدا منیش تەقە دەکەم، بۆ ئەوەی تێبگا! هاورێیەکی تر باسی لە سەفەر کرد، ئەوەیکە سەرۆک لە دووای سالانی سال مانەوە لە نیشتمان و خزمەت کردن بە شۆرش، دەبێ چەند حەفتەیەک کورسییەکەی جێ بێلێ و بچێ بۆ کەنار دەریا، بۆ قەراخ ئاوە شینە بێ سنوورەکان. هاورێی سێهەم باسی لە حۆرییەک کرد لە دۆلێکی دوور کە هەموو دەردێکی چار دەکرد، بەلام بەو مەرجەی پێش ئەوەی کەسەکە بچێتە لای، دەبێ لەبیری بچێتەوە خاوەنی چ پلە و پایەیەکە.

بەلام ئەمە حیکایەتی مشکەکان بوو کە هەر کام پلانێکیان بۆ لەناوبردنی پشیلەکە پێشنیار دەکرد، بە بێ ئەوەی کەسیان جورئەتی جێ بەجێ کردنی هەبێ. سەرئەنجام، هاورێ توورەکان پاش کەمێک لێرامان لە یەکتری، بریاریان دا هەتا سەرۆک بۆخۆی ماندوو دەبێ و واز لەتەقەکردن دێنێ، دۆخەکە تەحەمول بکەن و، چاوەروان بمێننەوە.

بەلام مەگەر سەرۆک ماندوو دەبوو؟ بگرە رۆژبەرۆژ زیاتر و زیاتر تەقەی دەکرد. وەهای لێهات، خەلکی ولاتانی دراوسێ لە سنوورەکان کۆدەبوونەوە و بە سەرسورمانەوە گوێیان لەو تەقانە دەگرت وا لە ولاتی دراوسێیانەوە دەهاتە گوێ. وەهای لێهات کە سەرۆکەکانی تر ئەمەیان بە نیازخراپی سەرۆک لێکدایەوە و سوپایان لە سەر سنوورەکان کۆکردەوە و ئامادەباشیان هەتا زەمانێکی نادیار

راگەیاند. سەرۆک کە مێشێکیشی میوان نەبوو، ئەمجارە لە جیاتی چوار دەمانچە و کلاشینکۆفێک، چوار یوزی و رەشاشێکی دەبەست، لە گەڵ ئەو هاوڕێیانەی وا بە شوێنیەوە بوون و هەر کامەیان ئار بی جی یەکیشیان پێ بوو! ئار بی جی یەکانی سەرۆک بەڕاستی نیشتمانی دەهەژاند!

دیسان هاوڕێیان لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە، دووبارە بۆ تاوتوێ کردنەوەی دۆخەکە، ئەمجارەیان لە ترسی هێرشی دراوسێکان و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی نەخوازراو لە ناوچەکەدا. یەکیان گوتی زۆر ئاسانە، دەچین راپۆرتێک پێشکەش بە سەرۆک دەکەین، سەبارەت بە دراوسێکانمان و دڵەڕاوکێ و ئەگەری هێرشیان. هاوڕێیەکی تر وەڵامی دایەوە پێت وایە تا ئێستا ئێمە راپۆرتمان پێ نەداوە؟... حەح! لە راپۆرت کەممان نەهێناوە، بەڵام مەگەر دەیانخوێنێتەوە؟ تازە رەنگە بیانخوێنێتەوە، بەڵام مەگەر لێیان حاڵی دەبێ و تێیان دەگا؟ هاوڕێکان زیاتریان بیرکردەوە. سەرئەنجام یەکیان گوتی چار نیە دەبێ دۆخی سەردەمی شۆڕشی دیسان بۆ زیندوو بکەینەوە، رێک وەک جاران! هەموو بە سەرسوڕمانەوە لێیان روانی. چۆن؟ چۆن شتی وا دەکرێ؟ زۆر سادە، دەبێ وەک جاران لە سەر سنوور مەقەڕێکی بۆ بکەینەوە، لەگەڵ دەیان چەکدار، دووربینێکیشی دەدەینێ. ئەوسا ئەو تیمانەی جارناجار دەبێ ئاودیوی سنوور بن. هاوڕێیان لە یەکتریان روانی. بەڵام کامە سنوور؟ هەر ئەو هاوڕێیە وەڵامی دایەوە لە دونیادا هەر سنوور زۆرن، یەک ناکەوێ.

لەو رۆژەوە سەرۆک لە سنوورێك بە دووربینێکەوە وەک جاران جێگیربووەتەوە و، بای ئێوارانی کەژەکان لە روخساری دەداتەوەو، خۆشی و چێژی ژیانی دیسان بۆ گەڕاوەتەوە. ئەگەرچی دەستە چەکدارییەکانی سەرۆک لە دۆڵێک ئەولاتر لە جیاتی

ئەوەی ئاودیوی سنوور بن، دەگەڕێنەوە و ڕێک لە پشت مەقەڕە سنوورییەکەی سەرۆک، لە دۆڵێکدا بە چەند هەفتە لێی دەکەون و دەخۆن و دەیگوزەرێنن و، ناوەناوەیش بە بێ تەل ڕاپۆرت لە سەر ناوچە پێشکەش بە سەرۆک دەکەن!

هاوڕێیان کە زۆر لە پلانەکەیان ڕازین و هێمنی و ئاسایشیان بۆ نیشتمان گێڕاوەتەوە، تەنیا یەک خەمیان هەیە، ئەویش ئەوەیکە سەرۆک ئاگای لە نیشتمان نەماوە و نازانێ چی دەگوزەرێ. بەڵام ئەمەیش زۆر کێشە نیە. هەر ئەو دەستە چەکدارییانە لە ڕاپۆرتەکانیاندا باسی ئەوە بۆ سەرۆکیش دەکەن کە ئیستاکە ئەوانن بە دەسەڵات گەیشتوون و سەرۆک دەبێ وەک هەمیشە ڕێنوێنیان بداتێ لە سەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات و شۆڕش. سەرۆکیش چەند بە حەزەوە و چەند حەکیمانە ئەم کارە دەکات. ئەگەرچی پێی سەیرە کە چلۆن دەکرێ لە دووای سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ و، بە دەسەڵات گەیشتنی هاوڕێیان، ئەو هەر دەبێ لە سەر سنوور دابنیشێ و، لەوێوە بە دووربین سەیری نیشتمانێک بکا هاوڕێیان لەمێژە بەڕێوەی دەبەن!

**عادەتە نوێیەکەی سەرۆک**

سەرۆک ماوەیەکە عادەتێکی سەیری پەیدا کردووە. هەر کە باسی نیشتمانی بۆ دەکەن، یاخود هەر کاتێک بیر و داڵغەی نیشتمان لێی دەدا، دەسبەجێ دەست دەبا بۆ گونی!

هەڵبەتە سەرۆک بە درێژایی تەمەنی، عادەتی جۆربەجۆری هەبووە، ئەو عادەتانەی هاتوون و رۆیشتوون، ئەوانەی وا ئەوەندەیان نەخایاندووە. بۆ وێنە ئەو کاتانەی تازە شۆڕشیان دەست پێکردبوو، قامکە گەورەی زۆر دەمژی، کە شۆڕش سەرکەوت بە حەق و بە ناحەق هەر لەخۆوە پێدەکەنی. هاورێیان سەرەتا ویستیان ئاگاداری بکەنەوە کە واز لەو عادەتانەی بێنێ، بەڵام دوواتر زۆر زوو پەشیمان بوونەوە. لەبەر ئەوەی نەکا تەرکی مژینی قامک، کاریگەریی خراپ لە سەر سەرۆک جێ بێڵێ و بۆ هەمیشە نیشتمان و شۆڕش لە بیر و لە پلانە گەورە و دەگمەنەکانی بێ بەری بکەن. پێکەنینەکەشیان زۆر بەلاوە عەجایب نەبوو. بە پێچەوانەوە، وێنەی جۆربەجۆریان لە خەندەکانی سەرۆک گرتەوە و، بە تەواوی نیشتماندا بڵاویان کردەوە. خەندەکانی سەرۆک نیشانەی دووارۆژێکی گەش و پرشنگدار بوون بۆ گەل و بۆ وڵات.

بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو. نەیاندەزانی چۆنی لێک بدەنەوە. جگە لەوە، ئەم عادەتە نوێیە خایاندبووی. بگرە نەک تەنیا نیشانەیەک لە کەمکردنەوە و ونبوونی نەدەبینرا، بەڵکو رۆژ بە رۆژیش خراپتر دەبوو. ئەوەندەی هەڵدەکڕاند کە خوێنی لێ دەتکا و دەبا بیگەیەننە لای دکتۆر و دەوا و دەرمانی تایبەتی بۆ دابین بکەن (سەرۆک هەمیشە بۆنی کرێمێکی تایبەتی لێدەهات. کرێمێکی تیژ کە نەیدەهێشت مێش و میشولە لە برینەکەی نزیک بکەونەوە). خراپترین کاتیش ئەو کاتانە بوون سەرۆک لە باڵکۆنێکی بەرزەوە قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، یان لە گەڵ سەرۆکی وڵاتانی تر چاوپێکەوتنی هەبوو. بۆ ئەوەی ئەم عادەتە نەشیاوەی سەرۆک لە چاو خەڵکی و کامێراکان بشارنەوە، بەناچار نیوەدیوارێکیان لە بەر دەمیدا لە کاتی قسەکانیدا سازکردبوو (لە سەر دیوارەکە هەر جارە دروشمێکی بە بریق و باقیان دەنووسی)،

یان بە رۆژنامەنووس و هەواڵنێرەکانیان راگەیاندبوو کە تەنیا لە پشتێن بەرەوسەر وێنە و فیلمی لێ هەڵبگرن. هەر بۆیە ساڵانی ساڵ بوو سەرۆک تەنیا لەناو قەدەوە دەبینرا و، بەس!

هەڵبەت لە تەواوی نیشتمان، خەڵکی جۆک و قسەی خۆشیان سەبارەت بەم عادەتەی سازکردبوو و، شێتانە بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە. بگرە لەو کاتەوەی موبایل و شتی لەم بابەتە هاتبوون، جۆکەکانیان بە مەسەج بۆ یەکتری دەنارد و قاقا پێیان پێدەکەنین. راستییەکەی ئەوە بوو فەوزا و جەوێکی ناخۆش و ناهەموار هەموو وڵاتی گرتبووەوە. سەرۆک هەیبەتی جارانی لەدەست دابوو و ببووە قەشمەجاڕ. مەترسییەکی گەورە کە هاوڕێیان دەبا هەرچی زووتر چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

ماوەیەک هاوڕێیان لە وڵاتی چینەوە کەرەسەیەکیان داواکردبوو کە لە ژێر جل و بەرگی سەرۆک شاردبوویانەوە و کاری دەستی سەرۆکی دەکرد، بەڵام سوودێکی وەهای نەبوو، چونکە سەرۆک جاروبار بە بێ ئیختیار و ویست دەستی بۆ شوێنەکە هەر دەڕۆیشت. هاوڕێیان لێکیان دایەوە کەواتە کیشەکە گونی سەرۆک نەبوو، بەڵکوو دەستی بوو. هەربۆیە ماوەیەک لاستیکێکی نەرمیان بۆ کڕی بۆ ئەوەی سەرۆک هەمیشە لە مشتیا بێ و کایەی پێ بکا و، بیگووشێ. سەرەتا باش بوو، بەڵام سەرۆک بە لاستیکەکەیشەوە هەر دەستی بۆ گونی دەبردەوە (لەم کاتانەدا لاستیکە خڕەکە بەردەبووەوە و هاوڕێیان دەبا بە راکەڕاکە بیگرننەوە). هاوڕێیان سەرئەنجام تێگەیشتن کە هۆکاری کێشەکە تەنیا و تەنیا لە مێشک و بیرکردنەوەکانی سەرۆکەوەیە. ئەمە ئیتر بەڕاستی کیشە بوو. نەیاندەزانی چی لەگەڵا بکەن. کردنەوەی باسێک لە گەڵی سەبارەت بە پێوەندیی نێوان گون و نیشتمان لایان باش نەدەهاتە بەرچاو، بگرە زۆر مەترسیداریش بوو.

رۆژێکیان کە هەموویان دەستەوەستان دانیشتبوون و مات و بێدەنگ لە بەردەمی خۆیانیان دەڕوانی، یەکیان گوتی:

ـ "قسەی قۆڕە دەڵێن دەسەڵات بە خەڵک و بە خۆپیشاندان و شتی لەم بابەتە دەڕوخێ، حکومەت تەنیا ئەو کات دەکەوێتە مەترسییەوە سەرۆکەکەی فێری عادەتی نەشیاو بێت."

بێدەنگی دایگرتنەوە.

پاش ماوەیەک لەناکاو یەکیان هاوارێکی لێ بەرز بووەوە:

ـ "دۆزیمەوە،... ئا دۆزیمەوە!"

ئەوسا بە روخسارێکی پڕ لە خەندەوە لە هاوڕێکانی ڕووانی.

ـ "چیت دۆزیوەتەوە،... ها،... چی؟"

ـ "ئێوە هەمووتان دەزانن سەرۆک باوەڕێکی سەیری بە مێژوو هەیە، بۆیە دەبێ هۆکارەکە لە مێژوودا بێ،... ئا، مێژوو! لە بیرتان دێ سەرۆک تەنانەت پێویستیی سەرهەڵدانی شۆڕشیشی هەر لە مێژووەوە دەرهێنا و بە نیشتمانی گوت و، ئیتر هەموو کەس شوێنی کەوت؟... بۆیە ئێمە دەبێ مێژوو بەرنەدەین!"

هەر هەموویان بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان کرد:

ـ "ئاخر خۆ مێژوو کەس یان شتێک نیە ببیینین و بتوانین بچینە لای و را و مشووری پێ بکەین،... مێژوو تەنیا ناوێکە، رابردووە،... رابردوویش کە رۆیشت ئیتر خۆ قەت ناگەڕێتەوە، مێژوو وەهمە!"

ـ "پێویست ناکا مێژوو، کەس یاخود شتێک بێت. مێژوو هەتا سەرۆک هەبێ، هەیە. بۆیە ئێمە تەنیا دەبێ سەرۆک خۆی بدوێنینەوە، بەڵام نەک وەک سەرۆک بەڵکو وەک مێژوو! بێگومان سەرۆکیش ئەمەی پێ خۆش دەبێ،... هەر زۆر زۆریش!"

سەیری یەکتریان کرد "سەرۆک وەک مێژوو و، نەک وەک خۆی!" پێشنیارەکەیان قبوڵکرد. ئەوسا پلانێکیان دارِشت. پلانەکەیش ئەوە بوو هەر کاتێک دەیگەیشتنێ، لە جیاتی ناوی سەرۆک، بە مێژوو بانگیان لێدەکرد. سەیر ئەوە بوو جگە لە یەکەمین جار کە سەرۆک بە سەرسورِمانەوە سەیری کردن، جارەکانی تر زۆر بە حەزیشەوە وەڵامی دانەوە و گوێی لێگرتن و، لە گەڵیان دوا. لە دووای مانگێک کە ئیتر 'مێژوو' بە تەواوی جێی گرت، ئەوسا سەری قسەیان لە گەڵ کردەوە. لە رۆژێکی سەختی زستانەدا لە کاتێکدا ئاگرێکی خۆشی بڵێسە سوور ژووره گەورەکەی مێژووی گەرم کردبووەوە، یەکێک لە هاورِێیان هات گۆ:

ـ "بەرِێز مێژوو! راستی رات سەبارەت بە سەرۆک یاخود سەرۆکەکان چییە؟ بۆ پێت وایە هەندێ سەرۆک کتوپرِ عادەتی نەشیاو دەگرن؟"

مێژوو کەمێک راما. لە کاتێکدا دەستی دیسان بۆ گونی بردەوە، گوتی:

ـ "وەڵڵا پرسیارێکی بەجێیە. دەزانی لە هەموو ئەم ساڵانەدا باسی ئەو هەموو شتانەمان پێکەوە کردووە، ئەمە نەبێ! هەی ئافەرین! دەزانن من لە بیرەوەریی مێژووییانەی خۆمدا زۆر سەرۆکم بینیوە. هی وا هەیە کە قسە دەکا تەنیا سەیری بەردەمی خۆی دەکا، بێ ئەوەی سەرهەڵبێنێ، جا خوای دەکرد قسەی بۆ دەیان هەزار کەس دەکرد. ئەمانە لەو جۆرە رێبەرانەن کە خەڵک زۆر بە کەم دەگرن، رێک وەک جادە و رێگا سەیریان دەکەن، دەبێ بە سەریا برِۆن بۆ ئەوەی بە مەبەستەکەی خۆیان بگەن. سەرۆکی تر هەن رێک سەیری خەڵکەکە دەکەن، چاو هەڵناگرن. چاو لە چاو، باشتر بڵێم چاو لە چاوەکان. ئەمانەیش وەک دەستەی یەکەمن، هەر ئەو مەبەستەیان هەیە، بەڵام بە شێوازی تر. ئەمانە چاوەکان دەکەن بە رێگا و پێیاندا تێدەپەرِن."

- "بە راستی جوانت فەرمووا بەڵام با کەمێک وردتر بچمە سەر پرسیارەکەم. مەبەستم لە عادەتی نەشیاو، جوڵەی نائاسایی هەندێ لە شوێنەکانی لەشە، بۆ وێنە سەرۆکێک زۆر پێدەکەنێ، بە جێ و نابەجێ، یاخود یەکی تریان قامکی خۆی دەمژێ،... شتی لەم بابەتە قوربان!"

مێژوو، کەمێک بیری کردەوە و ئەوسا گوتی:

- "من سەرۆکی لەو جۆرەم نایەتەوە بیر. بڕوایش ناکەم سەرۆکی وا قەت دەست بکەوێ!... ها ها ها، جا شتی وا چۆن دەبێ! بەڵام سەرۆک هەیە کە توڕە دەبێ موشەک بە ئاسماندا دەکا، یەعنی هۆکاری موشەک بە ئاسماندا کردنەکەی توڕەییە. یاخود سەرۆک هەیە کاتێک باوەڕی بە خەڵک نامێنێ بە شوێن چاڵە نەوتدا دەگەڕێ، ئیدی تێریش نابێ لە خواردنەوەی نەوت. جۆرێکی تریشیان هەیە نیشتمان وەک ژنی خۆی سەیر دەکا بۆیە حەرەمسەرا دادەنێ، داوا دەکا لە هەموو شوێنێکەوە ژنی بۆ بەرێ بکەن، لە هەر تیرە و تایفە و رەنگ و جۆرێک."

- "بەڵام قوربان سەرۆک هەیە زۆر دەخوا، گوێیش ناداتێ لە کوێیە، میوانی هەیە یان نیەتی، وڵات برسییە یان نا، ئەو هەر دەخوا و دەخوا. یان سەرۆک هەیە کە بۆ وێنە،... کە بۆ وێنە،... جوێن دەدا، یان دەستی،... دەستی بۆ شوێنێک مەسەلەن دەبا. جەنابت پێت وایە هۆکاری ئەمانە چین؟"

- "دەستی بۆ شوێنێک دەبا؟ من لەمە تێنەگەیشتم. بەڵام ئەو سەرۆکەی زۆر دەخوا، مانای ئەوەیە قوونەبانی کاسبی کردنی نەبووە و بۆیە بووەتە سەرۆک! ها ها ها...! بەڵام ئەو دەستەی تۆ باسی دەکەی من بیری شتێ دەخاتەوە کە نازانم چییە (مێژوو دەستی بۆ گونی بردەوە)، سەیرە نازانم بۆ نایەتەوە زەینم! هەڵبەت بۆ ئەوەی بزانین

سەرۆک بۆ وا دەکا دەبێ بزانین کە دەست بۆ کوێ دەبا. دەتوانی پێم بڵێی مەسەلەن بۆ کوێی؟"

هاوڕێیان سەیری یەکتریان کرد. سەرئەنجام یەکیان گوتی:

- "بۆ وێنە دەست بۆ سکی دەبا."

- "ماڵتان ئاوا دەی خۆ ئەوە شتێکی سەیر نیە، بڕوا ناکەم زۆریش لە زەوق بدا..."

- "مەسەلەن دەست بۆ زیبی شەڵوارەکەی ببا."

مێژوو، بێدەنگ بوو.

- "نا، شتی وام نایەتەوە بیر. نا،..."

یەکێک لە هاوڕێیان خۆی دا بە ئاوەکەدا و بێ باکانە گوتی:

- "قوربان با قسەی خۆشیش ون نەبێ،... مەسەلەن،... مەسەلەن دەست بۆ گونی ببا،... ئەویش بە تایبەت کاتێک گوێی لە وشەی نیشتمان بێت! ها ها ها!"

مێژوو کە دەستی بە گونییەوە بوو، پاش کەمێک تێڕامان لە کەسەکە گوتی:

- "دیسان لە بیرەوەریمدا نیە. بەڵام دەکرێ یەک پرسیار بکرێ، ئەویش ئەوەی کە کامە نیشتمان! ئا،... کامە نیشتمان! جاری وایە نیشتمانی وا دەست دەکەوێ کە حەز دەکا ببێ بە گونی سەرۆکەکەی. هەرچەند من بەڕاستی شتی لەم شێوەم لەبیر نیە،... قەت! بەڵام دەکرێ رووبدات،... ئا، دەکرێ!"

هاوڕێیان بە واق وڕماوی سەیری یەکتریان کرد. کێشەکە گەورەتر ببووەوە، یەکجار گەورەتر. گەر دەکرا لە گەڵ سەرۆک یاخود مێژوو لە ژوورێک دابنیشی و باسی لە گەڵدا بکەی، بەڵام نیشتمان کەسێک نەبوو لە گەڵی لە ژوورێک دابنیشی و ئەم پرسیارەی لێ بکەی. پرسیاری ئەوەی داخۆ بۆ حەزی دەکرد ببێ بە گونی

سەرۆک! بۆیە هاوڕێیان وازیان لێ هێنا و وەک هەمیشە چاوەڕوان مانەوە عادەتە نوێیەکەی سەرۆک، وەک هەموو عادەتەکانی تری، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو وەهمی مێژوودا خۆبەخۆ لە چاو ون بێ!

**سەرۆک دەبێ بە پەنابەر**

تاقە خەمی سەرۆک ئەوە بوو چۆن لە دەریا ترسناکەکە بپێڕێتەوە، ئەگینا هەموو شتێکی تر لە جێی خۆی بوو: پارە، غیرەت، وەڕەزی لە نیشتمان و لە شۆڕش، حەزی گەمەیەکی ترسناکی تر، قاچاخچی و سەرئەنجام خەیاڵ. بەڵام پەڕینەوەکە

دژوار بوو. ئاگای لێ بوو کە بەردەوام، خەڵکی، پاپۆڕەکانیان وەردەگەڕان و لە دەریای توڕە و سامناک دەکەوتن و گیانیان لەدەست دەدا. چەندە خەمگینانەیش گیانیان لەدەست دەدا، رێک لەسەر سەفەر بەرەو سەرزەمینی خۆشبەختی، سەرزەمینێک کە تەنیا یەک دوو رۆژ لێیان دوور بوو. سەرۆک بیستبووی کە خەڵکی وڵاتانی دەورووبەری ئاوەکە وتبوویان قەت لە ژیانیاندا، بە درێژایی سەدان و هەزاران ساڵ، زریکەی لەم چەشنەیان نەبیستبوو. زریکەکان نەک ماسی، بگرە زراوی کۆسە و ماسییە هەرەگەورەکانی تریشی دەتوقاند. کە ئەوان دەخنکان، لە پاشیان لە گەڵ مەیتەکانیان، تەرمی ماسییەکانیش سەر ئاو دەکەوتن. "دەبێ چ دیمەنێکی ترسناک بێ!" سەرۆک بۆخۆیشی نازانێ بۆ کتوپڕ ئەوەندە گیانی خۆی لا شیرین ببوو. ئەوێک کە تەواوی تەمەنی بە گیانی کایەی کردبوو، بە ئاو و ئاوردا تێپەڕیبوو، ئیستا دەیویست گیانی، وەک شووشەیەکی ناسک لە دەستەکانیا لە هەر چەشنە هەڵکەوتێکی کتوپڕی کەوتنەخوارەوە، یاخود شت وەبەرکەوتن، بپارێزێ. ئیستا دەزانێ کە 'هیوا' چەندە مرۆڤ لە ئاست گیانی خۆی بێخەم دەکا و، بێ هیوایی، پڕخەم.

ئاهێکی سۆزاوی هەڵدەکێشێ و سەیری ئاسمان دەکا. دەزانێ رەنگی دەریا لە رەنگی ئاسمانە. بەڵام ئاسمان بێ شەپۆل و تۆفانە و کەچی دەریا تا بڵێی لەم دووانەی هەیە. پێی سەیرە یک رەنگ، خاوەنی وەها دوو کەسایەتیی تەواو جیاواز بێت. ئەو کە تەواوی تەمەنی رقی لە دوو رەنگەکان بووە، ئیستا دەبا خۆی بسپێرێتە دەستیان. شەوێک کاتێک هەمووان خەوتبوون، لە خەڵوەتی خۆیدا لە ناو تاریکیی موتڵەقی بێدەنگیدا لە خوا پاڕایەوە کە تەنیا ئەم جارە و لە راستیدا بۆ دوواجار، خەونەکەی بەدی بێنێ. راستییەکەی ئەوە بوو کە سەرۆک نەیدەویست بە کاتی پیری لە

نیشتمانێکدا بمرێ، خەونەکانی بە زڕی تێیدا بە ئاوات گەیشتبوون. ئەو دەیویست نەمر بمێنێتەوە، نەمر لە وڵاتی غەریبیی و لە کاتێکدا خەڵکی تەنیا تاسە و یادیان دەکرد، بە بێ هیچ بیرەوەرییەک لە رابردووی.

لە گەڵ قاچاخچییەکان لە لاکۆڵانەکاندا قسەی کردبوو. ماشینە ئاخرین مۆدێلەکەی لە کۆڵانێکی تەنگ و تاریکدا راگرتبوو، کڵاوەکەی تا گوێچکەکانی دادابووەوە و دوو کۆڵان ئەولاتر لە سێبەری دارچرابەرقێکی کزدا لە گەڵیان دووابوو. سەرۆک کە یەکەم جار بوو لە گەڵ قاچاخچی دەدووا، باوەڕی نەدەکرد ئەوانیش ئەوەندە مرۆڤی ئاسایی بن. هەمیشە کاتێک راپۆرتەکانی لەسەر خوێندبوونەوە، وەک بوونەوەری سەیر و سەمەر هاتبوونە بەرچاوی. هەڵبەت گەر لێی بپرسن چۆن، بۆخۆیشی نازانێ چۆن! هەر ئەوەندە دەزانێ کە قاچاخچییەکان، ئەو بوونەوەرانەی وا دەتوانن هەموو سنوورەکان بە نایاسایی و شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ببەزێنن، دەبێ جیاواز بن، رێک وەک شۆڕشگێڕان! ئا، سەرۆک زۆر شتی هاوبەشی لە نێوان ئەوان و شۆڕشگێڕەکاندا دەبینی. شۆڕشگێڕەکانیش بە شێوەی نایاسایی بەدەسەڵات دەگەیشتن. هەر بۆیە پاش کەمێک، هەستی کرد لەگەڵ قاچاخچییەکان یەکجار راحەتە! ئەوەندە راحەت کە دەیتوانی دەست بکا بە گاڵتە کردن لە گەڵیاندا و تەنانەت بۆ خواردنەوەیەکیش دەعوەتیان بکا. بەڵام ئەم کارەی نەکرد. دەبا هەموو کارەکان بە نهێنی بکرانایە. بیری کردەوە گەر گەیشتە شوێنی مەبەست، بێگومان دوو پیاڵەیان لەگەڵ هەڵدەدا. ئەویش لە ئارەقی سەگی (ئاخر ئەم ئارەقەیش قاچاخ بوو).

قاچاخچییەکە دەستبەجێ سەرۆکی ناسیبووەوە، بەڵام رێک وەک خەڵکی ئاسایی هەڵس و کەوتی لەگەڵ کردبوو، هەر ئەوەندە نەبێ داوای پارەیەکی یەکجار زۆری لێکردبوو. رەنگە بە چەندین قات زیاتر لە خەڵکی تر. کاتێک سەرۆک دەڵێ کە

بۆچی و چونکە منیش قەرارە بە هەمان بەلەم بپەڕێمەوە، قاچاخچییەکە گوتبووی لەبەر ئەوەی ئێستا وەک جاران لە بەلەمەکاندا جێ دەست ناکەوێ! ئەویش زۆر خێرا قبوڵی کردبوو. پوڵ بۆ ئەو هیچ نەبوو. هەر ئێستاکەیش دوو دەفتەر دۆلاری لە گیرفاندا بوو. لە کاتێکدا دەستی راداشتبوو و دەفتەرێکی وەک پێشەکی رادەست کردبوو، دووپاتی کردبووەوە کە "چوار رۆژی تر رێک دوو کۆڵان ئەولاتر لە ژێر ئەو درەختە سیسەی وا ژنێکیان بە تاوانی دەست تێکەڵکردن لە گەڵ پیاوێک بە چەقۆ سەربڕیبوو."

سەرۆک خەنی بوو. ئارەقی خۆشی، سەرتاپای جەستەی گرتبووە خۆ. ئیتر هەموو شتێ کۆتایی دەهات و ئەویش دەیتوانی وەک هەموو ئەوانی تر بگاتە وڵاتی خۆشبەختی. لەبەر خۆیەوە بزەی دەهاتێ و، دەیگوت "گرینگ ئەوەیە خۆشبەختی لەم دونیایەدا سەرئەنجام لە شوێنێک دەست دەکەوێ!"

کاتێک لە سنوور لە شاخە سەرکێشەکان پەڕینەوە، کتوپڕ بیرێکی نەساز رووی تێکرد "چۆن من لەگەڵ ئەو خەڵکەدا کە بەرەو شۆڕش هانم دەدان، لەهەمان بەلەمدا دابنیشم؟"هەنگاوەکانی سست بوونەوە. سەیری دەورووبەری خۆی کرد، سەیری قاچاخچییەکەی بەردەمی کرد کەجارەوبارە بزەیەکی ناخۆش کە وەک چەقۆ دەرروونی سەرۆکی دەبڕی، دەنیشتە سەر لێوەکانی. ئەوسا نیگای چەقییە سەر بەردەمی خۆی و هەنگاوەکانی. رێگا چەند ئارام دەکشا و دەبوو بە رابردوو. پاشان قاچەکانی خۆی بینی،... نیگای بە کاوەخۆ خشایە سەر پێڵاوەکانی، پێڵاوە یەکجار گەورەکانی. بزەیەک نیشتە سەر لێوی. ئەو دەیتوانی سواری پێڵاوی خۆی بێت و لە دەریا بپەڕێتەوە! ئەم بیرە شاگەشکەی کرد. سەرئەنجام رێگایەکی بینیبووەوە. "لە خۆوە نەیانگوتووە گرینگ وەڕێ کەوتنە، ئیتر شتەکان خۆیان دێن!" قەدیمی دێتەوە

بەرچاو. کاتی شۆڕش، بە سەرکردە قاچ زلەکە ناوبانگی دەرکردبوو، هەرچەند دوواتر پێ بە پێی چوونە سەرەوەی دەسەڵات و نفوزی، ئیتر هاوڕێیان نەیاندەوێرا ئەم دەستەواژەیە دووپات بکەنەوە، بەڵام قاچە زلەکانی هەمیشە لەوێ بوون. راستییەکەی ئەوە بوو سەرۆک لە ناخی دڵەوە حەزی بە قاچە گەورەکانی خۆی بوو، ئەسڵەن ئەو حەزی بە تەواوی ئەو شتانە بوو کە دەیانتوانی ئەو لە هاوڕێیان و لە خەڵکی تر جودا بکەنەوە، ببنە هۆی ناوبانگ و دەسەڵاتی زیاتری. قاچەکانیش لە هەمان رەگەز بوو. نایەتەوە بیری کە قاچەکانی لە کێ دەچوون، لە لاقەکانی دایکی، باوکی، خاڵۆ و مامەکانی، یان خزمانی تر؟ هەڵبەت گرینگ نەبوو. لاقەکانی تەنیا لە هی خۆی دەچوون! ئەسڵەن خوا ئەمەی پێدابوو، چونکە دەبا رۆژێک لە رۆژەکان ببێ بە سەرۆک. کە ببوویش! هەر خودی خودایش کاتی خۆی بیری لەوە کردبووەوە کە هەر ئەم لاقانە دەبنە هۆی دەرچوون و رزگاربوونی لە دەریا ترسناکەکە "ئای خودای مەزن و دلۆڤان!"

سەرۆک کە چەندین رۆژ بە رێگاوە بوو و پلانەکەیان بە هۆیەکی نەخوازراو دوواکەوتبوو، هەر گەیشتنە شارە گەورەکەی تەنیشت دەریا بەناوبانگەکە، لە ناو ژوورە پەرپوت و چۆڵ و ساردەکەی باڵاخانەکەدا خۆی بە عەرزدا دا و، دوو شەو و دوو رۆژ خەوت. کە خەبەری بووەوە، سێ ژەمی لەسەر یەک لە یەکێک لەو رێستورانانەدا کرد کە مۆسیقا و ئاوازێکی خۆشیان بە زمانێکی نائاشنا بڵاودەکردەوە. نازانێ بۆ، بەڵام لەناکاو شتێکی خڕ و تاڵ بەربینگی گرت و سەرۆک بە بێ ویستی خۆی کەوتە گریان. گریانێکی سوێر. دووای ئەوەی لە ئاودەست جوان سەروچاوی خۆی شۆرد و لە ئاوێنەکەدا دوو سێ جوێنی مزری بە خۆی و بە رابردووی خۆی دا، بڕیاری دا پێش ئەوەی بچێتە ناو بەلەمی پێڵاوەکەیەوە و بەسەر

دەریا کەوێ، قەحبەخانەکەی شار بدۆزێتەوە و شەوێکی تێرو تەسەل لەگەڵ سۆزانییەک بباتە سەر. چەندە دۆزینەوەی قەحبەخانەکەیش ئاسان بوو! ئاخر سەرۆک هەر ئەوەندەی لووتی هەڵبێنایە و کەمێک مڵ و مۆی بکردایە، دەستبەجێ بۆنی جیاوازی سۆزانییەکانی لە هەوادا دەبینییەوە. راستییەکەی ئەوە بوو سۆزانییەکان خاوەنی بۆنێکی تایبەت بوون. بە درێژایی تەمەنی زۆر جار ویستبووی وەسفێکی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام قەت نەیتوانیبوو، کەچی ئیستاکە کتوپڕ وشەکان هاتبوون "تێکەڵێک لە شەهوەت، هاوڕێیان، شۆڕش و ئارەقەی لەش!" سەرەڕای تاسە و حەزی بێ پایانی، ئەو شەوە تەنیا یەک جار چووە لای سۆزانییەکە، کە ئافرەتێکی کەڵەگەتی سوور و سپیی چاو سەوز بوو، بەو قژە زەردانەوە کاتێک بە ناز سەری دەجوڵاند، وەک ئاوی دەریا شەپۆلی دەدا و بە سەر بەستێنی سەریا رادەبوون و رادەخووشان. تەواوی شەو، لە پشت دیواری دووکەڵی جگەرە و بۆنی توند و غەریبی ناو ژوورەکە، لە سیمای ناسکی رووانیبوو،... بێ پایان.

دوو رۆژ دوواتر قاچاخچییەکە هاتبوو. سەرۆک بڕیاری دا جگە لە جانتایەکی بچوک کە خرت و پرتی رۆژانەی تیابوو، هیچی تر لە گەڵ خۆی هەڵنەگرێ. قاچاخچییەکە پێی گوت لە هەمان شوێنەوە بەڕێت ناکەم خەڵکی تری لێوەدەکەم. ئەوسا چووبوونە شوێنێک کە ئاوەکە پەنجا مەترێکی لە زەوی دڕیبوو و هاتبووە پێش، بەو بەردە رەش و گرینج گرینج و لێرە و لەوێ گیا لەسەر رووەوانەوە، وەک دیواری قەڵای کۆن بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون.

سەرۆک سەیری دەریاکەی کردبوو. سەری لە بەرینایی بێ سنووری سوڕمابوو. باوەڕی نەدەکرد کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە سەرزەمینی خۆشبەختی دەبێ لە

بەرینایییەکی بێ سنوور بپەڕێتەوە "باشە نەدەکرا ئەم بێ سنوورییە خودی خۆشبەختی بێت؟" بیری سەردەمی گەنجیەتی خۆی کەوتەوە، کاتێک پلانە گەورەکان بەرۆکیان پێ گرتبوو "باشە بەڕاستی ئەو خەونانە چۆن هاتن؟" بۆ ئەوێک کە قەت لە ژیانیدا دەریای نەبینیبوو، تێکەڵبوون بە خەونە گەورەکان لەلای سەیر و سەمەرە بوو. بیری کردەوە گەر رەنگە تەنیا یەک جار لە ژیانیدا چاوی بە دەریا کەوتبا، قەت ژیانی بەو ئاقارەدا نەدەڕۆیشت کە رۆیشت!

ـ "ئاه دەریا!"

ئارام پێڵاوەکانی داکەند. سوار راستیان بێت یان چەپ؟ قامکێکی خستە سەر چەناگەی و راما. چۆن هەڵیانبژێرێ؟ ئەو کە لە سیاسەتدا هەمیشە رقی لە راست و چەپ بووە و پێی وابووە ناولێنانێکی هەڵەیە، پێڵاوی راستی هەڵبژارد. نەک ئەخلاق، بەڵکوو هەموو پەیامبەرکان هەر لە کۆنەوە لە کتێب و لە قسەکانیاندا باسیان لە رێگای راست کردووە! سەرۆک وەک هەمیشە رێگای راست هەڵدەبژێرێ، ئەگەرچی بەم هەڵبژاردنە قەت بە دڵخوازی خۆی بە ئاکام نەگەیشتبوو، بەڵام دڵنیایە ئەمجارە دەیگەیەنێ. لای ئەو مەنتق حوکم دەکا لانیکەم بۆ یەکجاریش بێت دەبێ یەک لە هەڵبژاردنەکان مەبەستی خۆی بپێکێ، بە تایبەت بۆ کەسێک کە لە دووا قۆناخی تەمەندا بێت.

لە پێڵاوەکەدا بە ئاسانی جێی دەبێتەوە. باوەڕی نەدەکرد یەکجار ئەوەندە قاچی گەورە بێت. ئەوجا قاچاخچییەکە بۆ ئەوەی سووکتر بێت، پێی دەڵێ کەمێک لە جلو بەرگەکانی بەری دابکەنێ، ئەویش نەک تەنیا جلە زیادییەکان، بەڵکوو هەر هەموویان دادەکەنێ و بە توێی دەرپێیەکی کورتەوە دادەنیشێ! قاچاخچییەکە پێی دەڵێ دەریا ساردە، بە تایبەت بە شەودا، بەڵام سەرۆک گوێی لێ نیە. لای ئەو سارد

و گەرما چێشتن بەشێک لە رێگای گەیشتن بە وڵاتی خۆشبەختییە. قاچاخچییەکە دوو سەوڵی دەداتە دەست. پێی دەڵێ دەبێ وەک یەک و هاوئاهەنگ بئاژوێ. سەرۆک کە لە دونیادا یەکجار رقی لە نەسیحەت کردن بووە، سەرهەڵناهێنێ سەیری رێ پێشاندەرەکەی بکات.

ئەوسا بە توێی شۆرتێکەوە لە ناو پێڵاوە جادووییەکەدا، بارستایی و مقاومەی شەپۆلە دڕ و خرۆشانەکان دەبڕێ، دەیانشکێنێ و یەک نەفەس دەچێتە پێش. دەریا کە سەرەتا پاڵی پێوەدەنا بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە، کتوپڕ باوەشی بۆ دەکاتەوە و وەک پانتاییەکی ئەفسووناوی لە ئامێزی دەگرێ. بە هەر سەوڵ لێدانێک، زیاتر بانگی لێدەکا.

سەرۆک هەتا دێت زیاتر لە نوقتەیەک دەچێ. خاڵێک لە پانتایی زەردی ئێوارانی دەریادا. قاچاخچییەکە خەنی لە کەسابەتی ئەمجارەی، هەوڵدەدا ژمارە تەلەفۆنی هەرچی سەرۆکی دونیایە پەیدایان بکا و لە لاپەڕەیەکی تایبەتیدا بیانووسێ و هەڵیانگرێ.